لاپەڕە


- خوێندنەوەی کتێبی ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ٢
- کورتەیەک دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی حەسەنی قزڵجی ٢٣
- کورتەیەک دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی محەمەدی میهری ٤٠
- خوێندنەوەی هەندێک لە تێکستەکانی کتێبی گەرمیان ٥٤
- چاوخشاندنێک بە کتێبی ((مێژووی هەورامان)) دا ٦٤
- بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٧٠
- کورتەیەکی بیۆگرافیی سوارەی ئێلخانیزادە ٨٣

**خوێندنەوەی کتێبی**
**(ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧)**

- پێداچونەوە و ڕاستکردنەوەی هەندێک لە هەڵەکانی -

"ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧" کتێبێکی (٣٤٨) لاپەڕەییە، "د. هیمدادی حوسێن" نوسیویەتی و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠٢ لە سلێمانی چاپیکردوە. لەسەر بەرگی ناوەوەی ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە "ئەم کتێبە نامەیەکی دکتۆرایە لەلایەن نوسەرەوە بۆ ئەنجومەنی کۆلیجی زمان لە زانکۆی سلێمانی بە سەرپەرشتی پ. د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ ئامادەکراوە".
ئەم کتێبە بەسەر چوار فەسڵدا دابەشکراوە:
فەسڵی یەکەم - "مێژووی ئابووری و سەربازی و پەروەردەو فەرهەنگی و دێمۆکراسی کوردستانی ڕۆژهەڵات ١٩٤٢ - ١٩٤٧".
فەسڵی دووەم - "چاپخانە و ڕۆژنامەنوسیی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان".
فەسڵی سێیەم - "ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بە زمانی فارسی لە دەرەوەی کۆمارو هاوکاری نووسەرانی کوردستانی باشوور لەگەڵ ڕۆژنامەنوسیی کۆماردا".
فەسڵی چوارەم - "ڕۆژنامەنووسیی سەردەمی کۆمارو ئەدەبیاتی کوردی".
هەرچەند کتێبەکە لە ٢٠٠٢ دا چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام من لە ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/١٥ دا دەستمکەوت. پاش ئەوەی کە بە وردیی خوێندمەوە، بڕیارمدا کە بەشێک لە هەڵەکانی ڕاست بکەمەوە و هەندێک لە باسەکانی زیاتر ڕون بکەمەوە. دەبێت ئەوەش بڵێم کە من نامەی دوکتۆراکەم نەدیوە و نازانم جیاوازیی لەگەڵ ئەم کتێبەدا هەیە یان نا؟! خودی نوسەرەکەشی ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردوە کە ئاخۆ نامەی دوکتۆراکەی وەک خۆی چاپکردوە یان گۆڕانکاریی تیادا کردوە! لەبەر ئەوە سەرنجەکانم بەپێی دەقی ئەم کتێبە دەنوسم، نەک بەپێی نامەی دوکتۆراکە!
سەرەتا بەپێویستی دەزانم کە چەند سەرنجێکی گشتیی دەربارەی کتێبەکە بخەمە ڕو:

**یەکەم :**
ناوی کتێبەکە بەم جۆرەیە "ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧". لای هەمومان ڕۆشنە کە ماوەی حوکمڕانیی کۆماری کوردستان، کەمتر لە ساڵێک بوە. ئەگەر ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٤٦/١/٢٢ بە ڕۆژی دامەزراندنی و ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٤٦/١٢/١٧ بە ڕۆژی کۆتایی هاتنی دابنێین، ئەوا دەتوانین بڵێین کە کۆماری کوردستان تەمەنی نزیکەی (١١) مانگ بوە. بەڵام هەروەک لە ناوی کتێبەکەدا دەردەکەوێت، سنوری مێژویی ئەم لێکۆڵینەوەیە (ساڵی ١٩٤٢ هەتاکو ساڵی ١٩٤٧)ە. لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە بڵێین هەر لە خودی ناوی کتێبەکەدا، ناکۆکییەک هەیە!

چونکه سنوره مێژوییەکەی "ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان" دەکاتە ماوەی نێوان (١٩٤٦/١/٢٢ هەتاکو ١٩٤٦/١٢/١٧) نەک (١٩٤٢ ـ ١٩٤٧). هەرچەند نوسەر لەسەرەتای کتێبەکە، لە لاپەڕە (١٢)دا بە کورتی باسی ئەوەی کردوە کە لێکۆڵینەوەکەی لە دامەزراندنی "کۆمەڵەی ژ. ک."ەوە دەستپێدەکات هەتاکو ڕۆژی لەسێدارەدرانی قازییەکان لە ١٩٤٧/٣/٣١، بەڵام ئەم ڕونکردنەوەیە ناتوانێت ئەو ڕاستییە وەلابنێت کە ناوی کتێبەکە ناکۆکی تێدایە! بۆ نمونە ئەگەر ناوەکەی بەم جۆرە بوایە: "ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢ ـ ١٩٤٦/١٢/١٧ و لە پێشەکییەکەیدا ئەوەی ڕونبکردایەتەوە لەبەر ئەوەی "کۆمەڵەی ژ. ک." و کۆماری کوردستان پەیوەندییەکی تەواویان بەیەکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترین، واپێویست بوە کە لەسەرەتادا باس لە گۆڤاری نیشتمان و بڵاوکراوەکانی دیکەی کۆمەڵەی ژ. ک. بکرێت. ئەوسا کەس سەرنجێکی ڕەخنەگرانەی لەو جۆرەی نەدەبو. تەنانەت ئەگەر ناوەکەی بەم جۆرەش بوایە: "ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ١٩٤٣ـ ١٩٤٦" تاڕادەیەک دروستتر بو لەوەی کە لەسەر ئەو کتێبە نوسراوە! چونکە هیچ بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵەی ژ. ک. پێش ساڵی ١٩٤٣ دەرنەکراوە و هیچ بڵاوکراوەیەکی کۆماری کوردستانیش پێی نەناوەتە ساڵی ١٩٤٧! کتێبەکەش (یان لێکۆڵینەوەکە) تایبەتە بە "ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان" نەک "ڕوداوە مێژوییەکانی" ئەو سەردەمە.

**دوەم:**

باشتر بو نوسەری ئەم کتێبە "وەکو سەرچاوە" ڕاستەوخۆ سودی لە کتێبی " The Kurdish Republic of ١٩٤٦"ی ویلیام ئیگڵتۆن،(١) هەروەها " The Kurdish Republic of Mahabad "ی ئارشێ ڕۆزڤێلت،(٢) وەربگرتایە کە لە دەیان لاپەڕەدا زانیاریی لێیانەوە وەرگرتوە، بەڵام نەک لە تێکستە ئینگلیزییەکانیانەوە! بەڵکو لەو وەرگێڕانە پڕ لە هەڵە و کەموکوڕییانەوە کە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت پشتیان پێببەستێت. باوەڕیش ناکەم پەیداکردنیان لە ناوەوەی وڵات کارێکی هێندە سەخت بوبێت! وەکو من بزانم کتێبەکەی ویلیام ئیگڵتۆن لە کتێبخانەی هەندێک کەس و لە کتێبخانەکانی زانکۆکانی کوردستان پەیدا دەبێت. بۆ نمونە ساڵانی١٩٨٧ـ ١٩٩٠ چەندین جار لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی وەرمگرتوە، تا جارێکیان سەرجەم کتێبەکەم کۆپیکرد، کە تا ئێستاش ئەو کۆپییەم ماوە. یاخود دەیتوانیی سود لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی مامۆستا جەرجیس فەتحوڵڵا وەربگرێت، کە زۆر لە وەرگێڕانە کوردیی و فارسییەکەی سەید محەمەدی سەمەدی باشترە.(٣) وتارە درێژەکەی "ئارشێ ڕۆزڤێلت"یش ئەگەرچی یەکەمجار ساڵی ١٩٤٧ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دواتر وەک نامیلکە و لە چەند گۆڤاری ئینگلیزییدا سەرلەنوێ چاپکراوەتەوە.(٤)

**سێیەم:**
لەم کتێبەدا ئەگەر وێنەی کەسەکان و کلێشەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و دەقی ئەو پەرەگرافانە کە لە وتار و لێکۆڵینەوەی کەسانی دیکەوە وەرگیراون، لابدەین، دەبینین لێکدانەوە و ڕونکردنەوە و سەرنجەکانی نوسەرەکەی ئەوەندە نین کە بۆ نامەی دوکتورایەک بەشبکەن! دەبوا لێکدانەوە و ڕونکردنەوەی نوسەری ئەم کتێبە، پانتاییەکی زیاتری لە لێکۆڵینەوەکەدا بگرتایە. کاتێک مرۆڤ بەوردیی کتێبەکە دەخوێنێتەوە گەلێک باس و بابەتی ئەوتۆ دێنە بەرچاوی کە دەبوا زیاتر ڕونبکرانایەتەوە، کەچی بە چەند دێڕێک و بە زانیارییەکی کەمەوە بەڕێکراون! {پاشان ئاماژە بۆ هەندێک لەو باسانە دەکەم کە پێویستبو زیاتر ڕونبکرانایەتەوە}.

**چوارەم:**
لەم کتێبەدا بەم جۆرە ڕیزبەندییە، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان کۆڵراوەتەوە: (گۆڤاری نیشتمان، گۆڤاری هاواری کورد، گۆڤاری هاواری نیشتمان، گۆڤاری هەڵاڵە، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد، گۆڤاری کوردستان)، ئنجا ڕۆژنامەی (کوردستان) و بەدوای ئەویشدا دەربارەی ڕۆژنامەی (کوهستان)ی نوسیوە.(٥)
سەبارەت بەو بەشە ئەم تێبینیانەم هەیە:
١ـ لە لێکۆڵینەوەی زانستییدا زۆربەی جار واباشترە کە لێکۆڵەر بەپێی (زنجیرەی مێژویی) لە ڕوداو و باسەکان بکۆڵێتەوە. نوسەری ئەم کتێبەش هەروەک لە لاپەڕە (١٤)دا ئاماژەی بۆکردوە، ویستویەتی هەمان میتۆد پەیڕەو بکات. بەڵام کاتێک سەرنج دەدەین، نەیتوانیوە بە دروستیی پەیڕەوی ئەو میتۆدە بکات. ئەگەر ئەوەی ڕەچاوبکردایە ئەوسا گۆڤارەکان بەجیا و ڕۆژنامەکانی بەجیا دانەدەنا! بەڵکو هەموویانی بەپێی زنجیرەی مێژوییان دادەنا و بەرودوا لێیانیدەکۆڵییەوە. تەنانەت بۆ گۆڤارەکانیش زنجیرەی مێژویی لەبەرچاو نەگرتوە، ئەگینا گۆڤاری هەڵاڵەی نەدەخستە دوای گۆڤاری هاواری نیشتمان و گۆڤاری (کوردستان)ی نەدەخستە کۆتایی! باشتر وابو کە سەرجەم گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بەپێی مێژوی دەرچونی (یەکەمین ژمارە)یان بەرودوا ڕیزبکردایە، پاشان دەربارەی هەریەکەیانی بنوسیایە. بەو پێیە دەبوا گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەم جۆرە ڕیز بکرانایە:
(١) گۆڤاری نیشتمان، یەکەم ژمارەی لە سەرەتای مانگی جولای ١٩٤٣دا دەرکراوە.
(٢) ڕۆژنامەی (نامەی هەفتەگی کوهستان) یان (نامەی کوهستان)، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی دو شەممە ٧ی اسفند ١٣٢٣ (١٩٤٥/٢/٢٦)دا دەرکراوە.
(٣) گۆڤاری هاواری کورد، یەکەم ژمارەی لە ڕەزبەری ١٣٢٤ (کۆتایی سێپتێمبەر ـ سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٤٥)دا دەرکراوە.
(٤) گۆڤاری کوردستان، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٥/١٢/٦دا دەرکراوە.
(٥) ڕۆژنامەی کوردستان، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/١/١٠دا دەرکراوە.
(٦) گۆڤاری هەڵاڵە، یەکەم ژمارەی لە ڕەشەمەی ١٣٢٤ (کۆتایی فێبروەری ـ سەرەتای

مارتی ١٩٤٦) دا دەرکراوە.
(٧) گۆڤاری هاواری نیشتمان، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/٣/٢١دا دەرکراوە.
(٨) گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی یەک شەممە ١٩٤٦/٤/٢١دا دەرکراوە.
٢ـ پێویست بو ڕاستەوخۆ دوای گۆڤاری نیشتمان، دەربارەی گۆڤاری (ئاوات)ی بنوسیایە، چونکە ئەم گۆڤارەش بەیەکێک لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژ. ک. دادەنرێت و پاش وەستانی گۆڤاری نیشتمان، لە ئۆگوستی ١٩٤٤دا لەلایەن محەمەدی شاپەسەندییەوە تاقە یەک ژمارەی لێدەرکراوە. {دواتر دەچمەوە سەر باسی ئەم گۆڤارە}.
٣ـ لەهەندێک کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەدا، لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستاندا ناوی (ئاگر - Agir)یش هاتوە، بەبێ ئەوەی لە هیچکامیاندا زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی نوسرابێت. گرنگترینی ئەو سەرچاوانە، کتێبی "The Kurdish Republic of ١٩٤٦"ە.(٦) دەبوا لەم کتێبەدا کە تایبەتە بە ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری کوردستان، سەرنج و ڕونکردنەوەیەک دەربارەی (ئاگر) بنوسرایە. لەو باوەڕەدام کە ویلیام ئیگڵتۆن لەخۆیەوە ئەو ناوەی لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستان دا نەنوسیوە! بەڵکو ناوەکانی لە کەسانی شارەزای ئەو سەردەمە وەرگرتوە. وای بۆ دەچم ئەم بڵاوکراوەیە ناوی (ئاگری) بو بێت و لە ماوەی حوکمڕانیی کۆماردا دەرکرابێت. {شایانی باسە ساڵی ١٩٩٨ لە وتارێکی کورتدا سەرنجی ڕوناکبیران و لێکۆڵەرانی کوردم بۆ ئەوە ڕاکێشاوە}.(٧)
٤ ـ لە ژمارە ٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا کە لە ڕۆژی شەممە ١ی پوشپەڕی ١٣٢٥ (١٩٤٦/٦/٢٢)دا دەرکراوە، لە لاپەڕە (٢)دا ئاگادارییەک لە لایەن "دڵشادی ڕەسوڵی"یەوە بڵاوکراوەتەوە و تیایدا ڕایگەیاندوە کە نیازی ئەوەی هەیە گۆڤارێکی مانگانە بەناوی "زانست Zansist"ەوە دەربکات، جا بەو بۆنەیەوە داوای هاوکاریی لە نوسەران کردوە کە بە بابەتی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بۆ گۆڤارەکە بنێرن. دەقی ئەو ئاگادارییە بەم جۆرەیە:

بۆ زانین
زانست
Zansist
گوواری زانست گوواریکی زانستی، کومەلایەتی، تربیتی ئەدەبیە لە مانگی پووشپەڕی سالی ١٣٢٥ وە مانگی ژمارەییک وەدەردەکەوی. لە نوسەرانی بەرزی کوردستان تکا دەکەین مقالاتی ادبی زانستی کومەلایەتی تربیتی بە نشانی (وزارەت فەرهەنگ دەفتەری گوواری زانست) بومان بنیرن تا لە گوواری زانست دا دەرج بکری.

مدیری مسئول و خاوەنی امتیاز دلشاد رسولی
ئەگەر بێت و پاش ئەم ئاگاداریيە، ئەم گۆڤارە دەرکرابێت، ئەوا پێویستە ناوەکەی لە دوای "گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد" بنوسرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە تا ئێستا هیچ ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە نەدۆزراوەتەوە و دەستنەخراوە، ناتوانین لە خۆمانەوە ناوەکەی لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا تۆماربکەین!
٥ ـ لەم کتێبەدا کە دەربارەی "گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستان"ە، (٢٦) لاپەڕە دەربارەی (نامەی کوهستان) نوسراوە (ل ١٦٩ هەتاکو ل ١٩٥)، لە حاڵێکدا ئەو ڕۆژنامەیە لە "تاران" و بە زمانی "فارسی" دەرکراوە! بەڵام کەمتر لە (١٤) لاپەڕە دەربارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی کۆماری کوردستان نوسراوە! ئایا دەبێت لەکتێبێکی ئاوادا کە دەربارەی"گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستان"ە، (٢٦) لاپەڕە دەربارەی (نامەی کوهستان) بێت، بەڵام (١٤) لاپەڕە دەربارەی ڕۆژنامەی کوردستان بێت! جێی سەرنجە کە نوسەری ئەم کتێبە کاتێک لە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی کۆڵیوەتەوە، لە یەکەم پەرەگرافدا نوسیویەتی: "یەکێک لەکارە هەرە گرنگ و پڕ بایەخەکانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان لە ڕوی ڕۆشنبیری و کلتورییەوە دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان)ە، هەوڵدانێکی سەرکەوتو بو، بناغەدانانێک بو بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کوردی، کە ئەرکێکی قورس و توانایەکی ماددی و مەعنەوی زۆری گەرەکە ...". باشە کە ئەو ڕۆژنامەیە هێندە گرنگ بوە، چۆن تەنها بەوەندە بەڕێکراوە! بەراوردێکی دیکە بۆ سەلماندنی ئەو لاسەنگییە ئەوەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان (١١٤) ژمارەی لێدەرکراوە، بەڵام (نامەی کوهستان) کەمتر لە (٩٠) ژمارەی لێدەرکراوە. جێی سەرنجە کە لەم کتێبەدا (٢٦) لاپەڕە دەربارەی (نامەی کوهستان) نوسراوە، بەڵام لەهەمو ئەو جێیانەدا کە ناوی ڕۆژنامەکە یان هەفتەنامەکە هاتوە، تەنها (کوهستان) نوسراوە! ڕاستییەکەی ناوەکەی (نامەی هەفتەگی کوهستان) بوە، نەک (کوهستان)! بەڵام لە سەروتاری یەکەم ژمارەیدا و لە هەندێک وتاری دیکەدا تەنها (نامەی کوهستان) نوسراوە و ئێمەش دەتوانین هەر بەو جۆرە بینوسین. {پاشان دەچمەوە سەر ئەم باسە، لێرەدا هەر ئەمەندە بە پێویست دەزانم}.
٦ـ وەکو سەرنجم داوە لەسەر هەندێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان مێژوە(زایینییەکان) بە هەڵە نوسراون. دەرک نەکردن بەم حاڵەتە زۆر کەس لەوانەی بە هەڵەدا بردوە کە دەربارەی ئەو ڕۆژنامەیەیان نوسیوە! تا ئێستا من کۆپیی (٦٤) ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەم دەستکەوتوە و سەرنج و تێبینیم دەربارە نوسیوە. لەسەر هەندێک ژمارە (بەتایبەت ژمارەکانی دوایی) تەنها مێژوی هەتاوی نوسراوە. لەسەر گەلێک ژمارەشی مێژوی هەتاوی و کۆچی و زایینیش نوسراوە. بەڵام لەسەر هەندێک ژمارەی مێژوە زایینییەکە بە هەڵە نوسراوە. لێرەدا (وەک نمونە) ئاماژە بۆ چەند دانەیەک لەوانە دەکەم:
یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/١/١٠دا دەرکراوە، بەڵام لەسەر خودی ئەو ژمارەیە ١١ی ژانویە ١٩٤٦ نوسراوە.
ژمارە ٢ی لە ڕۆژی شەممە ١٩٤٦/١/١٢دا دەرکراوە، لەسەر ئەو ژمارەیە ١٣ی ژانویە

١٩٤٦ نوسراوە.
ژمارە ٥ لە ڕۆژی شەممە ١٩٤٦/١/١٩دا دەرکراوە، لەسەر ئەو ژمارەیە ٢٠ی ژانویە ١٩٤٦ نوسراوە.

**پێنجەم:**
لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا دەسنیشانکردنی سەرچاوە بەگشت زانیارییەکانیەوە، خاڵێکی گرنگە و دەبێت بەوردی ڕەچاوبکرێت. ئەگەر دیقەتی پەراوێز و سەرچاوەکانی ئەم کتێبە بدەین، دەبینین هەندێک لە سەرچاوەکان بەتەواوی و دروستیی نەنوسراون. من لای خۆم چەند دانەم لەوانە دەسنیشانکردوە، بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ دوان لەوانە دەکەم:
١ـ لە ل (٢٥٩)دا بۆ ژیاننامەی دڵشادی ڕەسوڵی سودی لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری بەیان وەرگرتوە و لە ل (٢٨٢)دا لە پەراوێزی ژمارە (٤٨)دا بەم جۆرە ئاماژەی بۆ کردوە: "گ بەیان، ژ ١٤٨، ١٩٨٨، ل ٨٠". دەبینین نە ناوی نوسەر و نە ناوی وتارەکەی نەنوسیوە!
٢ـ لە ل (٥٥)، لە پەراوێزی (٩)دا ئاماژەی بۆ چەند سەرچاوەیەک کردوە، یەکێکیان وتوێژێکی ڕۆژنامەییە کە محەمەد فەریق حەسەن و کەژاڵ ئەحمەد ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ "محەمەدی شاپەسەندی"دا سازیانکردوە. لەوێدا سەرچاوەکە بەم جۆرە دەسنیشانکراوە: "محەمەدی شاپەسەندی، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ٢٤، ١٩٩٢/٥/٢٤، ل٧". ڕاستتر و دروستتر بو کە بەم جۆرە بینوسیایە: "گفتوگۆیەک لەگەڵ سەربازی نەناسراو محەمەدی شاپەسەندی، ئامادەکردنی: محەمەد فەریق حەسەن و کەژاڵ ئەحمەد، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، خولی دوەم، ژمارە ٢٤، ١٩٩٢/٥/٢٤، ل٧". هەرچەند لەم کتێبەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، لە ڕاستیدا ئەو وتوێژە دو بەشە، بەشەکەی دیکەی لە هەمان ڕۆژنامە، لە ژمارە ٢٥، ١٩٩٢/٥/٣١دا بڵاوکراوەتەوە. شایانی باسە محەمەد فەریق حەسەن لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"شدا دەربارەی ڕۆڵی محەمەدی شاپەسەندی لە بواری کاری چاپەمەنییدا نوسیوە.(٨)

**شەشەم:**
لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا دەسنیشانکردنی سەرچاوەی ئەو وێنە و دۆکۆمێنتانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا سودیان لێوەرگیراوە خاڵێکی گرنگە و دەبێت بەئەمانەتەوە ڕەچاوبکرێت. لەم کتێبەدا ئاماژە بۆ سەرچاوەی هیچکام لە وێنەکان نەکراوە. هەروەها لە ل (٥٢)دا کۆپیی بەیاننامەیەکی کۆمەڵەی ژ. ک. بەرچاو دەکەوێت، بەبێ ئەوەی ئاماژەی بۆ سەرچاوەکەی کردبێت! وەکو من بزانم کۆپیی ئەو بەیاننامەیەی لە کتێبی "نگاهی به تاریخ مهاباد"، نوسینی: سەید محەمەدی سەمەدی، وەرگرتوە.(٩) لە ل (٢٣)شدا کۆپیی وێنەیەکی سەردەمی کۆمەڵەی ژ. ک. بەرچاو دەکەوێت کە ئاماژەی بۆ سەرچاوەکەی ئەویش نەکردوە! دڵنیام کە ئەو وێنەیەی لە ل (٦٥٩)ی کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی"، نوسینی:

عەلی کەریمی، وەرگرتوە.(١٠) لێرەدا بە پێویستی دەزانم ڕاستییەک بخەمە ڕو، ئەویش ئەوەیە کە ئەو وێنەیە و چەند وێنەی زۆر بەنرخی دیکە، کە زۆربەیان هی دەورانی چالاکیی(کۆمەڵەی ژ. ک.)ن، محەمەدی شاپەسەندی پاش ساڵەها ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری پاراستبونی و نەیهێشتبو بفەوتێن، ساڵی ١٩٩٨ بە ئەمانەتەوە داینی بە من کە بە سکانەر وێنەیان لێبگرمەوە و گەورەشیان بکەم. پاشان لە دەزگای "خاک" لە هەر وێنەیەکیان چەند دانەیەکمان لێ کۆپی کرد و وێنە ئۆریگناڵەکان و هەندێک لە کۆپییە گەورەکراوەکانم بۆ محەمەدی شاپەسەندیی گەڕاندەوە. دواتر بە ئاگاداریی خۆی کۆپیی (چەند) دانەیەکیانم بۆ عەلی کەریمی نارد، کە ئەودەم نیازی چاپکردنی کتێبەکەی هەبو. ئەوەبو پاشان وێنەکانی لە پاشکۆی کتێبەکەیدا دانابو، بەڵام بەهەر هۆیەک بو، ناوی محەمەدی شاپەسەندی وەک "خاوەنی وێنەکان" لەبیرکرابو! ئەو وێنانە لە کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی"دا لە ل٦٥٧، ٦٥٨، ٦٥٩، ٦٦٠ و ٦٧٦دا دانراون.

**حەوتەم:**

نرخ و بەهای لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە بەوە زیاد دەکات کە بەرلەهەرچی بە شێوەیەکی ورد و زنجیرەیی ئاماژە بۆ (پێشینەی مێژویی) ئەو باسە بکرێت کە نوسەرەکە مەبەستێتی لێیبکۆڵێتەوە. لەم کتێبەشدا باشتر و زانستییانەتر بو کە لە سەرەتادا، ئەگەرچی بە کورتییش بوایە، لە دوتوێی چەند لاپەڕەیەکدا ئاماژە بۆ پێشینەی ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بەرلە کۆماری کوردستان) بکرایە. هەرچەند لە هەندێک جێدا ئاماژەی لەو جۆرە بەرچاو دەکەون، بەڵام لە هیچ کامیاندا زانیاریی ورد و پێویست نەنوسراون و باسەکان بە شێوەی زنجیرەی مێژویی نین. بۆ نمونە لە ل (١٦٩)دا بەپشتبەستن بە چەند وتارێکی ئەحمەدی شەریفی کە لە هەفتەنامەی "ئابیدەر"دا بڵاویکردوەتەوە، ناوی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەی نوسیوە کە هەندێکیان نە لەدور و نە لە نزیک پەیوەندییان بە کوردەوە نییە و ئەحمەدی شەریفی لە خۆڕایی لە نێو ڕۆژنامەنوسی کوردیدا جێی بۆکردونەتەوە! {لەم ڕووەوە نامەم بۆ چەند کەسی شارەزا ناردوە. لەوەڵامی نامەکانمدا زانیاریی بەسود و باسنەکراویان بۆ نوسیوم، بەڵام بۆ ئەوەی لێرەدا باسەکە لەوە زیاتر درێژە نەکێشێت، هەڵیان دەگرم بۆ کات و شوێنی خۆیان}. هەروەها لە ل (٦٧)دا نوسیویەتی: "زۆربەی سەرچاوەکان، ڕۆژنامەنوسیی و چاپخانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، لە ڕووی مێژووییەوە، دەدەنە پاڵ ئەو هەوڵە جوامێرانەیەی نەوەی بەدرخانیەکان و بە تایبەتی (عەبدولڕەزاق بەدرخان) لە شاری (خوی)، کە لە ساڵی (١٩١٣)دا هەوڵیداوە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ئێراندا بە ناوی (کوردستان) بڵاوبکاتەوە...". لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە نوسەری ئەم کتێبە ئاگای لەوە نییە کە لە ساڵی ١٩١٠دا میسیۆنێکی مەسیحی لۆتەری گۆڤارێکی مانگانەی بەناوی "کوردستان میشنێری" بە زمانی ئینگلیزیی دەرکردوە و بەشی هەرە زۆری وتارەکانی تایبەت بون بە شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گەلێک ژمارەیدا وێنەی مەهاباد و خەڵکی مەهاباد بڵاوکراونەتەوە. ئەگەرچی ئەم گۆڤارە بە

ئینگلیزیی بوە و لە ئەمەریکا چاپکراوە، بەڵام چونکە هەمو بابەتەکانی پەیوەندییان بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری مەهابادەوە هەیە و بەشی زۆری وتار و وێنەکانی لە مەهابادەوە نێردراون، ناکرێت لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئاماژەی بۆ نەکرێت. لە هەندێک سەرچاوەشدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە چەند میسیۆنێرێکی ئەڵمانی لە مانگی ئاپریلی ١٩١٤دا لە ورمێ گۆڤارێکیان بە ناوی "کوردستان"وە دەرکردوە. جێی سەرنجە لە ل (٦٧) و (٦٨)دا چەند دێڕێکی دەربارەی ڕۆژنامەی "کورد" نوسیوە کە لە ورمێ لەلایەن (مەلا محەمەدی قزڵجی)یەوە، لە سەردەمی بزوتنەوەکەی سمایل خانی شوکاکدا دەرکراوە، لەوێدا نەینوسیوە ئەو ڕۆژنامەیە لە (چ ساڵ و مانگ و ڕۆژێک)دا دەرکراوە!

ڕاستکردنەوەی هەندێک لە هەڵەکانی نێو کتێبەکە:
* لە ل (١٢)دا نوسیویەتی "کۆمەڵی ژێ. کاف لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٤٢دا دامەزراوە". بەڵام لە ل (٢٤)دا (٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢)ی نوسیوە.
چەندساڵ لەمەوپێش لە لێکۆڵینەوەیەکم دا بەوردیی لە ناوی تەواوی (کۆمەڵەی ژ. ک.) و مێژوی دامەزراندنی و ناوی دامەزرێنەرەکانیم کۆڵیوەتەوە.(١١) لەوێدا بەبەڵگەوە سەلماندومە کە کۆمەڵەی ژ. ک. لە ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٤٢/٨/١٦ بەرامبەر بە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی دامەزراوە ، نەک ١٦ی ئەیلولی ١٩٤٢. هەروەها دەبوا بیزانیایە کە ٢٥ی گەلاوێژ دەکاتە (١٦ی ئاب)، نەک (١٦ی ئەیلول)!
* لە ل (٢٤) و (٨٧)دا وای بۆچوە کە پیتی (ژ) و (ک)ی ناوی "کۆمەڵەی ژ. ک." کورتکراوەی "ژیانەوەی کورد"ن. هەروەها لە دەیان لاپەڕەی دیکەشدا هەر "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"ی نوسیوە. لەو لێکۆڵینەوەیەمدا کە دەربارەی "کۆمەڵەی ژ. ک."ە لە ناوی تەواوی کۆمەڵەی ژ. ک.م کۆڵیوەتەوە. لەوێدا بەبەڵگەوە سەلماندومە کە کۆمەڵەی ژ. ک. کورتکراوەی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)بوە. ئەمەش یەکێک لە بەڵگەکان:
عەبدولڕەحمانی زەبیحی کە یەکێک لە دامەزرێنەران و ئەندامە چالاک و دیارەکانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ژ. ک. بوە، لە وتارێکی کورت و بەنرخدا کە ساڵی ١٩٦٠ بە عەرەبیی لە ڕۆژنامەی "خەبات"دا بڵاویکردوەتەوە، سەبارەت بە ناوی کۆمەڵەی ژ. ک.، هەڵەی "ئارشێ ڕۆزڤێڵت"ی ڕاستکردوەتەوە.(١٢) چونکە ئارشێ ڕۆزڤێڵت لەو وتارەیدا کە ساڵی ١٩٤٧ لە گۆڤاری " The Middle East Journal"دا بڵاوی کردوەتەوە، ناوەکەی بەم جۆرە نوسیوە: "کۆمەڵە ـ ی ـ ژیان ـ ی ـ کورد".(١٣) عەبدولڕەحمانی زەبیحی لە وتارەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە ئارشی ڕوزڤێلت بەهەڵە ناوەکەی نوسیوە، ئنجا نوسیویەتی: "ناوی دروستی کۆمەڵەی ژ. ک. بەم جۆرەیە: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کە دەبێتە حزب احیاء کردستان، نەک ژیانی کورد".(١٤) سەرنج دەدەین کە عەبدولڕەحمانی زەبیحی ئەگەرچی وتارەکەی بە عەرەبیی نوسیوە، کەچی ناوەکەی بە کوردی و عەرەبیش

نوسیوە، چونکە زانیویەتی گەلێک جار ناوەکەی بە هەڵە نوسراوە. دیارە تەنها مەبەستی ئەوە نەبوە کە هەڵەی ئارشێ ڕۆزڤێلت ڕاستبکاتەوە! بەڵکو ویستویەتی سەرنجی مێژونوس و ڕوناکبیرانی کوردیش بۆ ئەوە ڕابکێشێت و چیدیکە ئەو هەڵەیە چەندبارە نەبێتەوە!

* لە ل (٢٥)دا نوسیویەتی: "ئەوانەی لەدامەزراندنی (کۆمەڵە)دا دەوریان بو، ئەمانە بون: (١- ڕەحمانی حەلەوی. ٢- موحەممەد ئەمین شەرەفی. ٣- موحەممەدی نانەوا زادە. ٤- ڕەحمانی زەبیحی. ٥- حوسێنی فروهەر (زەڕگەری). ٦- عەبدولڕەحمانی ئیمامی. ٧- قاسمی قادری. ٨- مەلا عەبدڵڵای داودی. ٩- ئەحمەدی عیلمی. ١٠-عەزیزی زەندی. ١١- موحەممەدی یاهو. ١٢- میرحاج".

هەر لەدرێژەی ئەم باسەدا، لە ل (٥٤)، لەپەراوێزی (٦)دا نوسیویەتی: "ویلیام ئیگلتۆن جونێر، کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦، وەرگێڕانی سید محمد صمدی، ب١، ل١٤٤، و. ف، ل ٢٤٤. لەوەرگێڕانە فارسی یەکەدا، لەناوەکاندا ناوی قادری مودەریسی تێدایەو ناوی عەزیزی زەندی تێدا نی یە".

لێرەدا سەرنج دەدەین بۆ ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ. ک. پەنای بردوەتە بەر وەرگێڕانە کوردی و فارسییەکەی کتێبەکەی ویلیام ئێگڵتۆن، کە سەید محەممەدی سەمەدی وەریگێڕاوە. لە حاڵێکدا ئەو دو وەرگێڕانە هەڵە و کەموکڕییان یەکجار زۆرە. سەید محەممەدی سەمەدی لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا لەبریتی ئەوە کە بە ئەمانەتەوە و دەقاودەق کتێبەکەی ویلیام ئێگڵتۆن وەربگێڕێت، پاشکۆیەکی بۆ کتێبەکە زیادکردوە و چەند بەشی گرنگی کتێبە ئۆریگیناڵەکەشی فەرامۆشکردوە! ڕاستییەکەی ئەو ناوانەی کە لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا نوسراون، لە زمانی "عەبدولقادر مودەرسی"یەوە نوسراون و ئەو ناوانە نین کە ویلیام ئێگڵتۆن لە کتێبەکەیدا نوسیونی! {ئەم هەڵەیە بەسەر نوسەری ئەم کتێبەشدا تێپەڕیوە و دەرکی بەوە نەکردوە کە ئەو ناوانە لە زمانی عەبدولقادر مودەرسییەوە تۆمارکراون!}. جیا لەوەش ئەوەی کە لە چاپە کوردییەکەدا ناوی عەبدولقادر مودەرسی نەنوسراوە، ئەوە هەڵەی سەید محەممەدی سەمەدی بوە! لێرەدا دەگەینە ئەو باوەڕەی ئەگەر دەقە ئینگلیزییەکەی کتێبەکەی "ویلیام ئێگڵتۆن"ی لەبەر دەستدا بوایە، لایەنی کەم لەوە دڵنیا دەبو کە لەوێدا ناوەکان چۆن نوسراون!

ڕاستییەکەی ویلیام ئێگڵتۆن لەپاشکۆی کتێبەکەیدا، لە لاپەڕە (١٣٣)دا، ناوی دامەزرێنەرەکانی "کۆمەڵەی ژ. ک"ی بەم جۆرە نوسیوە:

"ڕەحمان حەلاوی، محەمەد ئەمین شەرەفی، محەمەد نانەوا زادە، ڕەحمان زەبیحی، حوسێن فروهەر (زەڕگەری)، عەبدولڕەحمان ئیمامی، قاسم قادری، مەلا عەبدوڵڵا داودی، قادر مودەریسی، ئەحمەد عیلمی، عەزیز زەندی، محەمەد یاهو، میرحاج (خەڵکی عیراق)".(١٥)

بەڵام وەک من بەم باسەوە خەریک بوم و لێمکۆڵیوەتەوە، چەند کەسێک لەوانەی کە ویلیام ئێگڵتۆن ناوی لەڕیزی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەدا نوسیوە، دواتر پەیوەندییان کردوە بەکۆمەڵەوە و لەدەستەی دامەزرێنەر نەبون، وەک: "ڕەحمان حەلاوی، محەمەد ئەمین شەرەفی، ئەحمەد عیلمی، محەمەد یاهو". هەروەها کە ناوی میرحاج و هەندێک جار ناوی مستەفا خۆشناو لە ڕیزی ناوی دامەزرێنەران نوسراوە، ئەوان ئەندام و نوێنەری حیزبی هیوا

بون. تەنانەت "عیزەت عەبدولعەزیز"یشیان لەگەڵ بوە و بەمەبەستی ڕێنوێنی و هاوکاریی ڕوناکبیرانی کورد لە کوردستانی ئێران، ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٢/٨/١٣ دەچنە شاری مەهاباد و چەند ڕۆژێک لە ماڵی حوسێن فروهەر دەمێننەوە. لە ڕێگای حوسێن فروهەر و عەبدولڕەحمانی زەبیحیەوە چاویان بەدەستەیەک لە کەسە ڕوناکبیرو چالاکەکانی شاری مەهاباد دەکەوێت و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەگەڵدا دەکەن. ئەوان سەرەتا نیازیان دەبێت لقێکی "حیزبی هیوا" لە موکریان دابمەزرێنن. پاش وتوێژ و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکە، دەگەنە ئەو باوەڕەی کە ڕێکخراوێکی دیکە دابمەزرێنن کە لەگەڵ "حیزبی هیوا" دا هاوبەرنامە و هاوئامانج بن. سەرەنجام ڕۆژی یەک شەممە ١٩٤٢/٨/١٦کۆمەڵەی ژ. ک."کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" دادەمەزرێنن. حوسێن فروهەر بە سەرۆک و عەبدولڕەحمانی زەبیحی بە سکرتێری کۆمەڵە هەڵدەبژێردرێن. (١٦) پاش سێ ساڵ تێکۆشانی بەردەوام، ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٥/٨/١٦ لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ. ک.، حیزبی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنرێت.

"عەزیز زەندی"ش لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵە نەبوە، چونکە عەزیز زەندی بەر لەوەی کۆمەڵەی ژ. ک دابمەزرێنرێت، هەر ئەو دەم کە بەناوی "حیزبی ئازادیخوازی کوردستان"ەوە کاریان کردوە، لەگەڵ چەند کەسی هاوبیروباوەڕی خۆی لە حیزبەکە چونەتە دەرەوە و بەجیاکاریان کردوە.(١٧)

* لە ل (١٣)دا وای دەربڕیوە کە توانیویەتی (لەسەدا نەوەدی - ٩٠%) گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بەدەستبێنێت! نازانم ئەو ڕێژەیەی لە کوێ هێناوە و چۆنی لێکداوەتەوە! ئاخۆ لە (١١٤) ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان چەند ژمارەی دەست ئەو کەوتوە؟ یان لە سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری کوردستان چەند ژمارەی دەست ئەو کەوتوە؟ هەروەها چەند ژمارەی (نامەی کوهستان، گۆڤاری هاواری کورد، گۆڤاری هاواری نیشتمان، گۆڤاری ئاوات، گۆڤاری هەلاڵە و گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد)ی دەستکەوتوە؟.. لەوباوەڕەدام کە ئەو ڕێژەیە، واتە (٩٠%)، زیادەڕۆیی تیادایە و لە ڕاستییەوە دورە. باشتر بو نوسەری ئەم کتێبە وردتر و ڕیالیستیانە ئەو لایەنەی لێکبدایەتەوە!

* لە ل(٢٢)دا نوسیویەتی: "لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٤١ دا سۆڤیەت و ئینگلستان بەناوی هێزی هاوپەیمانانەوە ئێرانیان داگیرکرد". ڕاستییەکەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا لە ڕۆژی دو شەممە ڕێکەوتی ١٩٤١/٨/٢٥ دا شاڵاویان کردە سەر ئێران، نەک ٢٥ی ئەیلولی ١٩٤١.

* لە باسی "باری پەروەردەو فەرهەنگی"ی کۆماری کوردستاندا لە ل(٣٨) و (٣٩)دا نوسیویەتی:"لە بواری ڕۆشنبیریدا جووڵانەوەی شانۆیی گڕو تینێکی تازەی بە خۆوە بینی و لەوماوە کورتەدا سێ شانۆگەری کوردیی نمایش کران... شانۆگەری صلاح الدین، لە نووسینی پێشەوا قازی محەمەدە، کە لە شاری مەهاباد پێشکەش کراوەو سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە... شانۆگەری دووەم بەناونیشانی(دایکی نیشتمان)ە، کە لە نووسینی پێشەوا قازی محەمەدەو لەمەهاباد پێشکەشکراوە...". لە ل (٤٠)دا نوسیویەتی: " شانۆگەری

سێیەم، لە شاری سەقز، لە ١٩٤٦ لە دەبیرستانی شاهپوور بە ناوی(تەبیبی ئیجباری) لە نوسینی مۆلێیر پێشکەشکراوەو داهاتی شانۆگەرییەکەش بۆ خوێندکارە هەژارەکان بووە...
شانۆگەریی (دایکی نیشتمان) گومان هەیە لەوەی قازی محەمەد نوسیبێتی، من بۆ خۆم لە(کامەران موکری)م بیستوە لە شانۆگەری ناوبراودا ڕۆڵی بینیوە و لەمەهاباد و شارەکانی دیکەدا پێشکەشیان کردوە".
لێرەدا چەند باس و ڕوداوێک تێکەڵکراون. هەوڵدەدەم هەندێکیان ڕون بکەمەوە:
یەکەم ـ شانۆگەریی سەلاحەدین و دایکی نیشتمان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا پێشکەش نەکراون و بە هەڵە لەم کتێبەدا لە ڕیزی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی کۆماردا دانراون! بەپێی هەندێک بەڵگەنامەی مێژویی دەوڵەتی ئێران کە کۆپییان لای من هەیە، لە چەند دانەیەکیاندا ناوی شانۆگەریی"سەلاحەدین" هاتوە و ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لە مانگی فێبروەریی ١٩٤٢ (واتە بەر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ. ک.) لە مەهاباد شانۆگەرییەک بەناوی "سەلاحەدین"ەوە پێشکەش کراوە. نوسراویشە کە لەو نمایشەدا سوکایەتیی بە سوپای ئێران کراوە، هەروەها باسی ئەوەش کراوە کە ئەو نمایشە لە ڕوی هونەری و ناوەرۆکیشەوە لاواز بوە. شانۆگەریی "دایکی نیشتمان"یش لە مانگی ئاپریلی ساڵی ١٩٤٥ دا لە لایەن ئەندامانی (کۆمەڵەی ژ. ک.)ەوە سەرەتا لە شاری مەهاباد و پاشان لە نەغەدە و دواییش لە شنۆ پێشکەش کراوە.
دوەم ـ ئەگەر لەوە دڵنیانەبوە کە تێکستی "دایکی نیشتمان" قازی محەمەد نوسیبێتی، دەبوا لە (٣٩)دا وا بەدڵنیاییەوە نەینوسیایە: "شانۆگەری دوەم بەناونیشانی (دایکی نیشتمان)ە، کە لە نوسینی پێشەوا قازی محەمەدەو لەمەهاباد پێشکەش کراوە".
سێیەم ـ زۆر ڕونکردنەوە هەن کە دەیسەلمێنن تێکستی شانۆگەریی "دایکی نیشتمان" لەباشوری کوردستانەوە بۆ مەهاباد نێردراوە. غەنی بلوریان کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوە لە ئامادەکردن و دەرهێنانی ئەو شانۆگەرییەدا و یەکەم کەسە کە وا بەوردیی باسی کردبێت، لەبیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی: "سەرکردایەتی ژ. ک. نومایشنامەیەکی دەستکەوتبوو بەناوی "دایکی نیشتمان" کە من نەمزانی ئەو نومایشنامەیە لەکوێوە هاتبوو. دەگوترا لەگەرمێنەوە هاتووە، بەڵام من لام وابوو "میرحاج ئەحمەد" ئەوی لەسلێمانی هێناوە و داوییەتی بە کۆمەڵە".(١٨)
چوارەم ـ لەبەر ئەوەی کە شاری(سەقز) نەکەوتبوە نێو قەڵەمڕەوی کۆماری کوردستانەوە، ناکرێت چالاکییەکی ڕۆشنبیریی کە لەو دەمەدا لەو شارەدا ئەنجام درابێت، وەک چالاکییەکی ڕۆشنبیریی کۆماری کوردستان لێکبدرێتەوە!
پێنجەم ـ ئەوەش کە نوسیویەتی: "من بۆ خۆم لە (کامەران موکری)م بیستوە لە شانۆگەری ناوبراودا ڕۆڵی بینیوە و لە مەهابادو شارەکانی دیکەدا پێشکەشیان کردوە". زانیارییەکی تەواو هەڵەیە و فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە! کامەران موکری ئەو دەمە تەمەنی ١٣ساڵان بوە، جا نازانم چۆن خۆی گەیاندوەتە مەهاباد و "شارەکانی دیکە" و بەشداریی لەو شانۆگەرییەدا کردوە؟! سەیرەکە لەوەدایە کە نوسیویەتی: "من بۆ خۆم لە (کامەران موکری)م

بیستوه"! له هیچ جێیەکدا نەم خوێندوەتەوە و نەمبیستوە کە کامەران موکری لەو ساڵانەدا چوبێتە مەهاباد! تەنانەت من خۆم لەنزیکەوە ناسیومە و گەلێک جار بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی بۆ گێڕاومەتەوە، بەڵام هەرگیز لێمنەبیستوە کە لەسەردەمی چالاکیی کۆمەڵەی ژ. ک. دا چوبێتە مەهاباد. بەڵام گەلێک جار باسی ئەوەی بۆ کردوم کە لە شانۆگەریی (لەڕێی نیشتماندا) وەک ئەکتەر بەشداریی کردوە. ئەو شانۆگەرییە مانگی جولای ساڵی ١٩٤٦ لەسلێمانی و هەولێر پێشکەشکراوە.(١٩)
شەشەم ـ لە ل (٥٥)، لە پەراوێزی (١١)دا نوسیویەتی: "نمایشی (دایکی نیشتمان)، ئیگلتۆن ئەو ڕۆژگارەی بە چاوی خۆی لە مهابادێ دیوویەتی و باسی کردووە ...". ڕاستییەکەی ویلیام ئیگڵتۆن ساڵی ١٩٦١ چوەتە مەهاباد، ئەویش ئەو کاتەی کە وەک کۆنسوڵی ئەمریکی لە شاری تەورێز کاریکردوە. سەردانەکەشی بۆ ئەوە بوە کە زانیاریی دەربارەی کۆماری کوردستان و کەسایەتییەکانی ئەو دەمە کۆبکاتەوە. چونکە ئەو چەند ساڵ لەوەپێش بیرۆکەی لێکۆڵینەوە لە کۆماری کوردستانی کەوتوتە سەر. ویلیام ئیگڵتۆن لە پێشەکیی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە لەکاتی سەردانی مهاباددا زۆربەی کات "سیرۆسی حەبیبی" لەگەڵ بوە. سیرۆسی حەبیبی دایکی ئەمریکی و باوکی کورد و خەڵکی مەهاباد بوە. ئەو لە نمایشی دایکی نیشتماندا ڕۆڵێکی دیاری هەبوە. بێگومان ویلیام ئیگڵتۆن لە زمانی ئەوەوە دەربارەی ئەو نمایشەی نوسیوە، نەک بەچاوی خۆی دیبێتی!
* لە ل (٢٧٠)دا کورتەیەکی ژیاننامەی محەمەدی شاپەسەندی نوسیوە کە چەند هەڵەی زەقی تێدا بەدیدەکرێت. لەوێدا ناوی نهێنیی محەمەدی شاپەسەندی لەنێو کۆمەڵەی ژ. ک دا بەم جۆرە نوسیوە: (م. اذر). ڕاستییەکەی ناوەکەی بەم جۆرە بوە: "م. ش. آذر ٨٢١". ئینجا نوسیویەتی: "ئەم ڕوناکبیرە، لەساڵی (١٩٣٢ز)دا لەشاری مەهاباد لەدایک بوە". محەمەدی شاپەسەندی چەندین جار بەدەمی پێی گوتوم و لەو نامانەشیدا کە بۆی نوسیوم، ئەوەی دوپات کردوەتەوە کە لە "پایزی ساڵی ١٩٢٠" دا لەدایکبوە.(٢٠) ئەگەر وەک لەو کتێبەدا نوسراوە ساڵی ١٩٣٢ لەدایک بوبێت! کەواتە ئەو دەمەی چوەتە نێو کۆمەڵەی ژ. ک ەوە تەمەنی (١١) ساڵ بوە!
پاشان هەر لە ل(٢٧٠)دا نوسیویەتی: "لەسەرەتادا لەگۆڤاری (نیشتمان) دەستی بەکاری چاپەمەنی و ڕۆژنامەنوسیی کردوە، پاشان لەسەردەمی کۆماردا لەپاڵ سەید موحەمەدی حەمیدی و قادری مودەڕیسی دا ئەرکی بەڕێوەبردنی چاپخانەی لەئەستۆ بوە لەپێش ئەوەشەوە هەر وەکو خۆی دەڵێ هەوڵیداوە گۆڤاری (ئاوات)ی دەرکردوەو بەنازناوی (ڕەمزی) نوسیویە و سێ ژمارەی لێ چاپ کردوە".
لێرەدا وشەی (رەمزی) ڕۆشن نییە و نازانرێت وەک ناوی کەس یان لەجێی وشەی "هێما، نازناو، ناوی خواستراو..." بەکاری هێناوە! ئەگەر مەبەستی لەوشەی "ڕەمزی" ناوی خواستراوە، باشتر بو کە ڕونیبکردایەتەوە و بینوسیایە ئەو ناوەخواستراوە چیبوە کە محەمەدی شاپەسەندی لەبریتی ناوی خۆی بەکاریهێناوە؟! ئەگەریش وای بۆ چوە کە بەنازناوی "ڕەمزی" (وەکو ناو) نوسیویەتی، ئەوا هەڵەیە، چونکە محەمەدی شاپەسەندی

بەنازناوی "ئازاد"ەوە وتاری لەو گۆڤارەدا نوسیوە. هەروەها گۆڤاری "ئاوات" سێ ژمارەی لێدەرنەکراوە، بەڵکو تاقە یەک ژمارەی لێدەرکراوە.
لەبەرئەوەی زۆر کەسی دیکەش زانیاریی هەڵەیان لەبابەت ئەم گۆڤارەوە نوسیوە، من بەپشتبەستن بەو زانیارییانەی کە (دە) ساڵێک لەمەوپێش لەخودی محەمەدی شاپەسەندیم وەرگرتوە، لێرەدا کورتەیەک دەربارەی گۆڤاری ئاوات دەنوسم:
پاش دەرچونی ژمارە (٧ و ٨ و ٩)ی گۆڤاری نیشتمان، کۆمەڵەی ژ. ک. ئامێرێکی چاپی بچکۆلانە دەکڕێت و دەیباتەوە مەهاباد. لەو کاتانەدا عەبدولڕەحمانی زەبیحی و دڵشادی ڕەسوڵی و قاسمی قازی بۆ جێبەجێکردنی کارێکی گرنگی کۆمەڵە بەرەو ورمێ دەچن. لە ڕێگا لەلایەن دەستەیەک سەربازی حکومەتی ئێرانەوە دەسگیردەکرێن و دەیانبەنە تەورێز، دواتر بەرەو تارانیان دەبەن و دەیانخەنە زیندانەوە. بە گیرانی عەبدولڕەحمانی زەبیحی و هاوڕێکانی گۆڤاری نیشتمان دەوەستێت.
محەمەدی شاپەسەندی بەمەبەستی ئەوەی کە جێی گۆڤاری نیشتمان (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک.) خاڵیی نەبێت، لەمانگی ئۆگوستی ١٩٤٤دا گۆڤاری "ئاوات" دەردەکات. لەو گۆڤارەدا شاپەسەندی پەخشانێکی بەناوی (برای دوورم!) بە نازناوی "ئازاد" و شیعرێکی هێمن و شیعرێکی هەژار و چەند شیعر و بابەتێکی دیکە کە نیاز بوە لەژمارەی نوێی گۆڤاری نیشتماندا چاپی بکەن، لەو گۆڤارەدا بڵاودەکاتەوە.(٢١) پاش بڵاوبونەوەی ئەو ژمارەیەی ئاوات، چەند کەس لەبەرپرسانی کۆمەڵە محەمەدی شاپەسەندییان بانگکردوە و ڕەخنەیان لێگرتوە کە چۆن بەبێ ڕەزامەندیی ڕابەرانی کۆمەڵە، گۆڤارێکی بەو ئامێر و کەرەستانەی کۆمەڵە دەرکردوە! ئەویش مەبەستەکەی خۆی بۆ باسکردون و ڕەخنەکەیانی قبوڵکردوە. ئیدی نەیتوانیوە لەسەری بەردەوام بێت و ژمارەی دیکەی لێ دەربکات!
محەمەدی شاپەسەندی چەندین جار باسی چۆنێتی دەرکردنی ئەم گۆڤارەی بۆ کردوم و تەئکیدی کرد کە لە"یەک ژمارە" زیاتری لێدەرنەکردوە و بەهەڵە لەهەندێک کتێب و وتاردا نوسراوە (سێ) ژمارەی لێدەرکراوە.
* لە ل(٢٥٧)دا کورتەیەکی ژیاننامەی عەبدولڕەحمانی زەبیحی نوسیوە و نوسیویەتی: "لە ١٩٢٠ز دا لەدایک بوە".
ساڵی ١٩٩٧ هونەرمەند زاهیر سدیق لەسلێمانی پەیکەری عەبدولڕەحمانی زەبیحی دروستکرد. لەودەمەدا پرسیاری لە من کرد، لەژێر پەیکەرەکەدا چی بنوسین؟ منیش بەپێی هەندێک زانیاریی گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە عەبدولڕەحمانی زەبیحی ساڵی ١٩١٨ لەدایک بوبێت. ئیدی لەژێر پەیکەرەکەدا نوسیمان: "تێکۆشەر و ڕوناکبیری گەورەی کورد عەبدولڕەحمان زەبیحی (عولەما) ١٩١٨- ١٩٨٠" بۆ دڵنیابون لەوەی کە ١٩١٨ زیاتر جێی باوەڕە، چەند بەڵگەیەکم هەیە:
١- هەژار لە "چێشتی مجێور"، ل (١٨)دا نوسیویەتی: "زەبیحی بەتەمەن لە من باوخۆشتر بو". بەو پێیەی کە هەژار لە ١٥/٤/١٩٢١دا لەدایکبوە. کەواتە زەبیحی چەند ساڵێک پێش ئەو ساڵە لەدایک بوە. هەروەها محەمەدی شاپەسەندی چەندین جار ئەوەی لای من

دوپاتکردوەتەوە کە زەبیحی دو تا سێ ساڵ لەو گەورەتر بوە. هەروەکو پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، محەمەدی شاپەسەندی لە (پایزی ساڵی ١٩٢٠)دا لەدایکبوە.{بەڵگەی دیکەش لەو بارەیەوە زۆرن بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە بە پێویست دەزانم }.
* لە ل (٢٤٥)دا کورتەیەکی ژیاننامەی "هێمن"ی نوسیوە و باسی ڕۆڵی "مەلا ئەحمەدی فەوزی"ی لە پەروەردەکردنی (هێمن)دا کردوە. پاشان لەدرێژەی ئەو باسەدا، لە ل(٢٨٠)و لەپەراوێزی ژمارە (٢٤)دا نوسیویەتی:"لەبارەی مەلا ئەحمەدی حاجی عەلی هەڵەبجەییەوە علاالدین سجادی هەر ئەوەندەی نووسیووە، کە لە سابڵاغ دانیشتوەو ل ەدەوروبەری ساڵی ١٩٢٣دا مردوە". سەیر ئەوەیە هیچ لەوەی نەکۆڵیوەتەوە کە ئەو ساڵە تا چ ڕادەیەک دروستە! باشە ئەگەر وا دابنێین کەئەو ساڵە ڕاستە، کەواتە دەبێت هێمن بە "دو ساڵیی" لای ئەو خوێندبێتی!
سەبارەت بە ژیان و شیعرەکانی مەلا ئەحمەدی فەوزی هەندێک زانیارییم لای خۆم تۆمار کردوە و لەچەند وتار و لێکۆڵینەوەمدا کورتەیەکیم بڵاوکردوەتەوە. (٢٢) لێرەدا پوختەیەکی دەخەمە بەرچاو :
مەلا ئەحمەدی فەوزی ساڵی ١٨٧٥ لەگوندی عەبابەیلێی نزیک هەڵەبجە لەدایکبوە.
لەسەردەمی حکومەتی شێخ مەحمود دا یەکێک بوە لە منەوەرەکانی ئەودەمی سلێمانی. پاش لەناو چونی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، وەک زۆر تێکۆشەری دیکەی ئەودەمە، سلێمانی بەجێبێڵێت و لەناوچەی موکریان، لەگوندی حاجی کەند دەگیرسێتەوە. لەوێ بە پەروەردە و فێرکردنی منداڵان و مێرمنداڵانی ئەو دەڤەرەوە خەریک دەبێت. قازی محەمەد، هێمن، حەسەنی قزڵجی و گەلێک ڕوناکبیرو تێکۆشەری دیکەی نەتەوەکەمان شاگردی ئەو بون.
هێمن لەبیرەوەرییەکانیدا، لە سەرەتای دیوانی "تاریک و ڕوون" دا نوسیویەتی: "فەوزی بەبڕوای من یەکێکە لەگەورە پیاوانی مێژووی کوردستان، کەداخەکەم شوێنەوارەکانی فەوتان و خۆشی لەبیرچۆتەوە. ئەو لاوە کوردانەی لەسەردەمی پاتشایەتی ڕەزاخانی پەهلەویدا... ئازایانە کوردایەتیان دەکرد،یا ڕاستەوخۆ شاگردی فەوزی بون یا شاگردی شاگردەکانی ئەو. بەتایبەتی پێشەوا قازی موحەمەدی شەهید شانازی بەوەوە دەکرد کە شاگردی فەوزی بووە. مەلا ئەحمەدی فەوزی یا مەلای سولیمانی کێ بوو؟ چکارە بوو؟ بۆ پەڕیوەی مەڵبەندی ئێمە ببوو؟ نازانم... دەیان گوت خەڵکی شاری سولیمانی یە و لەکوردستانی عیراقەوە لەگەڵ شێخەلیسلامی گەورەدا... هاتۆتە موکریان. پاش مردنی شێخەلیسلام ژنەکەی ئەوی مارەکردبۆوە و کچێکی لێ هەبو... بۆ خۆی لەساڵی ١٩٤٣-١٣٢٢ دا لەگوندی حاجیکەند مرد و لە خانەقای شێخی بورهان نێژراوە".(٢٣) {جێی سەرنجە کە لە "تاریک و ڕوون"دا ساڵە زاینییەکە بەدروستیی نوسراوە. بەڵام ئەوە هەڵەی چاپە کە ساڵە هەتاوییەکە بوەتە ١٩٢٢، ڕاستییەکەی "١٣٢٢"ە}.
* لە ل(٢٦٧-٣٦٩) و چەند لاپەڕەی دیکەشدا هەندێک زانیاریی کورتی دەربارەی سەید محەمەدی حەمیدی نوسیوە، بەڵام هیچی دەربارەی بیۆگرافیی ئەو نەنوسیوە، کە لەکاتێکدا سەید محەمەدی حەمیدی یەکێک لەناسراوترین نوسەران و ڕوناکبیرانی سەردەمی کۆماری

کوردستان و سەرنوسەری گۆڤاری کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان بوە. دەبوا لەم کتێبەدا تا ڕادەی پێویست دەربارەی ژیاننامەی بنوسرایە.
من لای خۆمەوە بەنامە و ئیمایل و فاکس، پەیوەندیم بەچەند کەسەوە کردوە و هەندێک زانیاریم سەبارەت بەبیۆگرافیی سەید محەمەدی حەمیدی لای خۆم یاداشت کردوە. هەروەها ئەحمەدی شەریفی لەوتارێکی بەنرخیدا کورتەیەکی ژیاننامەی ئەوەی نوسیوەتەوە.(٢٤) وا لێرەدا تیشکێک دەخەمە سەر ژیانی: سەید محەمەد کوڕی عوبەیدوڵڵا، کوڕی سەید فەیزوڵڵا، کوڕی سەید شوکوروڵڵای پارسانیا، ساڵی ١٩٠٣ لەگوندی داشالوجەی سەقز لەدایکبوە.
لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی ڕوناکبیر و پاک و دڵسۆز بوە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کراوەتە سەرنوسەری گۆڤاری کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان. پاش کۆمار توشی مەینەتی و دەربەدری بوە. ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩٧٩/٤/٢٧ لە شاری سنە کۆچی دوایی کردوە و لە گۆڕستانی شێخ محەمەدی باقری غیاس نێژراوە. سەید محەمەدی حەمیدی یەکێکە لە هەزاران ڕوناکبیر و تێکۆشەری گومناوی نەتەوەکەمان.
* لە ل(٤٢)دا ناوی "سدیق ئەنجیری ئازەر"ی هێناوە و لە ل(٦١)، لەپەراوێزی ژمارە (٣٨)دا نوسیویەتی: "ئەم ڕووناکبیرە لە ساڵی ١٩٦٨ دا تیرۆر کرا". پاشان لە ل(٦٢)دا بەپێی سەرچاوەیەکی دیکە نوسیویەتی:" هێدی پێی وایە لەساڵی ١٩٦٦دا لە مامەڕووت لە کوردستانی باشوور لە ئەنجامی سەرەڕۆیی ئەحمەد تۆفیق دا تێدا چوە". لە ل(٩٩)شدا نوسیویەتی: "سەدیق ئەنجیری ئازەر یەکێک بوو لە تێکۆشەرەکانی سەردەمی کۆمارو پاشتریش وەکو مامۆستای قوتابخانە، دوور خراوەتەوە بۆ تاران و لەوێ پەرەی بە خوێندن داوەو بووەتە مامۆستای زانستگا... پاش ڕووخانی کۆمار ئاوارەی کوردستانی باشوور بوو، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە گەڵ حیزبی(تودە)ی مارکسیدا کاری کرد". لێرەدا چەند هەڵەی زەق بەرچاودەکەون:
١- بەپێی هەندێک زانیاریی گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە سدیق ئەنجیری ئازەر لەسەرەتای مانگی مای ١٩٦٦دا بەبڕیاری ئەحمەد توفیق "عەبدوڵڵای ئیسحاقی"و بەدەستی سەید حەسەن (برازای ئەحمەد تۆفیق) تیرۆرکراوە. چەند کەسی دیکەش دەستیان لەوکارە تیرۆریستییەدا هەبوە کە هەندێکیان مردون و ئەوانی دیکەش لە ژیاندان!
٢- سدیق ئەنجیری ئازەر "مامۆستای زانستگا" نەبوە، بەڵکو کارمەند "فەرمانبەر" بوە لە وەزارەتی فەرهەنگ!
٣- سدیق ئەنجیری ئازەر پاش ڕوخانی کۆماری کوردستان نەهاتوەتە باشوری کوردستان، بەڵکو دوای ڕوخانی کۆمار خۆی گەیاندوەتە تاران و لە گوندی (گلندوک) کە دەکەوێتە نزیک تارانەوە، بوەتە مامۆستا و بەوجۆرە خۆی گوم کردوە و لەگرتن و زیندان ڕزگاریبوە. ئیدی هەر لەتاران ژیاوە هەتاکو ساڵی ١٩٦٤. لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٤دا لەسەر داوا و پێشنیاری "سلێمانی معینی" بۆ بەشداریی لە دوەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە تارانەوە هاتوەتە ناوچەی قەڵادزێ و دواتر نەیتوانیوە بگەڕێتەوە و ویستویەتی درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدات. سەرەنجام ئەحمەد تۆفیق سەرنوگمی کردوە.(٢٥)

٤- "حیزبی (توده)ی مارکسی" هەڵەیە، "حیزبی تودەی ئێران" ڕاستە.
* لە ل(٢٣١)دا کورتەیەکی ژیاننامەی"حەقیقی" شاعیری نوسیوە، لەوێدا ساڵی لەدایکبون و مردنی ئەوی بەم جۆرە نوسیوە: (١٩٠٢ ـ ١٩٩٥ز). ڕاستییەکەی حەقیقی لە ١٣٧٥/١٠/٢٨ (١٩٩٧/١/١٨)دا کۆچی دوایی کردوە، نەک ١٩٩٥.
* لە ل(٢٣٤)دا کورتەیەکی ژیاننامەی "سەید کامیلی ئیمامی" شاعیری نوسیوە، بەڵام نەیزانیوە کەی کۆچیدواییکردوە و لە جێی مێژوەکە نیشانەی پرسیاری داناوە. سەید کامیلی ئیمامی لە ڕۆژی ١٩٨٩/٨/٢٧دا کۆچی دوایی کردوە.
* لە ل(٢٥٠)دا کورتەیەکی دەربارەی ژیاننامەی خالید ئاغای حسامی نوسیوە. لەوێدا نوسیویەتی: "هێدی ١٩٢٧ ـ ؟ ز". دەبینین لە جێی ساڵی(مردنی) نیشانەی پرسیاری داناوە! کە لە حاڵێکدا خالید ئاغای حسامی ئێستا لە شاری هەولێر دەژی، تەنانەت نوسەری ئەم کتێبەش ئەوەی زانیوە و لە ل(٢٥٢)دا نوسیویەتی: "تا ئەمڕۆیش لە ژیاندا ماوەو لە شیعر نووسینیش بەردەوامە". مادام خالید ئاغای حسامی هەتاکو ئێستا لەژیاندایە، دەبوا تەنها ئاماژەی بۆ مێژوی لەدایکبونی بکردایە و نەدەبوا نیشانەی پرسیار لەجێی مێژوی مردنی دابنێت!(٢٦)
* لە ل(١٧٠)دا نوسیویەتی: "ڕۆژنامەی کوهستان یەکەمین ژمارەی لە دوو شەممە ٧ی ئاداری ١٩٤٤دا دەرچووە". لێرەدا چەند ڕونکردنەوەیەک بە پێویست دەزانم: یەکەم ـ یەکەمین ژمارەی (نامەی کوهستان)، ڕۆژی دو شەممە ٧ی اسفند ١٣٢٣ بەرامبەر بە(٢٦ی فێبروەری ١٩٤٥) دەرکراوە، نەک ٧ی ئاداری ١٩٤٤!!
دوەم ـ جێی سەرنجە لە چەند لاپەڕەدا، لە پەراوێزەکاندا مێژوی هەندێک ژمارەی (نامەی کوهستان)ی بەهەڵە نوسیوە، بۆ نمونە لە ل (٢١٩)دا لە پەراوێزی ژمارە (٢١)دا نوسیویەتی: "کوهستان، ژ (٢)، ١٤ی شوباتی ١٩٤٤". باشە ئەگەر "یەکەمین" ژمارەی (نامەی کوهستان) لە ٧ی ئاداری ١٩٤٤دا دەرکرابێت، (وەک لەم کتێبەدا نوسراوە)، چۆن "دوەمین" ژمارەی لە ١٤ی شوباتی ١٩٤٤ دا دەرکراوە! خۆ بەرەودواوە نەڕۆیشتوە! لە ل (٢٢٠)یشدا لە پەراوێزی ژمارە (٣٠) {هەروەها لە ل (٢٢١) پەراوێزی ژمارە (٤٧)}دا نوسیویەتی: "کوهستان، ژ ٤٥، ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٤٥"! هەر لە ل (٢٢١) لە پەراوێزی (٥٣)دا نوسیویەتی: "کوهستان، ژ ٤٨، ١٦ی شوباتی ١٩٤٥"! {هەروەها چەند هەڵەی دیکەی لەم جۆرەم لای خۆم دەسنیشان کردوە}.
* لە ل (٢٥٩) و (٢٦٠)دا چەند دێڕێکی دەربارەی دڵشادی ڕەسوڵی نوسیوە، بێ ئەوەی توانیبێتی گۆشەیەک لە بیۆگرافیی ئەو ڕونبکاتەوە. لەوێدا لە زمانی (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)ەوە نوسیویەتی: "... لە شۆڕشی ئەیلولدا دەستی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا تێکەڵ کردو بە دەستی شۆڕش لە ١٩٦٥دا کوژرا". سەیر ئەوەیە کە دوان لەو سەرچاوانەی نوسەری ئەم کتێبە سودی لێ وەرگرتون، هەندێک زانیارییان سەبارەت بە ژیانی دڵشادی ڕەسوڵی تێدایە، بەڵام چونکە بە وردیی نەیخوێندونەتەوە، ئاگای لەوە نەبوە! یەکێکیان کتێبی (چێشتی مجێور)ی هەژارە، کە نوسەری ئەم کتێبە لە ل (٢٩٦)دا "وەک یەکێک لە سەرچاوەکان"

ئاماژەی بۆکردوە. هەژار لەو کتێبەیدا، لە ل (٤٤٨)دا کورتەیەکی دەربارەی دڵشادی ڕەسوڵی نوسیوە و باسی دواساڵەکانی ژیانی ئەوی کردوە. ئەوی دیکەیان کتێبی "نگاهی به تاریخ مەهاباد"، نوسینی: (سەید محەمەدی سەمەدی)یە، کە لە ل (٥٤) و چەندین لاپەڕەی دیکەدا وەک سەرچاوە سودی لێوەرگرتوە. سەید محەمەدی سەمەدی لەو کتێبەیدا لە ل (١٧٤ - ١٧٧)دا لە زمانی عەبدولڕەحمانی ڕەسوڵی(برای دڵشادی ڕەسوڵی)یەوە، کورتەیەکی ژیاننامەی دڵشادی ڕەسوڵی نوسیوەتەوە و تا ڕادەیەک ناساندویەتی. سەید محەمەدی سەمەدی لەو کتێبەیدا، لە ل (١٧٧)دا نوسیویەتی: "دلشاد در حدود سال ١٣٤٧ شمسی به دست افراد بارزانی کشته شد". ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی دەکاتە ١٩٦٨.(٢٧)

* لە ل (١٠٩) و (٢٦٣)دا نوسیویەتی: "حەسەنی قزڵجی لە ١٩٨٥دا شەهید بوە". وەکو من لە ژیاننامەی "حەسەنی قزڵجی"م کۆڵیوەتەوە، گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٤دا شەهیدکراوە.

* هەرچەند من نیازم نییە هیچ دەربارەی لایەنی زمانەوانیی و ڕێنوس و خاڵبەندیی ئەو کتێبە بنوسم، بەڵکو ئەوە جێدەهێڵم بۆ کەسانی پسپۆری ئەو بوارانە، بەڵام لە دوا سەرنجمدا چەند تێبینییەکی زۆر کورت دەخەمە بەرچاو:

١. لە چەند لاپەڕەدا وشەی (سەرانی) بۆ ڕابەرەکانی کۆماری کوردستان بەکارهێناوە. بۆ نمونە لە ل(٤٩)دا ناوی سەرباسەکەی بەم جۆرە نوسیوە:"دادگایی و لە سێدارەدانی سەرانی حکومەت". لای هەمومان ڕۆشنە کە لە زمانی سیاسیی و ڕۆشنبیریمان دا وشەی(سەران) وشەیەکی نێگەتیڤە و بۆ بەرەی دوژمنان و ناحەزان بەکاری دەهێنین. ئەگەر نوسەری ئەم کتێبە پێی وایە کە ڕابەرەکانی کۆماری کوردستان لە بەرەی گەلدا بون و دژی داگیرکەرانی کورد و کوردستان بون، دەبوا وشەی وەک: (ڕابەرانی، سەرکردەکانی، بەرپرسەکانی ...) بەکاربهێنایە نەک (سەرانی)!

٢. چ "هێمن" و چ "هەژار"یش لە کتێب و شیعر و بەرهەمەکانیان دا کاتێک ناوی خۆیان نوسیوە، تەنها "هێمن" و "هەژار"یان نوسیوە. کەچی لەم کتێبەدا، لە دەیان لاپەڕەدا"هێمن موکریانی" و "هەژار موکریانی" نوسراوە. لە حاڵێکدا هەردوکیان، بەر لە هەرچی، خۆیان بە"کوردستانی" زانیوە نەک "موکریانی"!

٣. هەروەها لە دەیان لاپەڕەدا دەستەواژەی: "کوردستانی ڕۆژهەڵات، کوردستانی باشوور، کوردستانی باکوور ..."ی بەکار هێنراوە. ئەگەر نوسەری ئەم کتێبە پێی وایە کە دەستەواژەی "کوردستانی ئێران، کوردستانی عیراق، کوردستانی تورکیا ..." دان نانە بە پارچەپارچەیی کوردستان و دەستەواژەیەکن کە بە قازانجی داگیرکەرانن بۆیە لە لێکۆڵینەوەکەیدا (کەمتر) بەکاری هێناون! ئەوا دەبوا بیزانیایە کە دەستەواژەی "کوردستانی ڕۆژهەڵات، کوردستانی باشوور، کوردستانی باکوور ..."یش دان نانێکی تەواوە بە پارچەپارچەیی کوردستاندا! بۆ کەسێک کە کوردستان بە یەک وڵات بزانێت، باشترین و دروستترین دەستەواژە بۆ ئاماژەکردن بۆ بەشە جیاجیاکانی ئەوەیە کە بنوسێت: "باشوری کوردستان، باکوری کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژئاوای کوردستان"، واتە کوردستان یەک وڵاتە و

بەشێکی کەوتوەتە باشورەوە، بەشێکی دیکەی کەوتوەتە باکورەوە...هتد.
جیا لەم هەڵانەی کە لێرەدا ئاماژەم بۆ کردون و ڕاستم کردونەتەوە، چەندین هەڵەی دیکەی نێو ئەو کتێبەم لای خۆم دەستنیشانکردوە. هەروەها زۆر باس و لێکدانەوەی نوسەرەکەی مایەی لێدوان و شیکردنەوەی زیاترن، بەڵام بەپێویستی نازانم لێرەدا لەوە زیاتر درێژە بەم باسە بدەم. مەبەستی سەرەکیشیم لە ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە ئەوەیە کە ئەو چەشنە هەڵە و کەموکوڕییانە بەسەرماندا تێنەپەڕێت و چیدیکە ئەو زانیارییە ناڕاست و نادروستانە لێرە و لەوی "چەند بارە" نەکرێنەوە و هەرچی زیاتر هەوڵ بدەین مێژوی نەتەوەکەمان بەبێ هەڵە و بەڕاستی و دروستیی بنوسنیەوە.
پەراوێزەکان:
-١ William Eagleton, Jr., The Kurdish Republic of ١٩٤٦, Oxford University Press، London, ١٩٦٣
-٢ Archie Roosevelt, Jr., The Kurdish Republic of Mahabad, The Middle East Journal, Volume ١, July ١٩٤٧, nmuber ٣.
(٣) وليم ايگلتن الابن، جمهوريه مهاباد ١٩٤٦، ت: جرجيس فتح الله، دار الطليعه، بيروت، ١٩٧٠. {دەزگای ئاراس لە شاری هەولێر، لە ساڵی ٢٠٠٠دا سەرلەنوێ چاپیکردوەتەوە}.
(٤) بۆ نمونە لە ژمارە ٣ و ٤ ی گۆڤاری (Kurdistan Times)دا بە دو بەش، دەقاودەق بڵاوکراوەتەوە. {تێبینی: ژمارە ٣ ی ئەم گۆڤارە لە دێسێمبەری ١٩٩٣ و ژمارە ٤ یش لە نۆڤێمبەری ١٩٩٥ دا دەرکراوە}.
(٥) لە ژمارەکانی سەرەتای"گۆڤاری کوردستان" و "ڕۆژنامەی کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ناوەکانیان بە "کوردوستان" نوسراوە. کە نوسینی ئەو (و)ە لەباری ڕێزمانی و زمانەوانییەوە هەڵەیە، هەروەک چۆن نابێت بنوسین: (پاکوستان، عەرەبوستان، هیندوستان ...). جێی سەرنجە کە نوسەری ئەم کتێبە کاتێک لەو گۆڤار و ڕۆژنامەیەی کۆڵیوەتەوە، دیقەتی ئەو (واو)ەی نەداوە و لە ڕوی (ڕێزمانی)یەوە ڕونکردنەوەیەکی لەبارەیەوە نەنوسیوە!
{وەکو خۆم دیقەتم داوە لە ژمارە یەکی ڕۆژنامەی کوردستان هەتاکو ژمارە ٩ی ناوەکەی بە (کوردوستان) نوسراوە، بەڵام لە ژمارە (١٠) بە دواوە بە (کوردستان) نوسراوە}.
(٦) William Eagleton Jr, The Kurdish Republic of ١٩٤٦, P. ١٠I.
(٧) جوتیار تۆفیق، چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی بێسەرو شوێن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٥٩٩، پێنجشەممە ١٩٩٨/٤/٢٣، ل.١٠
(٨) محەمەد فەریق حەسەن، محەمەدی شاپەسەندی شۆڕەسواری بواری چاپخانە و ڕۆژنامەگەری، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ ٤٨٤، ١٩٩٣/٩/١٠.
(٩) سيد محمد صمدى، نگاهى به تاريخ مهاباد، مهاباد، انتشارات رهرو، ١٣٧٣، ص٥٥١.
(١٠) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی "مامۆستا عولەما"، سوید، ١٩٩٩.

(١١) سەبارەت بە کۆمەڵەی ژ. ک. لێکۆڵینەوەیەکم نوسیوە، کاتی خۆی کورتەیەکیم لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوکردەوە { جوتیار تۆفیق، تیشکێک بۆسەر کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کوردستانی نوێ، ژمارە ١٤٠١، دوشەممە ١٩٩٧/٤/٧، لاپەڕە ٦ و ١١}، پاشتر لە گۆڤاری (گزینگ)دا سەرلەنوێ بە هەندێک زانیاریی دیکەوە بڵاوم کردەوە. {بڕوانە: جوتیار، چەند ڕونکردنەوەیەک دەربارەی کۆمەڵەی ژ. ک.، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٣١، بەهاری ٢٠٠١، ٣٦- ٣٩}.

هەروها بڕوانە: ئەو لێکۆڵینەوەیەم کە دەربارەی (حیزبی ئازادیخوازی کوردستان)ە و کورتەیەکیم لە هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە ١٩٨ (١٩٩٥/١٢/٣) و ژمارە ١٩٩ (١٩٩٥/١٢/١٠) دا بڵاو کردوەتەوە.

(١٢) رد على كراس السيد أرشي روزفلت، بقلم: زەبیحی، جريده خەبات، العدد ١٩٢، الجمعه ١٨ مارت ١٩٦٠، ص٣.

هەروەها بڕوانە: (جوتیار حاجی تۆفیق، وەڵامی زەبیحی بۆ نامیلەکەکەی ئارشێ ڕۆزڤێلت و چەند ڕونکردنەوەیەک، گۆڤاری ئاینده، ژمارە ٤٠، ساڵی ٢٠٠٣، ل١٤٥-١٤٩). {شایانی باسە کە ئەو وتارەی عەبدولڕەحمانی زەبیحی، نوسەرو لێکۆڵەر سدیق ساڵح لە عەرەبییەوە کردویەتی بە کوردی و لە گۆڤارەکەدا ناوی لەبیرکراوە، لەوێدا من تەنها ڕونکردنەوە و پەراوێزەکانم نوسیوە - جوتیار}.

(١٣) Archie Roosevelt, Jr., The kurdish Republic of Mahabad, P ٢٥٠

(١٤) جريده خەبات، العدد ١٩٢، الجمعه ١٨ مارت ١٩٦٠، ص٣.

(١٥) William Eagleton Jr, The Kurdish Republic of ١٩٤٦, P.١٣٣.

(١٦) دەربارەی حوسێن فروهەر، بڕوانە: (جوتیار تۆفیق، حسین فروهەر تێکۆشەرێکی گومناو، کوردستانی نوێ، ١٩٩٨/٤/١٩). هەروەها(جوتیار حاجی تۆفیق، حسێن فروهەر تێکۆشەرێکی گومناو، گۆڤاری ئاڤاشین، ژمارە ١٢، ساڵی ٢٠٠٠ ، ل١٣٦-١٤١). {ئەم گۆڤارە بەپیتی لاتینی لە ستۆکهۆلم دەردەکرا}.

(١٧)عەزیز زەندی کە بە عەزیز ئەڵمانیش ناسراوە، ڕوناکبیرێکی هەڵکەوتوی مەڵبەندی موکریان بوە. ساڵی ١٨٩٨ لە گوندی قالوێی زەندان، کە دەکەوێتە نزیک شاری مەهابادەوە، لەدایک بوە. لە ساڵانی ١٩٢٥ ـ ١٩٢٨دا لەگەڵ چەند میسیۆنێرێکدا چوەتە ئەوروپا و ماوەیەک خوێندویەتی، پاشان گەڕاوەتەوە کوردستان و بەکاری سیاسییەوە خەریک بوە. لەبەر ئەوەی لە یاسادا شارەزا بوە، پێیان گوتوە دوکتۆر عەزیز زەندی. زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فارسی و تورکی زانیوە. ساڵی ١٩٢٦ هەڵبژاردەیەکی لە ئایەتەکانی ئینجیل کردوە بە کوردی و ساڵی ١٩٤٥ چاپ کراوە و بڵاو کراتەوە.

عەزیز زەندی خۆی بە نوێخواز و پێشکەوتنخواز زانیوە، بۆیە گەلێک جار لەگەڵ ڕوناکبیران و سیاسەتمەدارانی موکریاندا کەوتوەتە وتوێژی توندەوە. لە سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦ دا ماوەیەک لە تەورێز بوە، پاشان چوەتە تاران و بوەتە دادوەر. ڕۆژی ١٩٧٢/٧/١٦ دا لە تاران کۆچی دوایی کردوە.

(١٨) غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک - بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم ـ، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل٣٥.
هەروەها بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شانۆیی "دایکی نیشتمان" بڕوانە:
"برایمی فەرشی، کورتەیەک لەسەر شانۆی دایکی نیشتیمان، گۆڤاری گزینگ، ژمارە٧، بەهاری ١٩٩٥، ل٢٣-٢٨".
(١٩) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شانۆگەریی (لە ڕێی نیشتماندا) بڕوانە:
١ـ مستەفا ساڵح کەریم، شانۆنامەی لە ڕێی نیشتمان دا، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە ٢٧، ئاپریلی ساڵی ١٩٩٠، ل ٣٨ ـ ٣٩.
٢ـ یاسین قادر بەرزنجی، ڕۆژنامەی عیراق، ژمارە ١٣٠٦، ١٩٨٠/٦/٩.
(د. فەرهاد پیرباڵ، مێژوی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەکۆنەوە تا ١٩٥٧، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٨٧).
(٢٠) ڕۆژی شەممە ٢٠٠٥/١/٢٩ کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ ـ بەکاتی سوید ـ لە ستۆکهۆڵمەوە تەلەفۆنم بۆ سلێمانی کرد و لەگەڵ محەمەدی شاپەسەندیدا قسەمکرد و سەبارەت بە هەندێک لایەنی ژیانیی پرسیارم لێکرد. لە نێو قسەوباسدا جارێکی دیکە لەبارەی مێژوی لەدایکبونیەوە پرسیارمکرد و هەمان وەڵامی چەند ساڵ لەمەوپێشی دامەوە و دڵنیایکردم کە لە پاییزی ١٩٢٠دا لەدایکبوە و ئەو مێژوە ڕاست و دروستە. {لەم ساڵانەی دواییدا محەمەدی شاپەسەندی بە هاوکاریی چەند دۆستێک، بەشی زۆری بیرەوەرییەکانی خۆی نوسیوەتەوە. ئاواتەخوازم هەتاکو خۆی لە ژیاندایە ئەو بیرەوەرییانە بڵاوبکرێنەوە و کەلێنێک لە مێژوی هاوچەرخی نەتەوەکەمان پڕبکاتەوە}.
(٢١) حەسەنی قزڵجی لە گۆڤاری "هەڵاڵە"دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە هەژار شیعری لەگۆڤاری "ئاوات"دا بڵاوکردوەتەوە، بڕوانە:
ح. قزڵجی، شاعری ملیی و بەناوبانگی کورد هەژار، گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە ٣، بانەمەڕی ١٣٢٥، ل١٨.
هەروەها هێمن لە (تاریک و ڕوون)، ل ٢١ دا نوسیویەتی: "کۆمەڵە گۆواری ئاواتیشی چاپ کرد و من لەویشدا نووسیم".
(٢٢) دەربارەی مەلا ئەحمەدی فەوزی بڕوانە:
١ـ جوتیار حاجی تۆفیق، حەسەنی قزڵجی دڵێکە لەلێدان ناکەوێت، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە ٢٣٩، ١٩٩٧/٢/١٩، پەراوێزی ٣.
٢ـ جوتیار حاجی توفیق، کورتەیەک لەژیان و بەرهەمەکانی حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری ئاڤاشین، ژمارە ١٣، ساڵی ٢٠٠٠، ل ٨٢-٩٢، پەراوێزی ٤. {ئەم گۆڤارە بەپیتی لاتینی لەستۆکهۆڵم دەردەچو}.
(٢٣) هێمن، تاریک و ڕوون، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٤، ل ١١.
(٢٤) بڕوانە: ئەحمەدی شەریفی، سەید مەحەمەدی حەمیدی سەرنوسەری ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان، گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٥، ڕێبەندانی ٢٠٠٤، ل ١٧-٢١.
(٢٥) شایانی باسە محەمەدی خزری ساڵی ٢٠٠٣ لە وڵاتی سوید کتێبێکی بە ناوی

"لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جوڵانەوەی ساڵەکانی ١٩٦٣ ـ ١٩٦٨ی حیزبی دیموکراتی کوردستان" بڵاو کردەوە کە بەشی زۆری دەربارەی ژیان و تێکۆشانی "سدیقی ئەنجیری ئازەر"ە و تیایدا ڕۆشنایی خستوەتە سەر دوا ساڵەکانی ژیانی و چۆنێتیی سەرنگومکردنی. {بەداخەوە ئەو کتێبە هەڵەی چاپی زۆرە، ئەگینا باسەکانی بەنرخ و گرنگن و ڕاستگۆیانە نوسراون}.

(٢٦) خالید ئاغای حسامی لەسەردەمی کۆماردا بە نازناوی "شێواو" و پاشتر بە نازناوی "هێدی"یەوە شیعرەکانی خۆی بڵاوکردوەتەوە.

(٢٧) کورتەیەکی ژیاننامەی "دڵشادی ڕەسوڵی"م لای خۆم نوسیوەتەوە و لە دەرفەتێکدا بڵاویدەکەمەوە. هەروەها محەمەدی شاپەسەندی وێنەیەکی زۆر بەنرخی ئەوی داومەتێ کە کاتی خۆی دڵشادی ڕەسوڵی وەک هاوڕێیەکی نزیکی بۆ یادگاریی پێشکەشی کردوە.

تێبینی!

لەم لێکۆڵینەوەیەمدا هەر ڕستە و پەرەگرافێکم لە کتێبی (ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧) وەرگرتبێت، وەکو خۆی نوسیمەتەوە و بە هیچ جۆرێک دەستکاریم نەکردوە.

جوتیارحاجی تۆفیق
ستۆکهۆڵم / مارتی ٢٠٠٥
Email:jwtiar٦٧@hotmail.com

**کورتەیەک دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی حەسەنی قزڵجی**

مامۆستا هێمن لە پێشەکیی کۆمەڵە چیرۆکی«پێکەنینی گەدا»دا نووسیویەتی: لە سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا«ڕۆژێکی سارد و سەهۆڵبەندانی مەهاباد بوو، زریانێکی ساردی دەهات و کەڕەسیسەی دەکرد. خۆم کوزوو کرد بوو و بە پەلە دەڕۆیشتم جێگایەکی گەرم و گوڕ ببینمەوە. تەماشام کرد پێشەوا «قازی محەمەد» لە بەربێلاکەی هاتووچۆ دەکا و ڕۆژنانەی «کوردستان»ی بەدەستەوەیە و یەکێک لە نووسەرانی ڕۆژنامەکەی لەلایە.

خەریک بووم فیزماڵکی دەمێ و خۆم ببوێرم. دیتمی و بانگی کردم. هێشتا دوور بووم، فەرمووی :

ـ دیوتە ئەو قزڵجی یە چۆنی نووسیوە ؟

زانیم مەبەستی ئەو پارچە ئەدەبی یە جوانەی قزڵجی یە کە لەو ژمارە دا چاپ کراوە. گوتم :

ـ بەڵێ دیومە و بەڕاستی چاکی نووسیوە. کاکی نووسەر هەڵی دایە و گوتی :

ـ بەڵێ ، چاک دەنووسێ ، بەڵام کەم دەنووسێ. پێشەوا بزێکی هاتێ. سەری ڕاوەشاند و (پارچە شیعرێکی «سەعدی» گوت)، دیسان ڕووی لە من کرد و فەرمووی :

ـ بریا زۆری وامان هەبان... ئەگەر بۆخۆمان بین وامان لێ هەڵدەکەون». (١)

بەڵێ ، حەسەنی قزڵجی بێئەوەی سینگ دەرپەڕێنێ و خۆ هەڵکێشێ، یەکێک لە خۆشەویست ترین نووسەران و دۆستانی پێشەوا قازی محەمەدی ئەدەبدۆست و هونەرپەروەر بوو. پێشەوا لە ئاخرین ڕۆژانی دەسەڵاتی دا بەنیاز بووە مامۆستا قزڵجی و چەند شاعیر و نووسەری لاو و تازەپێگەیشتوو بنێرێتە دەرەوە، تا بە قەولی خۆی چاو و گوێیان بکرێتەوە و شتی تازە فێر بین، بەڵام بەداخەوە نەگەیشت و ئەم ئاواتەشی وەک زۆر لە ئاواتەکانی دیکەی نەهاتە دی.

حەسەنی قزڵجی نەوەیەکی هەڵکەوتووی بنەماڵەی قزڵجی بوو. ئەو بنەماڵەیەش ناو و ناوبانگیان بە زیرەکی و لێهاتوویی بڵاو بوەتەوە. هەر وەک مامۆستا هێمن نووسیەتی ، لە موکریان دەڵێن: «بنەماڵەی قزڵجی وەک بێچوە مراوی وان، هەر لە هێلکە هاتنەدەر، مەلەوانن». مەبەستیان ئەوەیە ئەوی لەو بنەماڵەیە بێت، هەر لە منداڵییەوە زیرەک و وریا و لێهاتووە. (٢)

حەسەنی قزڵجی کوڕی مەلاعەلی کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلاعەلی کوڕی مەلا محەمەدی قزڵجییە. ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٥ی ئەیلوولی ١٩١٤ لە شاری بۆکان هاتۆتە دنیاوە. (٣)

لە تەمەنی شەش ساڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن. سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە. پاشان نێردراوەتە لای مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەوزی(٤) و دواتریش لای مامی «مەلا ئەحمەدی تورجانی» (٥) خوێنوویەتی. پاشان بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن چەند

شار و شارۆچکە و دێهاتی کوردستان گەڕاوە و لە چەند جێی دیکە خوێندوویەتی.پاش چەند ساڵ خوێندن چوەتە شاری مەهاباد و بوەتە فەرمانبەر لە فەرمانداری مەهاباد. لە ساڵەکانی دوای حوکمی ڕەزاشای پەهلەویدا بوەتە جێگری فەرمانداری مەهاباد. (٦)
لە سالانی ١٩٢٧ـ١٩٣٥دا لە مەڵبەندی موکریان بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و سیاسی بە ڕابەرایی: «سەیفی قازی، شێخ ئەحمەدی سریلاوا، مەلا محەمەد سادقی قزڵجی(قازی کاکە حەمەی بۆکان)، قازی محەمەد...» و چەند ڕووناکبیر و تێکۆشەری دیکەی ئەو مەڵبەندە سەری هەڵداوە. (٧)
ئامانجی سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە ئەوە بووە کە دژایەی سیاسەتە شۆڤێنییەکانی حکوومەتی ڕەزاشا بکەن و لە پێناو بووژاندنەوەی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا تێبکۆشن. ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییانەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاو کراونەتەوە، لە ڕێگای هەندێک قاچاخچیی تێکۆشەر و دڵسۆزەوە بە دەستییان گەیشتووە و لە نێو لاوە ئازادیخواز و باوەڕپێکراوەکاندا بڵاویان کردوونەتەوە ؛ ئەویش بە مەبەستی ئەوەی فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردیی و شارەزای زمان و ئەدەب و مێژووی نەتەوەکەیان ببن.
عەبدولڕەحمانی زەبیحی، محەمەدی نانەوازادە، هێمن وحەسەنی قزڵجی و چەندین لاوی دیکەی وەک ئەوان جێی بڕوا و متمانەی ڕابەرەکانی ئەو بزووتنەوەیە بوون، بۆیە هەرچی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردییان دەست کەوتووە داویانە بەوانیش و هانیان داون کە دەربارەی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد وتوێژ بکەن.
بەو جۆرە حەسەنی قزڵجی هەر زوو چاو و گوێی کراوەتەوە و شارەزای زمان و ئەدەب و مێژووی نەتەوکەی بووە و هەر لەو دەمانەوە وردە وردە دەستی بە شیعر و پەخشان نووسین کردووە و بە دەستنووسی پیشانی هاوڕێ و هاوبیرەکانی خۆی داوە.
لە ساڵەکانی ١٩٣٦ـ١٩٤١ دا چەند دەستە و کۆمەڵەیەکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و ناوچەی موکریان بەتایبەتی کەوتۆتە چالاکی و بە نهێنی شەوانە بە ناوی یاری کردن و کات بەسەر بردنەوە کۆبوونەوە و سەبارەت بە هەلومەرجی کوردستان گفتوگۆ و وتووێژیان کردووە و هەواڵ و دەنگوباسی بەشەکانی دیکەی کوردستانیان بە یەکتر ڕاگەیاندووە. حەسەنی قزڵجی هەمیشە لەگەڵ ئەوانەدا بووە و کەسێکی خۆشەویست و جێ باوەڕیان بووە. (٨)
لە ١٦ی ئۆگوستی ١٩٤٣ دا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان «کۆمەڵەی ژ . ک»بە هاوکاری و ڕێنوێنی «حیزبی هیوا»لە شاری مەهاباد لە لایەن دەستەیەک لاوی وریا و تێکۆشەرەوە دامەزراوە. (٩) زۆری نەخایاندووە کۆمەڵە پەلی بۆ شار و شارۆچکەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێشاوە و چالاکییەکانی بەرفراوان بووە. حەسەنی قزڵجی ئەندامێکی

کارا و لێهاتووی کۆمەڵە بووە و ناوی نهێنیی «ژیر» بووە. حەسەنی قزڵجی و عەبدولقادری دەباغی و چەند کەسی ئازادیخواز و ڕووناکبیری دیکەی شاری بۆکان، لقی کۆمەڵەیان لە بۆکان دامەزراندوە و زۆر چالاکانە تێکۆشاون. (١٠)
کاتێکیش لە ١٦ی ئۆگوستوسی ١٩٤٥ دا لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ . ک ، حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە، حەسەنی قزڵجیش وەک زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە لە نێو ئەو حیزبەدا چالاکی خۆی درێژە پێداوە.
لە سەردەمی کۆماری کوردستان(١٩٤٦)دا، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماردا گەلێک وتار و پەخشان و کورتەچیرۆکی جوان و سەنگینی بڵاو کردۆتەوە. ماوەیەکیش لە دەرکردنی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا هاوکاریی سەید محەمەدی حەمیدیی کردووە. (١١) هەر لەو سەردەمەدا لە شاری بۆکان بە هاوکاریی چەند شاعیر و نووسەرێک گۆڤاری «هەڵاڵە»ی دەرکردووە. (١٢) هەژاری شاعیر لە هاوکارەکانی قزڵجی بووە و لەو بارەیەوە نووسیویەتی :« کە هەوەڵ ژمارەمان بۆ پێشەوا برد، تۆنێک کاغەزی خەڵات کردین... هەڵاڵە چوار ژمارەی دەرچوو». (١٣)
کاتێک کۆماری کوردستان لەناو برا و سوپای حەنەڕەزاشا کەوتە داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، هەر لە یەکەم هەنگاوەوە دەستیان بە گرتن و زیندانی کردنی کەسانی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان کرد و پاشتریش چەندین سەرکردە و ڕابەری کۆماریان لە نێو شارەکانی کوردستان و بە بەرچاوی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانەوە لە سێدارە دا. چەند دەستەیەک لە تێکۆشەران و ڕووناکبیران خۆیان نەدا بە دەست سوپای داگیرکەر و بەرەو دێهاتەکانی سەر سنوور هەڵهاتن و خۆیان حەشار دا، هەندێکیشیان بەرەو شار و شەرۆچکەکانی باشووری کوردستان ڕۆیشتن و پەنایان بۆ تێکۆشەرانی ئەوێ برد.
لەو دەمانەدا حەسەنی قزڵجی خۆ دەگەیەنێتە شارۆچکەی«بیارە» ، لە ناوچەی هەورامان و ماوەیەک لە خانەقای شێخ عەلادینی نەقشبەندی دەمێنێتەوە. پاشان کە دەبیسێت عەبدولڕەحمانی زەبیحی و محەمەدی شاپەسندی و غەنی بلوریان و هەژار و قازی کاکە حەمەی بۆکان و چەند کەسی دیکەی وەک ئەوان ، پەنایان بۆ شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود بردوە و لە گوندی«سیتەک» جێوڕێی بۆ کردونەتەوە، ئەویش خۆ دەگەیەنێتە لای ئەوان. (١٤)
هەژار لەو بارەیەوە نوسیویەتی: « ڕۆژێک دیتم کابرایەکی ملپانی، پاڵتۆیەکی بەرگنە وشتری هەشتەرۆیانە لەبەر دا و کەوشێکی پانیە درێژی قەتارچییانە دەپێدا هاتە ژوور. پاش تاوێک ناسیمەوە حەسەن قزڵجی یە و ماوەیەک لە بیارە سۆفی بوە و ئێستا هاتوە پێی شاد و شوکور بووین ». (١٥)

لەو ڕۆژگارەدا حکوومەتی ئێران گەلێک لە تێکۆشەران و ڕووناکبیرانی کوردی بە بیانووی بەشداریکردن لە کۆماری کوردستان دا خستبوە زیندانەکانەوە و ئازار و ئەشکەنجەی دەدان . چەند ڕابەر و سەرکردەشی لە نێو جەرگەی شاری مەهاباد و بۆکان و سەقز لە سێدارە دا و نیازی بوو گەلێکی دیکەش لە سێدارە بدات.
هەواڵی لە سێدارەدانی ئەو تێکۆشەرانە لە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاو ببۆوە. کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بەو هەواڵانە دڵتەنگ و نیگەران ببوون. ئەو دەستە ڕووناکبیرەش کە لە سیتەک گیرسابوونەوە بەو هەواڵانە زۆر خەمبار بوون. لەگەڵ ڕابەرانی «پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق»و ئەندامە کوردەکانی «حیزبی شیوعی عێراق» دا کەوتنە وتووێژ و بیروڕا گۆڕینەوە، هەتاکو لە بەرامبەر ئەو وەحشیگەرییەی کە حکوومەتی ئێران دەرهەق بە گەلی کورد دەستی دابوویە، بێدەنگ نەوەستن. پاشان بڕیار دەدەن کە سەر لەنوێ دەست بە خەبات بکەنەوە و لە دژی ڕژێمی حەمەڕەزاشا چالاکی سیاسی دەست پێ بکەنەوە.
ئەم دەستە ڕووناکبیرە لە هەندێک ڕووەوە تەبا و لە هەندێک لایەنیشەوە ناکۆک دەبن، بۆیە دەبنە دوو گروپ و هەر یەکەیان بە جۆرێک چالاکی خۆی دەست پێ دەکات. (١٦) حەسەنی قزڵجی و غەنی بلوریان و چەند کەسێکی دیکە سەرەتا لەسەر ئەوە ساغ دەبنەوە کە بڵاوکراوەیەک بەناوی «ڕێگا»وە دەربکەن. پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر یەک ژمارە لەو بڵاوکراوەیە دەردەکەن. (١٧) غەنی بلوریان بەشێک لە دانەکانی بڵاو کراوەکە لەگەڵ خۆی دەبات و بە مەبەستی گەیاندنی بە ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو مەهاباد دەکەوێتە ڕێ. غەنی بلوریان خۆی لەو بارەیەوە نوسیویەتی:«دوای چاپ کردنی گۆڤاری ڕێگا لە کۆتایی مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٧ـ١٩٤٨ دا... بە یارمەتی«هەمزە عەبدوڵلا» سکرتێری ئەوکاتی پارتی گەڕامەوە بۆ مەهاباد لە گەڕانەوەم دا محەمەد مەحمود کە ئەویش ئەندامی پارتی و وەک بزانم مامۆستای قوتابخانەیەکی سلێمانی بوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگادا سەرمام نەبێ پاڵتۆیەکی دامێ و هەمزە عەبدوڵلاش دەمانچەیەکی بچووکی شەش تیری دامێ و لەگەڵ«قادر تەگەرانی» و «حەمەپۆلیس»یان خستم، کە بگەڕێمەوە ناوچەی موکریان... بە«ئالان» و لای «بانە»دا هاتینە«گردی گلان» لە گردی گلان چوومە لای «سەید کامیل» و میوانی ئەو بووم... لەگەڵ سەید کامیل دوام و داوام لێکرد ئەو بەستە گۆڤار و بانگەوازە لە لای خۆی ڕاگرێ، تا من لە مەهابادەوە کاکە »مینە»ی خزمەتکاری ماڵمان بنێرم و ئەوان بێنێتەوە بۆ مەهاباد... شەو بە »کانی مام قەمبەران»دا... چوومەوە مەهاباد... کاکە مینەم وەشوێن گۆڤار و بانگەوازەکان خست. ئەو وو ڕۆژی پێچوو، و ئەوانی هێناوە « ، پاشان باسی ئەوەی کردوە کە کاتێک دەستیان بە بڵاوکردنەوەی دانەکانی بڵاوکراوەی ڕێگا کردوە، کاربەدەستانی حکومەتی حەمەڕەزاشا بە کارەکەیانی زانیوە و گەلێک کەسیان

دەستگیر کردووە، کە یەکێکیان غەنی بلوریان بوە. (١٨)
هەر لەو دەمانەدا عەبدولڕەحمانی زەبیحی و محەمەدی شاپەسەندی و چەند کەسی دیکە گۆڤارێک بەناوی«نیشتمان»ەوە دەردەکەن و ژمارە » ١٠»ی لەسەر دەنووسن ؛ ئەویش بەنیازی ئەوە کە کۆمەڵەی ژ.ک «کۆمەڵەیّ ژیانەوەی کوردستان» زیندوو بکەنەوە و دەست بە دەرکردنەوە گۆڤاری نیشتمان بکەنەوە.(١٩) پاشان بەشێکی زۆری دانەکانی ئەو گۆڤارە دەگەیەننە شاری مەهاباد و لە نێو بەشێک لە لاوانی ئازادیخواز و خەباتگێڕ دا بڵاو دەکرێنەوە. بڵاوبوونەوەی گۆڤاری نیشتمان و بڵاوکراوەی ڕێگا لەو هەلومەرجەدا دەنگ دەداتەوە . لەلایەک دەبێتە هۆی ئەوەکە خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئومێدی پەرەسەندنەوەی خەباتەکەیان لا دروست ببێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە حکوومەتی ئێران بەوە بە ئاگا دێتەوە و هەست بە مەترسی مەسەلەکە دەکات و دەکەوێتە گرتن و زیندانی کردنی کۆمەڵێک لاوی ئازا و تێکۆشەر. لەو شالاوی گرتنەدا غەنی بلوریان و چەند هاوڕێ و هاوبیری دەگیرێن و دوچاری لێپرسینەوە و ئازار و ئەشکەنجە دەبن. (٢٠)
کاتێک هەواڵی گیرانی غەنی بلوریان و هاوڕێکانی دەگاتە حەسەنی قزڵجی و ئەوانی دیکە، هەموو نائومێد دەبن و چیدیکە ناتوانن لەسەر کارەکانیان بەردەوام بن. هاوکات حکوومەتی عێراق بە شێخ لەتیفی حەفید ڕادەگەیەنێت کە بۆی نییە دالّدەی کوردە هەڵهاتووەکانی «ئێران» بدات و لایّ خۆی گلیان بداتەوە.
شێخ لەتیف بە پارە و لە ڕێگای چەند دۆست و ئاشنایەکی خۆیەوە ناسنامەی عێراقی بۆ حەسەن قزڵجی و هەژار و ئەوانی تریش ساز دەکات هەتاکو لە گرتن و ڕاونانی پۆلیسی عێراقی ڕزگاریان ببێت. هەژار نوسیویەتی: «قزڵجی و من لەبیرم نەماوە کێی تریش (پێم وایە هەمزەی سڵەمان ئاغا بوو) ناوی خۆمان گۆڕی. قزڵجی ناوی «سەیدڕەحیم» و من «عەزیز قادر»م هەڵبژارد و شێخ لە »چوارتا» پێناسی عێراقی بۆ وەرگرتین و بووینە عێراقی و ترس و لەرزمان لە گرتن بەسەر چوو». دواتریش نوسیویەتی :«قزڵجی و من هەردوکمان لەو ژیانە پەنابەرییە وەڕەز بووین ... (شێخ لەتیف) نامەیەکی بۆ عەلی کەمال بەگ نووسی کە ملیونێرێک بوو، نووسی کارم بداتێ. قزڵجیش بەو هەوایە کە مام و ئامۆزای لە بەغدان ، ملی دا و چووینە بەغدا». (٢١)
لە بەغدا ماوەیەک هەژار و قزڵجی پێکەوە دەبن و بۆ کار دەگەڕێن. پاش گەڕان و ئەملا و ئەولا، کارێکی ئەوتۆیان دەستگیر نابێت، ئیدی لێک جیا دەبنەوە و هەر یەکە بۆخۆی بە شوێن کار دا وێڵ دەبێت.
حەسەنی قزڵجی لەو ماوەیەدا چەندین کاری وەک : کرێکاری، حەماڵی ، شاگردی، فرۆشیاری... دەکات و هەرچی و چۆنێک بێت خۆی دەژیەنێت و خۆشی لە پۆلیس و

جاسووسەکانی حکومەت دەشارێتەوە. پاشان لە ژیانی بەغدا بێزار دەبێت و بەرەو سلێمانی دەڕوات. ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و بە کاری وێنەگرییەوە خەریک دەبێت. ئینجا لەوێش بێزار دەبێت و بەرەو بەغدا دەڕواتەوە. ئەم جارە لەگەڵ عەبدولڕەحمانی زەبیحی و هەژار یەک دەگرنەوە و هەر یەکە کارێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و هەرسێکیان لە خانوویەکدا پێکەوە دەژین. لەو بارەیەوە هەژار نوسیویەتی :«بەهۆی مستەفا کویر ناوێکی بە چاوێک کە خۆی بەخزمی زەبیحی دەزانی، زەبیحی و قزڵجی لە کافە رستورانێکی هەرە بەناوبانگی بەغدایە کە خاوەنەکەی عەبدوڵلا شەریفی کۆنە سابڵاغی و ملیۆنێر بوو، بە نووسەر دامەزان». (٢٢) ماوەیەک بەوکارەوە خەریک دەبن. لەپڕ ڕۆژێک لەکاتی کارکردندا پۆلیسی عێراقی دەدات بەسەریاندا و هەردوکیان دەستگیر دەکات و بەرەو زیندانیان دەبەن. نزیکەی ساڵێک لە زیندان دا دەیانهێڵنەوە. بە درێژایی ئەو ماوەیە خاوەن رێستورانەکە ئاگای لێیان دەبێت و یارمەتییان دەدات. لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژگارانەدا زیندانەکانی عێراق پڕ دەبن لە کەسانی تێکۆشەر و ڕوناکبیری کورد ؛ لە نزیکەوە گەلێک لەوانە دەناسن و دۆستایەتییەکی باش لە نیوانیاندا دروست دەبێت.

لە مانگی نیسانی ١٩٥٤دا حکومەتی عێراق لە ڕێگای خانەقین ـ قەسری شیرنەوە هەردوکیان دەداتە دەست حکومەتی ئێران . دوایی لە قەسری شیرینەوە بەرەو کرماشانیان دەبەن. لەوێ کاتێک پۆلیس لێیان دەکۆڵێتەوە، دەڵێن ئێمە عێراقین و ئەوەش پێناسەکانمان. کە سەرنجی پێناسەکانیان دەدەن، باوەڕیان پێدەکەن و پاش ئەمسەر و ئەوسەر بەو مەرجە کە خۆیان بەرەو عێراق بڕۆنەوە، ئازادیان دەکەن. ئیدی هەردوکیان بەرەو تاران دەچن و دەچنە ماڵی عەبدوڵلا ئاغای ئێلخانیزادە(پورزای حەسەنی قزڵجی). پەش چەند ڕۆژێک زەبیحی بەرەو سنە و قزڵجیش بەرەو کرماشان دەڕوات. زەبیحی زوو خۆ دەگەیەنێتەوە عێراق. قزڵجیش لە کرماشان دەچێتە ماڵی سەعیدی حافیدیی ئامۆزای. (٢٢)

سەعیدی حافیدی یارمەتی دەدات و دەیداتە دەست شێخ موعتەسەمی حسامی کە پیاوێکی دەستڕۆیشتوو و ناسراو بووە. (٢٤) شێخ موعتەسەم لەگەڵ خۆی بەرەو سنەی دەبات و دەیگەیەنێتە ناوچەی جوانڕۆ. دوو سێ هەفتە لەو دێهاتانەی هەورامان خۆ حەشار دەدات. دوایی بڕیار دەدات بەرەو باشووری کوردستان بڕواتەوە. (٢٥)

لە مانگی حوزەیرانی ١٩٥٤دا لە هەڵەبجە سەر هەڵدەداتەوە. ماوەیەک لە تەکیەی شێخ ئەحمەد دەمێنێتەوە. ئینجا بەرەو ناوچەی بازیان (نێوانی سلێمانی و کەرکووک) دەڕوات . لەوێ نزیکی سێ ساڵ بە توتنەوانی و کشتوکاڵەوە خەریک دەبێت. (٢٦)

پاش ڕاپەڕینی تەمووزی ١٩٥٨، هەلومەرجێکی تا ڕادەیەک ئارام بەرقەرار دەبێت و کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چەند ساڵ بوو نەیاندەوێرا بەئاشکرا بێن و بچن ،

ئەودەم توانیان بە ئازادی بژین . هەژار نوسیویەتی:« دەگەڵ زەبیحی کەوتینە نیگەرانی: خوایە قزڵجی لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا چی بەسەرهات؟ دەیانگوت بۆتە فاڵچی لە کرماشان ، توور و گێزەر دەفرۆشێ، سۆراغمان هەر نەکرد. دوای دوو مانگ هاتینەوە بەغدا، قزلجی پەیدا بوو. کە دەگەڵ زەبیحی لێک هەڵبڕابوون ، ببوە میوانی حافیدی ئامۆزای و خۆی گەیاندبوە هەڵەبجە. ئەو هەموو مابەینە بۆتە سۆفیەکی ڕیش درێژ لە تەکیەی شێخێک و نوشتەی لەباتی شێخ نووسیوە و نان و دۆی تەکیەی خواردوە تا کودەتای قاسم چەند مانگی بەسەردا تێپەڕیوە، تازە وێراویە دەرکەوێ. دیسان سێ تفەنگدار گەیشتنەوە یەک !». (٢٧) ماوەیەک هەژار و حەسەنی قزڵجی لە پاڵ کارەکەیدا لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو دەمە دا وتار و کورتەچیرۆک بڵاو دەکاتەوە. لەگەڵ زەبیحیشدا چەند کتێبێک دەکەنە کوردی و نیازیان دەبێت درێژە بەکاری وەرگێڕان بدەن، بەڵام زۆر ناخایەنێت هەلومەرجەکە دەگۆڕێت و ناتوانن ئەوەی وەریانگێڕاوەتەوە چاپی کەن و بڵاوی کەنەوە. (٢٨)
ساڵی ١٩٦١ حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم دەکەوێتە بەر تەسک کردنەوەی مافە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد و ئەو دیمۆکراتییەی کە لە عێراقدا بەرقەرار ببوو لەباری دەبات و بەرەو دیکتاتۆرییەت هەنگاو دەنێت. ئیدی سەرلەنوێ ژیانی کوردە پەنابەرەکانیش دژوار دەبێتەوە.
حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم بەو پەنابەرانە ڕادەگەیەنێت کە یان دەبێت لە عێراق بچنە دەرەوە، یان دەستگیریان دەکات و دەیانداتەوە بە حکوومەتی ئێران. ئیتر هەر یەکەیان بۆ خۆی ڕێگایەک دەدۆزێتەوە. حەسەنی قزڵجی بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش نەگیرێت و نەدرێتەوە بە حکوومەتی ئێران، بڕیار دەدات بەرەو ئەڵمانیای دێمۆکراتی بڕوات. حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی تودەی ئێران هاوکاریی دەکەن و پاسپۆرتی بۆ ساز دەکەن و دوکتور ڕەزای ڕادمەنیش لەگەڵ خۆی بەرەو ئاڵمانیای دیموکراتیی دەبات.
پاش چەند مانگێک بەرەو بوڵگاریای دەنێرن هەتاکو لە«ڕادیۆی پەیکی ئێران»دا کار بکات. (٢٩) چەند ساڵێک بەو ڕادیۆیەوە خەریک دەبێت. ڕۆژانە هەواڵەکانی جیهان و ئێران و هەندێک جار هەواڵی کوردستانیش بە کوردی و عەرەبی ئامادە دەکات و خۆیشی وەک گۆیندە دەیانخوێنێتەوە، پاشتریش کەریمی حیسامی و چەند کەسێکی دیکە دەبنە هاوکاری.. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤دا حەسەنی قزڵجی و دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملو و کەریمی حیسامی ، پاش پرسوڕا بە حیزبی تودەی ئێران ، بڕیار دەدەن کە ڕۆژنامەیەک بە ناوی «کوردستان»ەوە دەربکەن. پاش مشتومڕێکی زۆر لە مانگی یەنیوەری ١٩٦٥دا یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە دەردەکەن. ئیدی بەردەوام دەبن لە دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیە هەتاکو مارتی ١٩٧٠ و بەسەریەکەوە »٢٦»ژمارەی لێدەردەکەن. حەسەنی قزڵجی بە نازناوی

«موکری»یەوە گەلێک وتار و کورتە چیرۆک و پەخشانی ئەدەبیی تیادا بڵاو دەکاتەوە.
هەر لەو ساڵانەشدا دەبێتە ئەندامی حیزبی تودەی ئێران ؛ هاوکات دۆستایەتی خۆیشی دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا دەپارێزێت و هەندێک جار لە کۆبوونەوە تایبەتی و نهێنییەکانیشیاندا بەشدار دەبێت. (٣٠)
هەر لەو دەمانەدا بەردەوام وتار و کورتەچیرۆ و بابەتی وەرگێڕاو بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی عێراق دەنێرێت و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ چەند نووسەر و شاعیر و ڕوناکبیری باشووری کوردستاندا دەبێت. (٣١)
ساڵی ١٩٧٩ ڕاپەڕینی جەماوەری ئێران پەرە دەستێنێت و حکوومەتی حەمەڕەزاشا دەڕووخێنرێت و لەناو دەبرێت. ئیدی خەڵکی ئێران وا چاوەڕوان دەکەن کە لە جێی حکوومەتی دیکتاتۆڕیی شا دا حکوومەتێکی دیموکراتیک و پێشکەوتوو دێتە سەر کار و خەڵکی ئێران بە ئاشتی و ئازادی و دوور لە ستەم و زۆرداریی دەژین. هەر بەو ئومێدەوە هەزاران ڕۆشنبیر و نووسەر و تێکۆشەری فارس و ئازەری و بەلووچ و کورد، کە ساڵەها بوو لە دەربەدەریدا دەژیان دەستە دەستە بەرەو ئێران چوونەوە. حەسەنی قزڵجیش بەو ئاواتەوە بەرەو ئێران ڕۆیشتەوە. ماوەیەک لە شاری بۆکان لە نێو خزم و دۆستانیدا ژیا، دوایی چوە تاران و لە سەرکردایەتیی حیزبی تودە دا جێ و ڕێی بۆ دیاری کرا.
ئەودەم حیزبی تودەی ئێران وەک زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئێران بە ئاشکرا دەستی بە چالاکی کردبوو. تا ڕادەیەک خەڵکی لە دەور کۆ ببۆوەوە و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی سیاسی و ڕۆشنبیریی دەردەکرد و لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا بنکە و بارەگای هەبوو.
لە حەڤدەهەمین پلنۆمی حیزبی تودەی ئێراندا حەسەنی قزڵجی بە ئەندامی لیژنەی ناوەندیی هەڵدەبژێردرێت و لە بەشی پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکاندا دادەندرێت. (٣٢) هاوکات لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامە کۆنەکانی نێو حیزبەکەدا بیر لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەکەنەوە. لەبەر پرینسیبی حیزبی بە سەرکردایەتی حیزبی تودە ڕادەگەیەنن کە نیازیان هەیە ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەربکەن، بەڵام حیزبی تودە بە بیانووی جۆراوجۆر داواکەیان ڕەد دەکاتەوە. دواتر بڕیار دەدەن کە لە ژێر چاوەدێریی سەرکردایەتی حیزبەکەدا ڕۆژنامەی «مەردم» بە کوردی دەربکەن. (٣٣) حەسەنی قزڵجی و حەسەنی ماوەرانی و چەند نووسەرێکی دیکە هاوکاریی یەکتر دەکەن و نزیکەی دوو ساڵ لە دەرکردنی بەردەوام دەبن. تا ئەو دەمی کە حکوومەتی جمهوری ئیسلامی ئێران شالاوێکی کتوپڕ بۆ سەر حیزبی تودە دەست پێدەکات و زۆربەی ئەندامە چالاک و دیارەکانی حیزبەکە دەستگیر دەکات.

ڕۆژی شەممە ٥ی فێبرواری ١٩٨٣حەسەنی قزڵجیش دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە. ئەودەم گەیشتبوە حەفتاساڵ، بەڵام بەو پیرییەش لێیناگەڕێن و نزیکەی دە مانگ لە ژێر ئەشکەنجەی فسیۆلۆژی و دەروونیدا دەهێڵرێتەوە و زۆر دڵڕەقانی لەگەڵی ڕەفتار دەکەن. تا لە ڕۆژی ؟؟؟؟دا کۆچی دوایی دەکات. (٣٤) چەند کەسێک بە چاوەدێری و ئاگاداریی حکوومەت تەرمەکەی لە تاران، لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا دەنێژن!...

حەسەنی قزڵجی نووسەر :

حەسەنی قزڵجی چیرۆکنووس، ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ و شارەزای زمانی کوردی بوو. لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەتاکو ئەودەمی کە لەلایەن جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە دەستگیر کرا، دەیان وتار و کورتەچیرۆک و بابەتی ئەدەبی و زمانەوانی و مێژوویی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاو کردوەتەوە.

حەسەنی قزڵجی جگە لە زمانی دایکیی خۆی ، زمانی فارسی و عەرەبی و بوڵگاری و تا رادەیەک تورکیشی زانیوە. هەروەها زۆربەی دیالێکتە کوردییەکانی زانیوە و قسەی پێکردوون.

ئەگەرچی لە زۆر بواری جیاجیادا توانا و لێوەشاوەیی خۆی نیشان دابوو، بەڵام زیاتر وەک چیرۆکنووس ناوبانگی بڵاو ببۆوەوە. لە ڕاستیدا چیرۆکنووسێکی بەتوانا بوو. ئەو لەبارەی ئەزموونی چیرۆکنووسی خۆیەوە نووسیویەتی:«لە تەمەنی بیست ساڵیدا بووم، لەگەڵ ئامۆزایەکم (کە بەداخەوە لەم سالانەدا لە کرماشان لە دنیا دەرچوو) لەلای مامێکمان مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە لە مەهاباد دەمان خوێند. تورجانی زادە، بۆ پێ خوێندنی ئێمە میتۆد و شێوەیەکی تایبەتی بەکار دەهێنا. ڕێزمانی عەرەبی«نحو ـ صرف»ی فێر دەکردین، دوای فێرکردنی «قاعدە» یەکێک لە چیرۆکەکانی مەنفەلوتی پیشان دەداین. دەبوو لەو چیرۆکەدا دیاریی بکەین کە ئەو قاعیدانە چۆن بەکار هێنراون. لەپاشان دەبوو تەواوی چیرۆکەکە بگێڕینەوە و ڕوونی بکەینەوە مەبەستی نووسەر ، لە نووسینی ئەم چیرۆکە چ بووە. ئەگەر بمان زانیایە ئافەرینی دەکردین، ئەگەر نەمان زانیایە خۆی ئەو مەبەستەی بە درێژیی بۆ ڕوون دەکردینەوە و تێی دەگەیاندین. تورجانی زادە بایەخێکی زۆری بە چیرۆک دەدا، خۆشی لە کتێب و گۆڤاراندا چیرۆکی بخوێندایەوە، گەلی جار بۆمانی دەگێڕایەوە و بە درێژی لێی دەکۆڵیەوە. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە هەر لەو وەختەوە حەز بە چیرۆک بکەم. ماوەی چەند ساڵێکیش لە تاوی پۆلیسی ئەوسا لە بازیان خەریکی تووتن کردن بووم و لە ناو وەرزێرەکاندا دەژیام. دەمدی کە وەرزێرەکان گەلێ نەقڵ و حیکایەتیان دەزانی و زۆر بەتام و لەزەت بۆ یەکریان دەگێڕایەوە. لەمەش بۆم دەکەوت کە چیرۆک لە ناو کۆمەڵانی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشی کورد دا تەئسیرێکی زۆری هەیە» (٣٥)

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ بەشێک لە نووسینەکانی بکەین :
١ ـ ئاشتیخوازی لادێیی و پەیمانی دوولایی، دوو شیعری درێژن یەکیان حەسەنی قزڵجی و ئەوی دیکە عەبدولرەحمانی زەبیحی نووسویەتی، لە بەغدا ساڵی ١٩٥٩، لە چاپخانەی«النجاح» چاپ کراوە، محەمەد تۆفیق وردی پێشەکیی بۆ نووسیوە.
٢ ـ پێکەنینی گەدا، کۆمەڵە چیرۆکێکە، کاتی خۆی حەسەنی قزڵجیّ لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی عێراقدا بلاوی کردبوونەوە، ساڵی ١٩٧٢ لە بەغدا چاپکراوە، هێمنی شاعیر پێشەکیی بۆ نوسیوە. ساڵی ١٩٨٥ مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم سەرلەنوێ چاپی کردوەتەوە و پێشەکییەکی کورتیشی بۆ نووسیوە.

وتار و لێکۆڵینەوەکانی :
١ ـ پێشمەرگە، دوکتۆر ڕەحیمی قازی، بەغدا، ١٩٦١.
٢ ـ مەم و زینی خانی، هەژار کردویە بە موکریانی، بەغدا، ١٩٦٠.
٣ ـ کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، کەریمی حیسامی، لە بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغدا، ١٩٧١.
وەکو ئێمە ئاگادارین ئەم بەرهەمە چاپ نەکراوانەشی هەبوە:
١ ـ تیئۆری ئەدەبی، لە بولگارییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی، ٥٠٠ لاپەڕەی دەستنووس بووە.
٢ ـ زاراوەکانی سیاسی ـ کۆمەلایەتی، وەرگێڕاوە بۆ کوردی. (٣٦)
٣ ـ کورتە چیرۆکەکانی ئەنگێل کاراڵچیڤ، لە بولگارییەوە کردویەتەی بە کوردی. (٣٧)
وەک هەندێک لە هاوڕێ نزیکەکانی ئاماژەیان بۆ کردووە، یەسەنی قزڵجی بەرهەمی چاپ نەکراوی دیکەشی هەبوە و ساڵی ١٩٧٩ کە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران هەموویانی لە کتێبخانەکەی لە بولگاریا بەجێ هێشتووە. ئیدی پاش مردنی کتێبخانەکەی و بەرهەمەکانی کەوتوونەتە لای حیزبی تودەی ئێران و تا ئێستا بێ سەر و شوێن ماونەتەوە. خۆ ئەگەر بێت و ڕۆژێک دەستنووسەکانی بدۆزرێنەوە و چاپ بکرێن ئەوە باشترین ڕێز و وەفا دەبێت بۆ ئەو مرۆڤە نەمرەمان.
پەراوێز و ڕوونکردنەوەکان :

---

(١) حەسەنی قزڵجی ، پێکەنینی گەدا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٢، ل٨ ـ٩ .
(٢) سەبارەت بە بنەماڵەی قزڵجی بڕوانە: مەلاعەبدولا ئەحمەدیان، عەللامە قزڵجی و زانکۆی تورجان، گۆڤاری سروە، ژمارە ١١٩، جۆزەردان١٣٥٧، ل ٢٥ ـ٣٠.
(٣)مێژووی لەدایکبوونی حەسەنی قزڵجی بەچەند جۆرێک نووسراوە:«١٩١٣» عوسمان

مەحمود ئەحمەدی، لە یادی نەمراندا۔ حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری کاروان، ژمارە٣٩، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥، ل١٧) ؛ «١٥ی ئەیلولی١٩١٤». (جۆیس بلاو، مرنا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هیوا۔ هیڤی، ژمارە٤ ، ئەیلوولی١٩٨٥، ل٧) ؛«١٢٩٢ی هەتاوی».(حەسەنی ماوەرانی، بەیادی نووسەر و ئەدیب و تێکۆشەری شەهید مامۆستا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هاوار، ژمارە٩، بەفرانباری ٢٠٠٠، ل٣٤).

(٤)مەلا ئەحمەدی فەوزی کەسێکی ڕووناکبیر و تێکۆشەر بووە. ساڵی ١٨٧٥ لە گوندی عەبابەیلێی نزیک هەڵەبجە لەدایک بووە. لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحمود دا لە دایک بووە . لە منوەرەکانی ئەو دەمی سلێمانی، پاش لەناوچوونی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، وەک زۆر تێکۆشەری دیکەی ئەودەمە، سلێمانی بەجێ دەهێڵێت و لە ناوچەی موکریان ، لە گوندی حاجیکەند دەگیرسێتەوە. لەوێ بە پەروەردە و فێرکردنی منداڵان و مێرمنداڵانی ئەو دەڤەرە خەریک دەبێت هێمن و حەسەنی قزڵجی و گەلێک ڕووناکبیر و تێکۆشەری دیکەی نەتەوەکەمان شاگردی ئەو بوون.

هێمن لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی:« فەوزی بەبڕوای من یەکێکە لە گەورەپیاوانی مێژووی کوردستان ، کە داخەکەم شوێنەوارەکانی فەوتاون و خۆشی لەبیر چۆتەوە. ئەو لاوە کوردانەی لەسەردەمی پاشایەتی ڕەزاخانی پەهلەوی دا... ئازایانە کوردایەتییان دەکرد، یا ڕاستەوخۆ شاگردی فەوزی بوون یا شاگردی شاگردەکانی ئەو. بەتایبەتی پێشەوا قازی موحەممەدی شەهید شانازی بەوەوە دەکرد کە شاگردی فەوزی بووە. مەلا ئەحمەدی فەوزی یا مەلای سولێمانی کێ بوو؟چکارە بوو؟ بۆ پەڕیوەی مەڵبەندی ئێمە ببوو ؟ نازانم... دەیان گوت خەڵکی شاری سولێمانی یە و لە کوردستانی عێراقەوە لەگەڵ شێخەلیسلامی گەورەدا... هاتۆتە موکریان . پاش مردنی شێخەلیسلام ژنەکەی ئەوی مارە کردبۆوە و کچێکی لێ هەبوو... بۆ خۆی لە ساڵی ١٩٤٣۔١٣٢٢دا لە گوندی حاجیکەند مرد و لە خانەقای شێخی بورهان نێژراوە. کتێب و نووسینەکانی وەگیر زاواکەی کەوتن کە هیوادارم نەفەوتابن... فەوزی زانایەکی گەورە، ئەدیبێکی کەم وێنە، کوردێکی پاک و بێ باک بوو...» (هێمن ، تاریک و ڕوون، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٤، ل١١۔١٢). هەژار لە بیرەوەرییەکانیدا بە کورتی باسیکردووە و نوسیویەتی:«مامۆستا فەوزی زۆر عالم ، زۆر کورد، شاعیر، ئیتر وەک ئاردی بەهارو بۆ هەموو شت دەبوو. نسحەت و ڕێنیشاندانی ئەو ، بیری کوردایەتی خستە مێشکی زۆر لە لاوانی ئاشنای. دنەدانی ئەو هێمنی کردە شاعیر». (هەژار، چێشتی مجێور، ل ٣٩).

سەید محمد سەمەدی دوو پارچە شیعری مەلا ئەحمەدی فەوزیی لە زمانی مەلا قادری مدەرسییەوە نوسیوە. (سێد محمدصمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، مهاباد۔ انتشارات رهرو،

۱۳۷۳، ص ۳۰٤). سەعید ناکام ؟
(٥) مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە، کوڕی مەلا محەمەد حسێن کوڕی مەلا عەلی قزڵجییە، ساڵی ۱۹۰۳ لە سابڵاخ (مەهاباد) لە دایکبووە. سەردەمێک مەلا بوە و پاشان بوەتە فەرمانبەر و دواتر بوەتە مامۆستا و لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا بە هۆی شارەزایی لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا بوەتە مامۆستا لە زانکۆی تەورێز لە کۆلێژی زانستە مرۆییەکان. ڕۆژی چوارشەمە ۲٤ـ۹ـ۱۹۸۰ لە شاری تەورێز کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی وادی ڕەحمەت نێژراوە. خاوەنی گەلێک کتێب و نووسراوی جۆراوجۆرە. شایانی باسە ساڵی ۱۹۲۱ مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە هاوکاریی مەلا محەمەدی قزڵجی برای کردوە لە دەرکردنی ڕۆژنامەی «کورد»دا، کە وەک ئۆرگانی بزووتنەوەکەی سمایل خانی شکاک لە ورمێ دەریان کردووە، لەسەر ئەوە خۆی و براکەی لە لایەن فەرماندەیەکی خوێنڕێژی حکومەتی ڕەزاشا بە ناوی عەبدوڵلا تەهماسبی، دەستگیر دەکرێن و نیازیان دەبێت بیان کوژن، بەڵام بە هەوڵی سەردارێکی کورد، لە مردن ڕزگاریان دەبێت. (دەربارەی بڕوانە:
۱ ـ بابا مردوخ، تاریخ مشاهیر کرد، جلد دوم، تهاران، ۱۳٦٦، ص٤٤۲ـ٤٤٦ . ۲ ـ سیدمحمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، مهاباد ـ انتشارات رهرو، ۱۳۷۲، ص۲٤٦ .
۳ـ محەمەد سالح ئیبراهیمی(شەپۆل)، ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، تهران، ۱۳٦٤ کۆچی، ل۲٤۹ ـ۲٥٦.
(٦) فەرمانداری ئەودەمەی شاری مەهاباد ناوی «سریع القلم»بوە.
(۷) لەو بارەیەوە بڕوانە : پێشەکی هێمن بۆ کۆمەڵە چیرۆکی «پێکەنینی گەدا»، ل۷. هەروەها : کەریمی حیسامی، کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، ۱۹۷۱، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ل ٦.
(۸) دەربارەی چالاکی سیاسی حەسەنی قزلجی لە هەلومەرجی پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان دا، بڕوانە :(ئەحمەدی شەریفی، سوارە لەبەر تیشکی نووسراوەکانیدا، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە٤ـ٥، تەموزی ۱۹۸۷، ل۱٤٦). هەروەها بڕوانە: (حەسەنی ماوەرانی، بەیادی نووسەر و ئەدیب و تێکۆشەری شەهید مامۆستا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هاوار، ژمارە۹، بەفرانباری۲۰۰۰، ل۳٤).گۆڤاری هاوار، ژمارە۹، بەفرانباری ۲۰۰۰، ل ۳٤).
(۹) سەبارەت بە کۆمەڵەی ژ.ک. لێکۆڵینەوەیەکم نوسیوە، کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ، ژمارەی ۱٤۰۱، دووشەممە ۷ـ٤ـ۱۹۹۷»دا کورتەیەکیم بڵاو کردەوە. پاشتر لە گۆڤاری گزینگ ـ سوید، ژمارە۳۱، بەهاری۲۰۰۱، ۳٦ـ۳۹»دا بە زانیاریی زیاترەوە بڵاوکردەوە، ئێستا ئەو لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی دیکەمدا کە دەربارەی

«حیزبی ئازادیخوازی کوردستان»ە و هەردوکیان تەواوکەری یەکترین ئامادەن بۆ چاپ لە دوو توێی کتێبێکدا.
(١٠) سەبارەت بە ئەندامێتی و چالاکی حەسەنی قزڵجی لە نێو کۆمەڵەی ژ.ک. دا شەوی هەینی ٢٠-٨-٢٠٠٤ بە تەلەفۆن لەگەڵ بەڕێز عەبدولقادر دەباغی«مامەقالە» دا قسەم کرد و گوتی :«حەسەنی قزڵجی ئەندامێکی کارا و لێهاتووی کۆمەڵەی ژ.ک. بوو، ناوی نهێنی ژیر بوو، بەڵام ژمارەی ئەندامێتیم لەبیر نەماوە...- پێشتریش لە ٦- ٤-٢٠٠٤ دا بە تەلەفۆن لەگەڵ مامۆستا سەلاحەدینی موهتەدی کرد. ئەویش گوتی«ئەندامی کۆمەڵە بووە و لە بۆکان چالاکانە لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا تێکۆشاوە».
(١١) سەیدمحەمەدی حەمیدی نووسەر و ڕوناکبیرێکی سەردەمی کۆماری کوردستان، سەرنوسەری ڕۆژنامەی «کوردستان»ی ئۆرگانی «حیزبی دیموکراتی کوردستان»، هەروەها سەرنوسەری گۆڤاری «کوردستان»یش بوە. سەید محەمەد حەمیدی کوڕی عەبدوڵلا کوری سەید فەیزوڵلا کوڕی سەید شوکوروڵلای پارسانیایە، لە ١٩٠٣دا لە گوندی شالوجەی سەقز لە دایک بووە. لە ڕۆژی ٢٧-٤-١٩٧٩ دا لە شاری سنە کۆچی دوایی کردوە و لە گۆڕستانی شێخ محەمەد باقری غیاسی نێژراوە. سەید محەمەد حەمیدی یەکێکە لە هەزاران ڕوناکبیر و تێکۆشەری گومناوی نەتەوەکەمان! (دەربارەی بڕوانە : ئەحمەدی شەریفی، سەید مەحەمەدی حەمیدی سەرنوسەری ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان، گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٥، ڕێبەندانی ٢٠٠٤، ل١٧ هەتاکو ل٢١). هەژار ، چێشتی مجێور، ل
(١٢) هەڵاڵە : گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بوە، لە شاری بۆکان دەرکراوە. حەسەنی قزڵجی سەرنوسەر و بەڕێوەبەری بووە. یەکەم ژمارەی لە ٢١ی مارتی ١٩٤٦دا دەرچووە. سێ ژمارەی لێ دەرکراوە.
(١٣) هەژار لە چێشتی مجێور ،(ل٨٧)دا نوسیویەتی : چوار ژمارەی لێ دەرچووە.
(١٤) شێخ لەتیف کوری شێخ مەحمودی حەفیدە. ساڵی ١٩١٧ لە دایک بوە. لە مێردمنداڵییەوە تێکەڵی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی بووە. لە ١٩٣٧دا لەگەڵ چەند کەسی ڕوناکبیر و تێکۆشەردا ڕێکخروێکی سیاسییان بەناوی «کۆمەڵەی برایەتی»یەوە دامەزراندوە و لە پێناوی بوژاندنەوەی هەستی نەتەوەییدا تێکۆشاون و لاوانی کوردییان بە بیر و باوەڕی کوردایەتی گۆشکردووە. پاشتریش لە چەند کۆمەڵە و پارتێکی سیاسیدا ڕۆڵی بەرچاوی نواندووە. سەردەمێک ژیانی بە دورخراوەیی بردۆتە سەر و چەند ساڵیش خراوەتە زیندانەوە. ڕۆژی ١٢-٥-١٩٧٢ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. ڕۆژی دواتر لە مەراسمێکی پڕشکۆدا تەرمەکەی بەرەو سلێمانی براوەتەوە و لە تەنیشت شێخ مەحمودی باوکی نێژراوە. شێخ لەتیف شیعر و وتار و بابەتی مێژوویی بەنرخی نوسیوە.

(١٥) چێشتی مجێور، ل١٠٣.
(١٦) غەنی بلوریان لە بیرەوەرییەکانیدا کە بەناوی «ئاڵەکۆک»ەوە بڵاوی کردۆتەوە تا ڕادەیەک باسی ئەو دەمانەی کردووە. هەروەها محەمەدی شاپەسەندی لەچەند وتاری خۆیدا گەلێک سەرنج و ڕوونکردنەوەی گرنگی لەوبارەیەوە تۆمار کردووە. (بۆ نمونە بڕوانە: محەمەدی شاپەسەندی، لە پەراوێزی ژیان وبەسەرهاتی زەبیحی ـ نهێنییەکانی چاپی ژمارە«١٠»ی نیشتمان، گۆڤاری ڕۆژنامەنووسان، ژمارە١، بەهاری٢٠٠٢، ل١٢١ـ١٢٥).
(١٧)ڕێگا: بڵاوکراوەیەکی کوردی فارسی بووە، لە مانگی خەزەڵوەری١٣٢٧(کۆتایی ئۆکتوبەر و سەرتای نۆڤێمبەری١٩٤٨)دا لەلایەن حەسەنی قزڵجی و غەنی بلوریانەوە لە گوندی سیتەک ـ نزیک سلێمانی تەنها یەک ژمارەی لێ دەرکراوە. ئەگەرچی لەژێر ناوی بڵاوکراوەکەدا نووسروە:«ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد»، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بە «کۆمەڵەی ژ.ک.»ەوە نییەر ؛ هەندێک ئەمەیان لێ تێکەڵ بووە و بەستوویانەتەوە بە کۆمەڵەی ژ.ک.ەوە!! لە ڕۆژنامەی«کوردستانی نوێ، ژمارەی ١٥٨٢، پێنج شەممە ٢٦ـ٣ـ١٩٩٨»دا تا ڕادەیەک لەم باسەم کۆڵیوەتەوە.
(١٨) غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک ـ بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم ـ ستوکهۆڵم ـ ١٩٩٧، ل٩٣ـ٩٨ و چەند لاپەڕەی دواتریش.
(١٩) ژمارە ١٠ی نیشتمان : لە لایەن عەبدولڕەحمان زەبیحی و محەمەدی شاپەسەندی...یەوە لە گوندی سیتەک ـ نزیک سلێمانی دەرکراوە. لەژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسیویانە :«ئۆرگانی نەهزەتی مقاومەتی کۆمەڵەی ژ.ک.»، تا ئێستا بە تەواوەتی بۆم ڕوون نەبۆتەوە کە چ مانگێک دەرکراوە، بەڵام ئەوەی کە لێی دڵنیام ئەوەیە کە لە نێوان مانگی یولی ـ نۆڤێمبەری ١٩٤٨دا دەرکراوە. هەندێک کەس وا ڕادەگەیەنن کە ئەم ژمارە ١٠یەی نیشتمان دەرنەکراوە و هەر تەنها گوتەیە! محەمەدی شاپەسەندی لە چەند نووسینی خۆیدا تەئکیدی لەسەر دەرکردنی کردووە و زانیاریی بەنرخیشی دەربارەی ئەو سەردەمە کە ئەو گۆڤارەی تیادا دەرکراوە نوسیوە. بە باوەڕی خۆم ئەم ژمارە (١٠)یەی گۆڤاری نیشتمان هیچ پەیوەندییەکی بابەتییانەی بە گۆڤاری «نیشتمان»ی کۆمەڵەی ژ.ک.ەوە نییە! بەم ژمارەیەی نیشتمان نەتوانراوە کۆمەڵەی ژ.ک. زیندوو بکەنەوە، نەتوانراویشە درێژە بە دەرکردنەوەی نیشتمان بدەنەوە! بە باوەڕی من کۆمەڵەی ژ.ک. لە دوای دامەزراندنی«حیزبی دیموکراتی کوردستان» کۆتایی هات! (ئەم باسە شایانی لێکۆڵینەوەیە و دەکرێت لە داهاتوودا بە بەڵگە و زانیاریی وردترەوە لێی بکۆڵینەوە).
(٢٠) لە هەفتەنامەی «هاوپەیمانی» ژمارە ١٥، شەممە ٢٧ـ٦ـ١٩٩٨ دا دەربارەی هەندێک لە باسەکانی «ئاڵەکۆک»م نوسیوە.

(٢١) چێشتی مجێور، ل ١١٣.
(٢٢) چێشتی مجێور، ل١٨٠.
(٢٣) سەعیدی حافیدی کوڕی مەلا ڕەحیم کوڕی مەلا محەمەدحەسەن کوڕی مەلا عەلی قزڵجییە، لە شاری بۆکان لەدایک بووە. هەر زوو خراوەتە بەر خوێندن و بۆ خوێندن زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە. ساڵی ١٩٣٢ چوەتە سلێمانی و ماوەی دوو ساڵ لەوێ خوێندویەتی. پاشان چۆتە مەهاباد و لەگەڵ حەسەنی قزڵجیدا لەلای مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە خوێندوویانە. ساڵی ١٩٣٨ بوەتە فەرمانبەر و دواتر چۆتە شەری کرماشان و لە دادگادا کاری کردوە. ساڵی ١٩٦٤ لە کرماشان کۆچی دوایی کردوە. جگە لە زمانی دایکیی زمانی فارسی، تورکی، عەرەبی و ئینگلیزیی زانیوە. گەلێک شیعر و بەرهەمی بلاونەکراوەی لەپاش بەجێ ماوە. (دەربارەی بڕوانە : بابا مەردوخ رواحانی، تاریخ مشاهیر کرد، ص٣٦٥-٣٦٦).
(٢٤) شێخ موعتەسەمی حسامی(١٩٠٣-١٩٩٢) کەسایەتییەکی ناسرواى کوردستان و کوڕی شێخ حسامەدینی نەقشبەندیی بوو، لە شاری سنە لە دایک بووە. پاشان ماڵیان بەرەو دیوی باشووری کوردستان گواستوەتەوە و لەوێ دەستی بە خوێندن کرددووە. پاشان چوەتەوە سنە و لەوێ نیشتەجێ بووە. وێڕای زمانی دایکیی، زمانی فارسی،عەرەبی و ئینگلیزی زانیوە.
(٢٥) حەسەنی قزڵجی کورتەیەکی ئەم بەسەرهاتەی خۆی لە دوو توێی چیرۆکی «هێلکەی هادی خانی» دا باس کردووە. بە مەبەستی ساغ کردنەوەی مێژووی ئەو بەسەرهاتە و چۆنییێتیی گیرانەکەیان ئەم سەرەنجانەم لەو چیرۆکە بە دەست هێناوە:
١- بەوەدا کە نووسیویەتی:« هاوڕێکەی من گوتی: کوڕم ئەم قسانە پار ئەکران(واتە کە زەمانی موسەدیق بوو....)، کەواتە ئەو ڕووداوەی کە حەسەنی قزڵجی گێڕاویەتییەوە، ساڵی ١٩٥٤ ڕوویداوە.
٢ - بەوەشدا کە نووسیویەتی:« لە چایخانەکەی (ملەمرواری)هەرچەند ڕەمەزانیش بوو، دابەزین...) کەواتە کاتی بەسەرهاتەکە ڕەمەزانی ساڵی ١٩٥٤ بووە. وەکوو لێکم داوەتەوە ١ی ڕەمەزانی ١٣٧٣دەکاتە(٤-٥-١٩٥٤)و ٣٠ی ڕەمەزانی ١٣٧٣ دەکاتە(٢-٦-١٩٥٤). دەتوانین وا دابنێین ئەو ڕووداوە کە حەسەنی قزڵجی لە چیرۆکەکە دا گێڕاویەتەوە دەور و بەری ڕۆژی شەممە ١٥-٥-١٩٥٤ بووە.
٣ - بەوەدا کە نووسیویەتی:« ئەم دیمەنە بۆ من، بەتایبەتی دوای ماوەیەک زیندان، ئەوەندە جوان و خەم ڕەوێن بوو...)، کەواتە ماوەیەک لە زینداندا بووە و دواتر بەهەر شێوازێک بووە ئازاد بووە و ئێستا وا بەڕێوەیە بەرەو دێهاتە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی خۆ بگەیەنێتەوە باشووری کوردستان.

(٢٦) خۆی لەو بارەیەوە نووسیویەتی:«... ماوەی چەند ساڵێکیش لە تاوی پۆلیسی ئەوسا لە بازیان خەریکی تووتن کردن بووم و لەناو وەرزێرەکاندا دەژیام. دەمدی کە وەرزێرەکان گەلێ نەقڵ و حیکایەتیان دەزانی و زۆر بە تام و لەزەت بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە». (گۆڤاری «نووسەری کورد»، حەسەنی قزڵجی و بیرەوەری و هەڵوێستێک بەرامبەر چیرۆکی کوردی، ژمارە ١٠، ئەیلوولی ١٩٧٣، ل٧).
(٢٧) چێشتی مجێور، ل٢٨٣.
(٢٨) بۆ نموونە لە سەر بەرگی دواوەی نامیلکەی «ئاشتیخوازی لادێیی و پەیمانی دوو لایی» نووسراوە :«قامووسی سیاسی قامووسی سیاسی کتێبێکی زۆر بەنرخ و نایابە. لە ژێر چاوەدێری(ما ـ پروفسور)ی سووەتی «ب.ن. پانوماریفا»دا بە زمانی رووسی دانراوە. هەموو باسێکی اقتصادی، فەلسەفی و سیاسی، گرینگی تێدایە. لە لایەن ح.قزڵجی و ر.ذەبیحی، کراوە بە عەرەبی، بەشی یەکەمی لە بابەت(مسائل المادیە الدیالیکتیکیە)وە، بەم زوانە دەرئەچو پێشکەش خویندەوارانی بەریز ئەکریت».
(٢٩) ڕادیۆی پەیکی ئێران: دەنگی حیزبی تودەی ئێران بوو. لە نێوان سالانی ١٩٦١ـ١٩٧٠دا لە بولگاریاوە پەخش دەکرا. سەرەتا تەنها بە فارسی بوو، پاشان بە عەرەبی و کوردیش وتار و هەواڵی بڵاو دەکردەوە. (دەربارەی بڕوانە: کژراهە، احسان طبری. تهران،١٣٧٨، ص٢١٣ـ٢١٧).
(٣٠) کەریمی حسامی لەو بارەیەوە نووسیویەتی:« کاک حەسەنی قزڵجی هەرچەند لە دەربەدەریدا لە رادیۆ پەیکی ئێران کاری دەکرد، هەر خۆی بە ئەندامی حیزبی دیموکرات دەزانی و لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا کە پێوەندی بە حیزبی دیموکراتەوە بووبێ بەشداری کردووە. کاک حەسەن تەنیا پاش شۆڕشی ئێران کە حیزبی دیموکرات ئامێزی بۆ نەکردەوە، حیزبی تودە هێنایەوە ئێران و کردیە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە تاران هێشتیەوە تا گیرا و شەهید کرا»، (کەریمی حسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧. ل٢٤٤ـ٢٤٥).
(٣١) هەروەک مامۆستا محەنەدی مەلاکەریم چەند جار بە دەمی بۆی باس کردم، حەسەنی قزڵجی بەردەوام لە بولگاریاوە نووسین و بەرهەمی وەرگێڕراوی بۆ ئەو و چەند دۆستێکی دیکە دەنارد و ئەوانیش لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاویان دەکردەوە.
(٣٢)نورالدین کیانوری لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی:« قزلجی تا سال١٣٥٨ در بلغارستان بود. در این سال او داوطلبانه به ایران آمد و در شعبه روابط بین المللی حزب به فعالیت پرداخت. قزلجی در پلنوم حفدهم به عضویت کمیته مرکزی حزب برگزیدەشد»، (خاطرات نورالدین کیانوری، انتشارات اطلاعات، تهران، ١٣٧٢، ص٥٣٢ـ٥٣٣).

شەوی هەینی ٢٠-٨-٢٠٠٤ بەڕێز عەبدولقادر دەباغی«مامەقالەی دەباغی» باسی ئەوەی بۆ کردم کە ساڵی١٩٧٩دوکتور عەبدولرەحمان قاسملو بە مامە قالەی گوتوە هەوڵ بدە بە هەر ڕێگایەک بێت حەسەنی قزڵجی لە حیزبی تودە دەربخەرەوە، هەروەها گوتوشیەتی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مانگانە ئەوەندە یارمەتیی دەدات کە بە باشی پێی بژی و با لە بۆکان بەکاری نوسینەوە خەریک ببێت و ئێمەش هاوکاریی دەکەین. مامەقالە گوتی:«هەوڵێکی زۆرم لەگەڵ دا، تەنانەت خۆیشی (واتە حەسەنی قزڵجی)لە حیزبی تودە نیگەران بوو، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بوو ڕیزی حیزبی تودەی بەر نەدا».
(٣٣) مەردوم: ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران بوو، بە کوردی لە تاران دەدەکرا. ئەو وتار و بابەتە سیاسییانەی کە لە ڕۆژنامەی «نامەمردم»ی ئۆرگانی حیزبی تودەی ئێران (بە فارسی) بڵاو دەکرانەوە، دەکرانە کوردی و لەوێدا بلاو دەکرانەوە. هەروەها وردە هەواڵ و هەندێک بابەتی ئەدەبییشی تیادا بڵاو دەکرایەوە. یەکەم ژمارەی ڕۆژی سێ شەممە ٢٢-١٠-١٩٧٩ دەر کراوە. سەرجەم(٦١) ژمارەی لێ دەرچووە. حەسەنی قزڵجی و حەسەنی ماوەرانی و چەند شەعیر و نووسەرێکی دیکە تیایاندا نووسیوە. حەسەنی قزڵجی بەشی زۆری کارەکانی ئەنجام داوە.
(٣٤) مێژووی کۆچی دوایی ئەو بە چەند جۆرێک نووسراوە ؛ هەژار نوسیویەتی «لە ٢٧ی سپتامبری١٩٨٤ دا بیستمان کە لە زیندانی (ئەوین) دا وەفاتی کردووە»، (چێشتی مجێور،ل٥٧٦). حەسەنی ماوەرانی نوسیویەتی:«لە ١٦ی مانگی ڕێبەندانی ١٣٦١دا، وێڕای زۆربەی بەڕێوەبەرانی حیزب گیرا و پاش چەند مانگان، واتا لە پاییزی ١٣٦٢دا خەبەری مردنیان دا بە کەس و کاری. (حەسەن ماوەرانی، هاوار،ل٣٤) کاک حەسەن لە نامەیەکدا بۆی نووسیوم : «مامۆستا قزڵجی لە هێرشی ١٦-١١-١٣٦١ی(٥-٢-١٩٨٢)پاسداران بۆ سەر حیزبی تودە...گیرا و لە کۆتایی مانگی ٨ی١٣٦٢دا ئێمە لە چیا بە شەهید بوونیمان زانی، واتە ماوەی ١٠مانگ پاش گیرانی زیندوو ماوەتەوە).
(٣٥) گۆڤاری «نووسەری کورد» حەسەنی قزڵجی و بیرەوەری و هەڵوێستێک بەرامبەر چیرۆکی کوردی، ژمارە ١٠،ئەیلوولی ١٩٧٣،ل٧.
(٣٦) ڕڕەنگە ئەم بەرهەمەی ئەوە بێت کە لە پەراوێزی ژمارە (٢٨)دا ئاماژەم بۆ کرد. (ساڵی ٢٠٠٢ مامۆستا جەلال دەباغ بەرهەمێکی حەسەنی قزڵجی بەناوی «هەندێ زانیاری مارکسی لینینی» لە سلێمانی بە چاپ گەیاند، هەروەک لە پێشەکییەکەیدا ڕوونی کردۆتەوە کاتی خۆی حەسەنی قزڵجی بە خەتی خۆی نووسیویەتەوە و لە کۆتایی شەستەکاندا دەسنووسەکەی بۆ ئەو ناردووە و ئەویش پاراستوویەتی و دواتر بە چاپی گەیاندووە).

## کورتەیەک دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی محەمەدی میهری

لە مێژووی نەتەوەکەماندا گەلێک کەس دڵسۆزانە لە پێناو بوژاندنەوە و بەرەوپێشبردنی زمانی و کولتوری کوردیدا تێکۆشاون و ڕەنجیان داوە، کەچی هەندێکیان نە ژیاننامەیان دیارە و نە کورتەیەک لە بیوگرافییان نوسراوەتەوە. زۆر کەسی وامان هەن کە لەو وتار و شیعرانەوە کە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاویان کردوونەتەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە چەند دڵسۆزی وڵات و نەتەوەکەیان بوون، کەچی ئەمڕۆ ئێمە لە ناوی خۆیان (یان نازناوەکەیان) بەولاوە هیچی دیکە دەربارەیان نازانین!
محەمەدی میهری یەکێکە لەو ڕوناکبیر و تێکۆشەرە کوردانەی کە هەتاکو چەند ساڵێک لەمەوپێش بیوگرافی و ژیاننامەی با ناڕۆشنی مابۆوەوە و لە هەندێک زانیاریی پەرشوبڵاو بەولاوە شتێکی دیکە دەربارەی نەنووسرابوو. ئەو کورتەیەش کە لێرە و لەوێ سەبارەت بە ژیاننامەی ئەو نووسرابوو، هەڵە و کەموکوڕیی زۆری بوو. ئیدی من لێبڕاوانە کەوتمە سۆراخکردنی ژیان و بەرهەمەکانی. سەرەتا ئەوی پێشتر لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا دەرباری نووسرابوو لای خۆم یادداشتم کردن و تاوتوم کردن و سەرجەم کورتە لێکۆڵینەوەیەکم لێ بەرهەم هێنا و ساڵی ١٩٨٩ لە ژمارەی (١٥٨)ی گۆڤاری«بەیان»دا بڵاوم کردەوە. (١) بە ئاواتەوە بووم کەسێک زانیاریی لەوە زیاتری لابێت و کەموکوڕییەکانی لێکۆڵینەوەکەم دەستنیشان بکات و گۆشەیەکی دیکە لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی ئەو مرۆڤە دڵسۆز و پڕ خزمەتە ڕوون بکاتەوە. بەڵام بەداخەوە، بابەتێکی لەو جۆرەم نەکەوتە بەرچاو. پاشتریش هەر بەهەمان مەبەست و وەک یادکردنەوە، لە ڕۆژنامەی«کوردستانی نوێ» و گۆڤاری«سروە»دا کورتەیەکم دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی محەمەدی میهری بڵاو کردەوە. (٢)
ساڵی ١٩٩٩ پەڕیمە وڵاتی سوید و لەوێ نیشتەجێ بووم . گەلێک لە نووسەران و لێکۆڵەرانی باکوری کوردستانم لە نزیکەوە ناسی. بەو پێیەی کە ئەوان زمانی تورکی دەزانن و ئاگادارن کە کتێب و سەرچاوە تورکییەکاندا چی دەربارەی نەتەوەکەمان نووسراوە ؛ محەمەدی میهریش بەشی زۆری ژیانی لە ئەستەمبوڵ بەسەر بردووە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە، سەبارەت بە بیۆگرافی و بەرهەم و وێنەی فۆتۆگرافیی ئەو پرسیارم لێکردن، بەڵام هیچی ئەوتۆم دەستگیر نەبوو یەکێک لەو کەسانە نووسەر و لێکۆڵەر«ڕۆهات ئالاکۆم» بوو. ئەو لەو بارەیەوە گوتی:«من پاش گەڕانێکی زۆر چەند وێنەی دەگمەنم پەیدا کردوە، یەکێکیان وێنەی محەمەدی میهرییە و پێشکەشتی دەکەم». بە سوپاسێکی زۆرەوە وێنەکەم

لێوەرگرت و وا لێرەدا بۆ جاری دووەم لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بڵاوی دەکەمەوە. هەروەها مامۆستا«مەحمەد لەوەندی» سەرنجمی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە تێکۆشەری نەتەوەکەمان«موسا عەنتەر» لە بیرەوەرییەکانیدا چەند دێڕێکی دەربارەی محەمەدی میهری نووسیوە و خۆی ئەو پەرەگرافەی بۆ کردمە کوردی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە و ئەم زانیارییە کەم و کورتانەی لێرەدا سەبارەت بە بیۆگرافی و بەرهەمەکانی محەمەدی میهری دەیخەمە بەردەستی خوێنەران هێشتا لە ئاستی مەبەست و خواستی مندا نین، ئومێدەوارم ڕوناکبیران و لێکۆڵەرانی نەتەوەکەمان درێژە بەم کارانە بدەن و ژیاننامەی محەمەدی میهری و سەدانی دیکەی وەکو ئەو ساغ بکەنەوە و وەکوو پێویست بییان ناسێنن.

محەمەدی میهری ڕۆژنامەنووس، شاعیر، نووسەر، یاساناس و کەسێکی نیشتمانپەروەر و ڕوناکبیرێکی هەڵکەوتووی نەتەوەکەمان بوو.

ساڵی ١٨٨٩ لە گوندی«دشە»ی نزیک شارۆچکەی «پاوە» لە ناوچەی جوانڕۆ ، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتۆتە دنیاوە.

محەمەدی میهری کوڕی مەلاعەبدوڵلای مفتی، کوڕی مەلا مەحمود، کوڕی مەلا محەمەد، کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورە و نەوەی مزەفەرخانی جوانڕۆیە. (٣) دایکیشی کچی سەید شەهابەدینی تاڵشییە.

محەمەدی میهری چەند برا و خوشکی هەبووە، لەوانە »محەمەد سدیقی مفتی زادە، (٤)، مەلا خالیدی مفتی، مەلامەحمودی مفتی...». (٥)

سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردوە ئینجا چوەتە شاری سنە و لەوێش لای چەند مەلای ناسراو خوێندوویەتی، پاشان چوەتە شارۆچکەی بیارە، ئینجا چوەتە سەردەشت و لای مەلاقادر درێژەی بە خوێندن داوە. پاشان بەرەو شاری هەولێر ڕۆیشتووە. لەوێ لای مامۆستا مەلا ئەبوبەکر (ناسراوبە مەلا گچکە) خوێندوویەتی، ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و بەرەو «دشە» گەڕاوەتەوە.

ماوەیەک لە شاری سنە بوەتە مەلا و دەرسی بە منداڵانی کورد گوتوە و فێری خوێندەواریی کردوون. لەو سەردەمەدا چەند هۆز و تیرەیەکی دەور و بەری سنە لە ناو خۆیاندا بەشەڕ دێن، ئەو بەبێ ئەوە پەیوەندی بە هیچ کام لە لایەنە شەڕکەرەکانەوە هەبووبێت، لەو شەڕەدا تێوە گلاوە و بریندار کراوە. کاتێک چاک بۆتەوە بڕیار دەدا ئەو ناوچەیە جێ بهێڵێت و بەرەو باکووری کوردستان ڕۆیشتووە. ماوەیەک لە شاری قارس بووە، پاشان چوەتە شاری ئەرزەڕوم ، دوایی بەرەو ئەستەمبوڵ ڕۆیشتووە و لەوێ نیشتەجێ بووە. د. محەمەد سەدیقی برای لەو بارەیەوە نووسیویە: «... پێش شەڕی جیهانیی یەکەم، شەهیدی نەمر شێخ

عەبدولقادر گەیلانی زادە لە شاری ڕەواندزەوە لەگەڵ خۆی بردبووی بۆ شاری ئەستەمبوڵ...». (٦)
ئەودەمە شاری ئەستەمبوڵ ببووە مەکۆی لاوە ئازادیخواز و تێکۆشەرەکانی کورد و ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیرانی کورد لەو شارەدا بەکاری ڕۆژنامەنووسی و چالاکی ڕێکخراوەییەوە خەریک بوون. میهری تێکەڵی ئەوانە بووە، لە ئەزموون و شارەزاییان کەڵکی وەرگرتووە و لەگەڵیاندا کەوتۆتە چالاکی.
محەمەدی میهری لە نێو ئەو لاوە ڕووناکبیر و هوشیارانەدا زوو جێی خۆی کردۆتەوە و وەک لاوێکی وریا و دڵسۆز ناوی دەرکردووە . لە نزیکەوە ڕووناکبیری ناسراوی کورد«ئیسماعیل حەقی بابان»، کە ئەو دەمە وەزیری مەعاریف بووە، ناسیوە. (٧) بە پشتگیریی ئەو لە کۆلێژی(حقوق) وەرگیراوە و پاش چەند ساڵ خوێندن بڕوانامەی دیپلۆمی لە یاسا ناسیدا وەرگرتووە و بوەتە پارێزەر(یاساناس).
ساڵی ١٩١٢ خوێندکار و لاوانی کورد لە ئەستەمبوڵ«جڤاتا هێڤی فەقێی کوردان ـ کرد طلبه هیوی جمعیتی» دادەمەزرێنن، محەمەدی میهری بە گەرمی هاوکارییان دەکات و چالاکانە لە گەڵیاندا تێدەکۆشێت و لە هەر دوو گۆڤارەکەی ئەو کۆمەڵەیە، گۆڤاری«ڕۆژی کورد» و «هەتاوی کورد»دا، گەلێک وتار و بابەتی بەنرخ دەنووسێت. پاشتریش یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری «کوردستان تعالی جمعیتی ـ کۆمەڵەی پێشخستنی کوردستان»، کە لە ١٧ـ١٢ـ١٩١٨ دا لە ئەستەمبوڵ لەلایەن کۆمەڵێک لە ڕووناکبیر و تێکۆشەری کوردەوە دامەزرێنراوە. هەر ئەو دەستە ڕووناکبیرە ساڵی ١٩١٨ و ١٩١٩ ڕەزامەندیی دەرکردنی دوو گۆڤار وەردەگرن، سەرەتا گۆڤاری «ژین»(٨) و پاشانیش گۆڤاری «کوردستان»(٩) دەردەکەن. میەمەدی میهری دەکرێتە »خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەر»ی گۆڤاری کوردستان و بە گەرمی هاوکاریی «ژین»یش دەکات. لەو دوو گۆڤارەدا گەلێک وتار و هۆنراوە و بابەتی سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و زمانەوانی بە کوردی ، تورکی، عەرەبی بڵاو دەکاتەوە. نووسین و بەرهەمەکانییشی بەناوی«میهری»، «کاکەحەمە»، «عرفان». «م.م» و «داوەر ئەردەلانی»، «زەهاوی زادە ـ ا.م» و چەند ناوی خواستراوی دیکەوە بلاو دەکاتەوە. (١٠)
ساڵی ١٩٢٠ میهری ژیانی خێزانی دەست پێ دەکات و لەگەڵ «شازییەخانم» دا کە ژنێکی قەفقاسی بووە، دەبنە هاوسەری یەکتر. دواتر سێ کچ و دوو کوڕیان بووە. (١١)
مامۆستا نەجمەدین مەلا لەوتارێکدا وەسفی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەریی محەمەدی میهری کردووە و نووسیویەتی:« هەمیشە بیر وهۆشی لەلای نیشتمان و نەتەوەکەی بووە. ئاواتی سەربەرزی و ئازادی کوردستان بووە. زۆر بە ئاواتەوە بووە هەلی بۆ هەڵکەوێ و بە ئازادی

بگەڕێتەوە کوردستان و لە نێو نەتەوەکەیدا بژی». (١٢)
هاوینی ساڵی ١٩٥٩ لە شاری ئەستەمبوڵ دڵی مامۆستا محەمەدی میهری لە لێدان دەکەوێت و لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی ئەوێ بە خاک دەسپێردرێت.

بەرهەمەکانی محەمەدی میهری :
محەمەدی میهری لەپاش خۆی گەلێک شیعر و وتار و لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی بۆ بەجێ هێشتووین کە لەکاتی خۆیدا لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە. بەڵام ئەو زیاتر لە هەر بوارێک دەربارەی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی و هەوڵدان بۆ سازکردنی زمانی ستانداردی کوردیی نووسیوە. بەو پێیەی کە خۆی لە گوندێکی ناوچەی هەورامان لە دایکبووە و لەوێ گەورە بووە، هەر لە منداڵییەوە بە دیالێکتی هەورامی پەیڤیوە. پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن گەلێک شار و دێهات و ناوچەی کوردستان گەڕاوە و فێری چەند دیالێکت و شێوە زمانی دیکەی کوردی بووە. کاتێکیش پەڕیوەتەوە ئەستەمبوڵ و لەوێ نیشتەجێ بووە، بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی کوردەکانی ئەوێ هەبوە و بەشداریی چالاکییەکانی کردوون. بەشی زۆری ئەو ڕووناکبیر و تێکۆشەرانە خەڵکی شارەکانی باکووری کوردستان(وەک دیاربەکر، ماردین، وان، سیرت، ملاتییە...) بوون و بە دیالێکتی جۆراوجۆری کوردیی پەیڤیون. ئیدی لەوانیشەوە، تا ڕادەیەک شارەزای دیالێکتەکانی کرمانجی ژوروو، زازاکی، دملی... بووە. دیارە خۆیشی ئارەزووی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی هەبووە، یان دەرکی بەبوونی بۆشایی لەو بوارەدا کردووە و بە پێویستی زانیوە کە دەربارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و بەرنامەدانان بۆ سازکردنی زمانی ستانداردی کوردی بنووسێت.
دوکتور ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە کتێبی«ڕابەری سەرچاوە لە بارەی زمانی کوردییەوە» لە دوو توێی چەند لاپەڕەدا ئاماژە بۆ ناوەرۆکی وتار و لێکۆڵینەوەکانی محەمەدی میهری کردووە و پوختەی بیر و ڕا و سەرنجەکانی ئەوی خستۆتە بەرچاو. لەبارەی زنجیرە وتارەکەی محەمەدی میهری کە لە گۆڤاری«هەتاو»ی هەولێر لە ژمارە(٤٧ هەتاکوو ژمارە٧٤) لە سالانی ١٩٥٥ـ١٩٥٦دا بڵاوی کردوەتەوە، دوکتۆر ئەوڕەحمان نووسیویەتی:«لە ژمارە (٥٤)ەوە تا ژمارە(٧٠) ناوی وتار بووە بە«زمانی ئێمە یەک جۆرە شێوەکانی زۆرە». لە ژمارە (٦٠)ەوە تا ژمارە(٦٨)لە سەروو ناونیشانی وتارەکەوە(یەکێتی زمانی کوردی)یش نووسراوە. لە ژمارە(٧١)ەوە تا ژمارە(٧٤)ی گۆڤاری«هەتاو» (جگە لە ژمارە ٤٩ تا ٥٣)دا بڵاو کراوەتەوە. مامۆستا محەمەدمیهری لە ئەستەمووڵەوە ناردوێتی.
نووسەر لەم زنجیرە وتارەدا بە شێوەیەکی دوور و درێژ لە بارەی دیالێکتەکان و بەشە

دیالێکتەکانی کوردی پەوە دواوە و شێوەی ئاخاوتنی دیاری کردووە. سەبارەت بە ڕێزمانی کوردی و وێکچوون و جیاوازیی نێوان دیالێکتەکانی کوردی کۆڵیوەتەوە. وەڵامی بیروڕای ناڕاست و هەڵەی ڕۆژهەڵاتناسانی داوەتەوە. باسی نەژاد و ئەسڵی کودی کردووە». (١٣)
دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف لەهەمان کتێبدا دەربارەی ئەو زنجیرە وتارەی محەمەدی میهری نووسیوە کە لە گۆڤاری«کوردستان»ی ئەستەمبوڵ سالانی ١٩١٩ـ١٩٢٠ بەناوی خواستراوی «م.م»ەوە بڵاوی کردوەتەوە. لەو ڕووەوە نووسیویەتی :«ئەمە زنجیرە وتارێکی محەمەدی میهری یە بەناو«اساس»ەوە لە ژمارە(٢،٤،١٠،١٥،١٦،١٨،١٩)یگۆڤاری «کوردستان»ی ئەستەموولدا، ساڵی ١٩١٩ـ١٩٢٠ بڵاوی کردۆتەوە و باسی ڕێزمانی کوردییە. لە ژمارە (٢)دا هەندێ ڕای گشتی لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە خستۆتە پێش چاو و ئینجا دەڵێ: هەوڵی لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی کوردی دەکرێ بە دوو بەشەوە ـ ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی... ڕۆژئاوایی زووتر دەستی پێکراوە. لە ژمارە(٤)دا وا ڕادەگەیەنێ، کە ئەوەی دەربارەی ڕێزمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات نووسراوە زۆربەی چاپ نەکراوە. ئەوەی لەلایەن(حاجی فخرالممالیکی ئەردەلانی ناظری مالیەی ئێران)ەوە نووسراوە، چاپ کراوە. ئەم کتێبە کە (٣٠) ساڵێک لەمەوبەر چاپ کراوە من تا ئێستا نەمبینیوە... لە کۆتایی ئەم بەشەدا دێتە سەر باسی کتێبەکەی خۆی و دەڵێ: من کە باسی شێوەکانی کوردی دەکەم و نموونەیان لێ دەهێنمەوە مەبەستم یەک خستنیانە. لە ژمارە(١٠)دا باسی چۆنیەتی دانانی کتێبەکەی دەکا و دەڵێ: هەرچەندە پێویست بوو کارێکی وا لە لایەن لیژنەیەکەوە بکرێ، ئەگەرچی ئەمە بۆ کورد هەڵنەکەوتووە، بەڵام منیش درێغم نەکردووە... پاشانیش باسی گیر و گرفتی نووسینی کتێبەکەی دەکا و بەتایبەتی ئەوەی کە نەیزانیوە کام شێوە بکا بە بناغە. لە ژمارە(١٥)و (١٦)دا باسی چاوگی کوردی کردووە و بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشی کردوون. ئەوەی لە ژمارە(١٨)دایە دەربارەی کردارەکانی ئێستا و کرداری فەرمانەوەیە». (١٤)
دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە هەمان کتێب دا دەربارەی ئەو زنجیرە وتارەشی نووسیوە کە محەمەدی میهری بەناوی خواستراوی «عرفان»ەوە لە
ڕۆژنامەی«کوردستان»ی ئەستەمبوڵ دا، ساڵی١٩١٩ ـ١٩٢٠ بڵاوی کردوەتەوە و دەربارەی نووسیویەتی:«ئەمەش دیسان زنجیرە وتارێکی محەمەدی میهری یە بە ناوی«عیرفان»ەوە لە ژمارە (١٩،١٨،١٦،١٥،١٠،٤.٢.١)ی گۆڤاری«کوردستان»ی ئەستەموولدا،کە ڕێکەوتی ساڵانی١٩١٩ـ١٩٢٠ دەکات بڵاوی کردۆتەو. لە بەشی ژمارە(١)دا لەوە دواوە، کە ئەوەی لەلایەن زانایانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە بۆ مەبەستی سیاسی بووە. لە نێو ئەو کارانەی ڕۆژهەڵاتدا باسی بەرهەمەکەی یووسف ضیا پاشای خالدی

کردووە و لەگەڵ ئەوەی بە کارێکی باشی داناوە، ڕەخنەی توند و تیژیشی لێ گرتووە.
لەبەشی ژمارە(٢)دا ڕەخنە لە یووسف ضیاپاشا دەگرێ و دەڵێ: ئەو عەرەبە و ویستوویەتی کورد بکا بە عەرەب... نووسەر لێرەدا چەند نموونە و بەڵگەیەکی مێژوویی دێنێتەوە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە کورد میللەتێکی ڕەسەنە و نە عەرەبە و نە فارسە. لە ژمارە(٤) دا وا ڕادەگەیەنێ کە یووسف ضیائەددین هەموو شێوەکانی کوردی نەزانیوە و بۆیە نەیتوانیوە بچێتە نێو زمانی کوردییەوە. لەبەر ئەوەی خۆی عەرەبە و کورد نییە توانای ئەوەی نەبووە قووڵ ببێتەوە. هەروەها دەڵێ : ئەگەر لە زمانی کوردیدا وشەی تورکی و عەرەبی و... هەبێ واناگەیەنێ کە ئەم زمانە ڕەسەن نییە، چونکە هەموو زمانێکی سەر ئەم زەمینە هەر بەو چەشنەیە. لە ژمارە(١٠)دا باسی کتێبێکی چاپکراوی(خەلیل خەیاڵی) دەکات و دەڵێ : ئەمیش هەڵەی ئەوەیە کە هەر دەربارەی شێوەی ژووروو و وێڕای ئەوەش کتێبەکەی یووسف ضیائەددینی کردووە بە سەرچاوی سەرەکیی خۆی... نووسەر پاشان دێتە سەر کتێبەکەی خۆی و دەڵێ: هەرچەند بەشێکی زۆریم لەوەی(خەلیل خەیاڵی)یەوە وەرگرتووە، بەڵام زادەی بیری خۆمم بەکار هێناوە و بە زمانی کوردیدا گەڕاوم. ئەگەرچی لە شێوەی جیاجیاوە وشەم کۆ کردۆتەوە، بەڵام ئەوەی منیش هێشتا لە سەدا دەی زمانی کوردی نییە. لە ژمارە (١٥)شدا باسی هەندێ کێشەی ڕێنووسی کوردی کراوە. لە ژمارە(١٦)و (١٨) و (١٩)یشدا کۆمەڵێ وشەی کوردی و عەرەبی هێنراوەتەوە و لەگەڵ یەکتر بەراورد کراون». ( ١٥)
جگە لەو وتارە و بەرهەمانەی کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، چەند کتێبێکیشی چاپکراوە و بڵاو کراونەتەوە، ئێمە زانیاریمان تەنها دەربارەی ئەو دوانەیان هەیە:
١ ـ مقدمەالعرفان، ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ چاپ کراوە. ئەم کتێبە دەربارەی دەستوور و ڕێزمانی کوردییە. (١٦)
٢ ـ فەرهەنگی (کوردی ـ تورکی ـ عەرەبی ـ فارسی ـ فەرەنسی)، لە ئەستەمبوڵ ساڵی ١٩١٩ چاپ کراوە. (١٧)
لە مانگی نۆڤێمبەری ١٩٥٢دا مامۆستا گۆران دەبێتە بەرپرسی ڕۆژنامەی «ژین». نزیکەی دووساڵ لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیە خەریک دەبێت و دەیبووژێنێتەوە و هەوڵ دەدات نووسەران و شاعیرانی دەرەوە و ناوەوەی وڵات لە دەوری کۆبکاتەوە. محەمەدی میهریش ، لە ئەستەمبوڵەوە ناو بە ناو شیعر و وتار بۆ ڕۆژنامەکە دەنێرێت. ڕەنگە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی شام (وەک : ڕۆناهی، هاوار، ڕۆژانو، ستێر) و ئەوانەی عێراق ( وەک: گەلاوێژ ، زاری کرمانجی، ڕووناکی...)یشدا شیعر و وتاری بەناوی خۆی یان ناوێکی خواستراوەوە بڵاو کردبێتەوە !
بەپێی هەندێک زانیاریی شیعر و بەرهەمی دیکەشی هەبوون و بە دەستنووسی ماونەتەوە.

ئومێدەوارین نەفەوتابن و لە دەرفەتێکدا دەست بخرێن و بڵاو بکرێنەوە. لەوانەشە بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیبێتەوە و لەگەڵ دەستنووسەکانی دیکەیدا کەوتبنە لای کوڕ و کچەکانی. ئەگەر کەسێک سۆراخی دەستنووسەکانی بکات، گومانی نییە شتی بەنرخی دەسگیر دەبێت. (١٨)

مامۆستا گیوموکریانی لە ژمارە(٧٥)ی گۆڤاری هەتاودا نووسیویەتی: «زانای بەرز و ئاشنا و پسپۆڕی مەزن مامۆستا محەمەدی میهری کە لە ئەستەمبوڵەوە دەستی یارمەتی بۆ هەتاو درێژ کردبوو و بە شیرین ترین شێوە و ڕاوێژ کەلێنی(یەکێتی زمانی کوردی) لە هەتاوی ژمارە (٤٧)ەوە تا (٧٤)پڕکردبوەوە، داخی گرانم ڕۆژگاری چەپگەڕ ئەویشی پێ ڕەوا نەدیتین و بەهۆی پیرێتی و نەخۆشی پێنووسی لە دەست دەرهێنا و مەیدانی نەدا کە خزمەتی زمانی کوردییەکەی بگەیەنێتە سەر». (١٩)

مامۆستا موساعەنتەر لە بیرەوەرییەکانیدا زۆر تاریفی لێهاتوویی و دڵسۆزیی میهری کردووە و ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە چەند زمانی زانیوە و شارەزای دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی کوردی بووە. پاشان نووسیویەتی : لە ١٩٤٨دا دەستمان بە دەرکردنی هەفتەنامەی «دیجلەکایناگی»(چاڤکانیا دیجلە ـ چاوگی دیجلە ـ سەرچاوەی دیجلە) کرد. (٢٠) محەمەدی میهری حەوت وتاری بە تورکی بۆ ناردین و لەو هەفتەنامەیەدا بلاومان کردەوە. (٢١)

ساڵی ١٩٥٢ مامۆستا علاالدین سجادی کتێبی«مێژووی ئەدەبی کوردی» بڵاو دەکاتەوە. کاتێک میهری ئەو کتێبەی دەست دەکەوێت و دەیخوێنێتەوە، بەلایەوە زۆر بەنرخ دەبێت و نامەیەکی جوان بۆ مامۆستا سجادی دەنووسێ و دەستخۆشی لێدەکات و کتێبەکەی بەرز دەنرخێنێ. لە کۆتایی نامەکەیدا بەم جۆرە ناوی خۆی نووسیوە:« لە محامی و مدەریسانی ئەستامبوڵ: محەمەدی میهری کوڕی مەرحوم مەلاعەبدوڵلای دشەیی ١ـ٩ـ١٩٥٤». (٢٢)

نموونەی چەند شیعرێکی محەمەدی میهری :

محەمەدی میهری زۆربەی دیالێکتە کوردییەکانی زانیوە و لە وتار و هۆنراوەکانیدا وشە و دەستەواژەی شێوە زمانە جۆراوجۆرەکانی کوردی بەکار هێناوە. تا ئێستا شیعرەکانی لە دیوانێکی تایبەتدا کۆ نەکراونەتەوە و بە پەرش و بڵاوی ماونەتەوە. ئێمە لێرەدا ئاماژە بۆ چەند شیعرێکی دەکەین .

لە ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩١٣ دا ڕوناکبیری کورد ئیسماعیل حەقی بابان لەکاتی وانە وتنەوە دا دڵی لە لێدان دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات. میهری بەو کۆچە لەناکاوە زۆر غەمبار دەبێت و هەستی دڵی خۆی لە شیعرێکدا دەدەبڕێت کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێت :

زمانی پیرەمێرد ئێمڕۆ خەزێنەی ئێش و گریانە
شەو و ڕۆژ ئاهی نالی ڕەعدە، ئەشکی چاوی بارانە
هەناسەی ساردی (تەثیری) لە خاک تاکوو (تەثیری)ێ چو
میزاجی ئیعتیدال فەوتا، ویسالی تۆفی زستانە
لە تەم سەرپۆشی غەم پۆشی سەراپا قامەتی کێوان
دڵی تۆران دڵی سەردی لەبەین کێوانی کەیوانە
بە ڕەسمی تەعزیە هەر نەونەمامە بەفری کورد جامە
بەڵێ لەبسی سپی پۆشین ڕسومی کۆنی دەورانە
پاشان دەڵێت :
خودایە ڕۆژی حەشرە وا جیهان یەکسەر سەروبن بو
وەیا خود وەلوەلەی فەوتی مەداری فەخری کوردانە
جەوانی نەوجەوان حەقی بەگ، بەگزادەی کوردان
ڕەئیسی ئەهلی عیرفان، دوڕی یەکتایماڵی بابابە
لەبەر کۆچکردنی دوڕدانە ئێمڕۆ، ڕۆژی دەردانە
مەسیلی ئەشکی خوێن دامانە، دامان کاری مەردانە (٢٣)

میهری لە هۆنراوەیەکی دیکەیدا بەیادی ئەو ڕۆژانەوە کە لە سەردەشت فەقێ بووە، دەڵێت :
ئەرزی بەرزی مەرزی سەردەشت بەهەشتی ڕوی زەوین
کاخ و کۆخی شەنگ و شۆخی ڕێی فریشتە و جێی پەرین
ئاستانی ئاسمانی پڕ لە ئەستونەی زەڕە
کێو و دەشتی گشتی زەرد و سوور و کەسک و شین (٢٤)

پەراوێزەکان :

---

(١) جوتیار حاجی تۆفیق، محەمەد میهری هێژا و نەمر، گۆڤاری «بەیان» ژمارە ١٥٨، ئابی ١٩٨٩، ل٢٧ـ٢٩.
(٢) جوتیار تۆفیق، ڕۆژنامەنووس و تێکۆشەر محەمەد میهری، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە١٥٧٥، پێنج شەممە١٢ـ٣ـ١٩٩٨، ل١٠ و ل ١١ .
* جوتیار «جوتیار حاجی تۆفیق» شاعیر و ڕۆژنامەنووس محەمەدی میهری، گۆڤاری

«سروه»، ژماره ١٨٨، ڕەشەمە ١٣٨٠، ل ١٠٣ـ١٩٦
(٣) مەلاعەبدوڵڵا مفتی(١٨٥٤ـ سێ شەممە ٥ـ١٢ـ١٩٢٣) ـ باوکی محەمەدی میهری ـ شاعیرێکی بەناوبانگ و نیشتمانپەروەر، مامۆستایەکی دڵسۆز بووە و گەلێک منداڵ و کاوی کوردی فێری خوێندەواریی کردووە و پەروەردەی کردوون.
دەربارەی بڕوانە :
١ ـ بابا مردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، جلد دوم، تهران، ١٣٦٦. ص ١٦١ـ١٦٣.
٢ ـ صدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، ١٩٩١، ل ٢٣١ـ٢٤١.
٣ ـ زانایانی بەناوبانگی کورد محەمەد سەدیقی مفتی زادە، گۆڤاری سروە، پاییزی١٣٦٥،ساڵی دووەم، ژمارە ٧، ل ٢٦ـ٢٧.
(٤) دوکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە ساڵی ١٩١٢ لە گوندی دشە لەدایک بووە. لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس ، شارەزای زمان و مێژوو و ئەدەبی کوردی و سەردەمێک لە زانکۆی تاران مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی بووە. خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە. سەرنووسەر و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی«کوردستان»ی تاران بوو، کە لە ٢٩ـ٤ـ١٩٥٩دا دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد و هەتاکوو ٥ـ٧ـ١٩٦٢ بەردەوام بوو. ڕۆژی دوو شەممە ٢٧ـ١١ـ١٩٨٤ لە تاران کۆچی دوایی دەکات. ڕۆژی دواتر لە گۆڕستانی «وەیسولقەرەنی»ی شاری کرماشان دەنێژرێت.
د. محەمەد سدیقی مفتی زادە لە وتارێکدا باسی پەیوەندیی خۆی و محەمەدی میهری برای کردووە و نوسیویەتی:«... لە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕی جیهانی دووەمدا کە سیاسەتی فەرمانڕەوایی تورکیا گۆڕا و نامە نووسینی کوردەکانی ئەوێ بۆ وڵاتانی دەرەوە ئازاد کرا، کاکم«محەمەد میهری بەگ»... بۆ یەکەم جار بە کوردی نامەی بۆ نووسیم و لە نامەکەیا زۆر هەڵی نابووم کە لە خزمەت کردن بە زمان و ئەدەبی کوردی لە هەر هەل و مەرجێکدا کۆتایی نەکەم». (گۆڤاری سروە، ژ ٧ ، ل ٢٧). یەکێک لە بەرهەمە چاپکراوەکانی د.محەمەد سەدیقی مفتی زادە کتێبێکە بەناوی «درس زبان کردی»کە لە دوو بەرگدا چاپکراوە.
(دەربارەی ئەو کتێبە بڕوانە: دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕابەری سەرچاوە لە بارەی زمانی کوردییەوە، بەغدا ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ١٩٨٩، ل٢٢٥).
دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی دوکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە بڕوانە:
١ ـ بابا مردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، جلد دوم، تهران، ١٣٦٦، ص٤٧٥ـ٤٧٨.
٢ ـ زانایانی بەناوبانگی کورد محەمەد سەدیقی مفتی زادە، گۆڤاری سروە، ساڵی دوەم، ژ ٧، پاییزی ١٣٦٥، ل ٢٦ـ٢٨.

٣ ـ صدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، ل٣٥١ـ٣٥٧.
(٥) دەربارەی کوڕەکانی مەلا عەبدوللای مفتی زادە بڕوانە :
١ ـ تاریخ مشاهیر کرد، جلد دوم، ص٤٧٥ـ٤٧٨.
٢ ـ گۆڤاری سروە، ژ٧، ل٢٦.
(٦) گۆڤاری سروە،ژ٧ ، ل٢٧.
(٧) ئیسماعیل حەقی باباب(١٨٧٦ـ٢٥ـ١٢ـ١٩١٣) کوڕی مستەفا زهنی پاشای بابان(١٨٤٨ـ١٩٢٩) بوو. یەکێک لە دیارترین سەرکردەکانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی، سیاسەتمەدار و نووسەرێکی ناسراو، شارەزای زانستی جیۆپۆلەتیک و مامۆستای زانکۆی ئەستەمبوڵ بوو. لە کابینەی حەقی پاشا(١٩١٠ـ١٩١١)دا وەزیری مەعاریف بووە. لە ڕۆژنامەی «طنین»ـ ئۆرگانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی ـ دا گەلێک وتاری سیاسی بڵاو کردۆتەوە. بەشێوەی نهێنی ڕۆڵی لە دامەزراندن و ڕێنوێنی کردنی «جڤاتا هێڤیی فەقێی کوردان ـ کرد طلبه هیوی جمعیتی»دا هەبووە. لاوانی کوردی هانداوە بۆ خوێندن و خۆ پێگەیاندن و کۆمەکی کردوون. هەروەها لە ژمارەی ٢و٣ی گۆڤاری ڕۆژی کورد(ئەستەمبوڵ، ١٩١٣)دا دوو وتاری بەنرخی بڵاو کردۆتەوە.
دەربارەی بڕوانە :
١ ـ محمدامین زکی، تاریخ السلیمانیه، نقله الی اللغه العربیه: الملاجمیل احمد الروزبیانی، بغداد، ١٩٥١، ص٢٤٣.
٢ـ جریدهالطریق، العدد٩، ٢٧ـ١٢ـ١٩٥٣.
٣- Kuveryte; Ismail Hakki Murat culcu, Irak Mektuplari: Beyruttan Babanzade, Istanbul, ١٧٨,٢٠٠٢s,.

(٨) ژین: گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی بووە، یەکەم ژمرەی لە ١٧ـ١١ـ١٩١٨ دەرکراوە. ژمارە ٢٥ی لە ٢ـ١٠ـ١٩١٩دا دەرکراوە. هەمزە موکسی و مەمدوح سەلیم و چەند ڕوناکبیرێکی دیکەی کورد لە ئەستەمبوڵ دەریان کردووە. وادیارە دواتر لە شێوەی ڕۆژنامەدا دەرکراوە. مامۆستا محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان ساڵی ١٩٨٥ـ١٩٨٦ لە یەکەمین ژمارەوە هەتاکو (٢٥)هەمین ژمارەی لە سێ بەرگدا، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەک دا چاپی کردووە.
(٩) کوردستان : گۆڤارێکی هەفتانەی ڕۆشنبیریی و سیاسی بووە. لە ئەستەمبوڵ بە زمانی کوردی و تورکی دەرکراوە. جارجار بە زمانی عەرەبی و فارسی وتار و بابەتی تیادا بڵاوکراوەتەوە. یەکەم ژمارەی لە ٣١ـ١ـ١٩١٩ دا دەرکراوە. «سەرنووسەری: محەمەد

شەفیق ئەرواسی زادە»، «خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری :محەمەد میهری» بووە. لە ژمارەکانی دواییدا سەید حوسێن بووە بە بەرپرسیاری . لە چاپخانەی نجم استقبال لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە. پێوانەی (٢٧×١٩سم)ە. نووسەرەکانی ئەمانە بوون:« محەمەدمیهری، محەمەد شەفیق، ئەحمەد عارف، عەبدولواحید بەرزەنجی زادە، ئەحمەد وەهبی، سالح بەدرخان، کەمال فەوزی خێزانی زادە، مستەفا شەوقی...» ژمارە ١٩ی لە ٢٧-٣-١٩٢٠دا دەرکراوە.{بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم دوو گۆڤارە بڕوانە : لە کوردستانا باکور و لە تورکیە ڕۆژنامەگەرییا کوردی ١٩٠٨-١٩٨١، مالمیسانژ و مەحمود لەوەندی، وەشانێن ژینانو - ئادار ١٩٨٩، ل ٦٥- ٧٥ و ل ٧٦-٨٠. هەروەها مامۆستا فەرهاد پیربال لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی گۆڤاری کوردستان نووسیوە و لە گۆڤاری هێڤی - هیوا، ژ ٧، پاییزی ١٩٩٠، ل٧ -٢١ دا بڵاو کراوەتەوە.

(١٠) نەوشیروان مستەفا ئەمین لە کتێبی «چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٨٩٨-١٩١٨»دا زانیاریی ورد و دروستی دەربارەی گۆڤاری«هەتاوی کورد»نووسیوە و ئاماژەی بی ناوی نووسەرەکانی کردووە. لەوێدا نووسیویەتی:«پێم وایە (زەهاوی زادە ا.م) و (بەنی ئەردەڵانی ا.م) نازناوی «محەمەدی میهری»یە کە کوردێکی سنەیی بووە، لە ئەستەموڵ قانوونی خوێندووە، پاشان بۆتە پارێزەر و ڕۆژنامەوان، دوای بڕانەوەی یەکەمین جەنگی جیهانی لە ئەستەموڵ ئیمتیازی گۆڤاری «کوردستان»ی وەرگرتوە». «نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی ١٨٩٨-١٩١٨، بەرگی یەکەم ، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،٢٠٠١، ل١٣٤».

ڕونکردنەوە: محەمەدی میهری لە گۆڤاری ڕۆژنامەی کورد، ژمارە ٤دا کە لە ١٢-٩-١٩١٣دا دەرچووە، وتارێکی بە ناوی«لە تاریکی بۆ ڕوناکی» بە ئیمزای «بەنی ئەردەڵانی» و لە گۆڤاری هەتاوی کورد، ژمارە١، ٢٤-١٠-١٩٣دا و وتارێک بە ناوی «سەعی بکەین» بە ئیمزای«زەهاوی زادە ا.م» و هەر لە هەمان ژمارەدا وتارێکی دیکە بە ناوی «خەفتن بەسە لەمە زیاتر» بە ئیمزای «بەنی ئەردەلانی» بڵاو کردۆتەوە.

– Malmisanij, Kurt Milliyetciligi ve Dr. Abdullah Cevdet, Sweden) .٧١,p.١٩٨٦Uppsala, Jina Nu,

شوکور مستەفا ئەو بەشەی ئەم کتێبە کە دەربارەی محەمەد میهرییە کردووە بە کوردی و لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٨٦٢، ١٩٨٦، ٢٣،١٠، ل٦دا بڵاوی کردۆتەوە.

(١٢) نەجمەدین مەلا، یادی زانایەکی کۆچکردومان، ڕۆژنامەی ژین، ژ١٣٤٣، پێن شەممە ٩ی مایسی ١٩٥٧، ل١.

(١٣) دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕابەری سەچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە،

بەغدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، ۱۹۸۹،ل۱۵۰-۱۵۱.
(۱٤) دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕابەری سەچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە، ل۲۲۰-۲۲۱.
(۱۵) دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕابەری سەچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە، ل ۲۲۱-۲۲۳. (جێی سەرنجە دوکتۆر ئەوڕەحمان لە ل۲۲۱ دا و لە پەراوێزی ژمارە ۱۲ی کتێبەکەیدا نوسیویەتی :«ڕەنگە چ ئەم وتارە و چ وتاری «اساس» بەشی تریان هەبێ... جا ئێمە لەبەر ئەوەی چەند ژمارەیێکی گۆڤاری «کوردستان»مان دەست نەکەوت، نەمانتوانی بگەینە ئەنجام».
(۱٦) لە گۆڤاری کوردستان، ژ۲ . ۹-۲-۱۹۱۹ دا دەربارەی ئەم کتێبە نووسراوە.
(۱۷) لە گۆڤاری کوردستان، ژ۲. ۹-۲-۱۹۱۹، دا دەربارەی ئەم فەرهەنگە نووسراوە.
(۱۸) لە گەلێک ڕێگاوە هەوڵمداوە پەیوەندیی بە یەکێک لە کوڕ و کچەکانی محەمەدی میهرییەوە بکەم. نامە و ئیمایلم بۆ چەند کەس و دەزگا لە تورکیا ناردووە، بەڵام تا ئێستا ئەو پەیوەندییەم بۆ دروست نەبوە. بەو پێیەی کە سەلاحەدین هیلاڤ نووسەر و وەرگێڕ و کەسایەتییەکی ناسراوی تورکیایە و ڕەنگە دۆزینەوەی ئاسان تر بێت، بۆیە زیاتر هەوڵمداوە پەیوەندیی بەوەوە بکەم. ئومێدەوارم لە ڕێگایەکەوە بتوانم سەبارەت بە باوکی و بەرهەمەکانی پرسیاری لێبکەم. سەلاحەدین هیلاڤ ساڵی ۱۹۲۹ لە ئەستەمبوڵ لەدایک بووە. نووسەر و وەرگێڕێکی بەناوبانگی تورکیایە. دەرچووی زانکۆی سۆربونە، شارەزای فەلسەفە و سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژییە، چەندین کتێبی چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە. وەکوو ئاگادارم ئێستا لە ئەستەمبوڵ دەژی، بەڵام باری تەندروستی باش نییە.
محەمەدی میهری کوڕێکی دیکەشی باناوی نەجمەدین هیلاڤ هەبوە، کە ئەویش نووسەر و لێکۆڵەر بووە و لە ۹-۲-۲۰۰۰ دا کۆچی دوایی کردووە.
(۱۹) گ.م.«گیوی موکریانی » یەکێتی زمانی کوردی، گۆڤاری هەتاو، ژمارە ۷۵، ساڵی سێیەم، چوارشەممە ۱۰-۱۰-۱۹۵٦، ل۱. (جێی سەرنجە کە لە سەر بەرگی ژمارە ۷۵ی گۆڤاری هەتاو نووسروە »چوارشەممە ڕەزبەر ۱۰ ایلول۱۹۵٦»، کەچی لە یەکەم لاپەڕەی ئەو ژمارەیەدا «چوارشەممە ڕەزبەر ۱۰(تشرین)۱۹٦۵» نووسراوە! وەکوو لێکمداوەتەوە دەبێت ژمارە ۷۵ی گۆڤاری هەتاو لە ڕۆژی چوارشەممە ۱۰-۱۰-۱۹۵٦دا دەرکرابێت و بە هەڵە مێژووەکە بەو جۆرە نووسرابێت! ئاشکراشە کە هەڵەی لەو جۆرە لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا نموونەی زۆرە !
(۲۰) دیجلە کایناگی(سەرچاوەی دیجلە) : هەفتەنامەیەکی سیاسی بووە، لە ئەستامبوڵ بە زمانی تورکی دەرکراوە. لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە : «ڕۆژنامەیەکی سیاسیی سەربەخۆیە -

هەموو شتێک بۆ گەل» . مووسا عەنتەر و حوسێن دیکیجی دەریانکردووە. یەکەم ژمارەی لە یولی ١٩٤٨ و ژمارە(٣٠) لە ١٧ـ٣ـ١٩٤٩دا دەرکراوە. ڕەنگە زیاتری لێ دەرکرابێت.
{دەربارەی بڕوانە : لە کوردستانا باکور و لە تورکیە ڕۆژنامەگەرییا کوردی، ل٩٩ ـ١٠٢}.
(٢١)-Musa Anter, Hatiralarim, Istanbul٢٠٠٠p.٧٦,
(٢٢) عەلادین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دوەم، بەغدا- ١٩٧١، ل٥.
(٢٣) دەقی ئەم شیعرە لە گۆڤاری هەتاوی کورد، ژمارە ٣. ١١ـ١ـ١٩١٤ دا بڵاوکراوەتەوە.
بڕوانە مەحمود زامدار، هەتاوی کورد و سەردەمی ڕاپەڕین، گۆڤاری کاروان، ژ٥٣، شوبات و مارتی١٩٨٧،ل٨٠).
(٢٤) گۆڤاری هەتاو، ژمارە٤٦، تشرینی دوەم١٩٥٥.

چەند ڕوونکردنەوەیەک :
یەکەم ـ ئەوەندەی من ئاگادارم چەند شاعیر و نووسەرێکی دیکەشمان هەبوە کە نازناوی «میهری»یان هەبووە، وەک:«محەمەد شەریف کوڕی مەلا ئیبراهیم حەنەفی» کە خەڵکی شاری هەولێر بووە. لە ١٩١١ لەدایک بووە و لە ٧ـ١١ـ١٩٤٢ دا کۆچی دوایی کردووە.
دەربارەی بڕوانە : ١ـ میهری هەولێر، گۆڤاری هەتاو، ژمارە ٤٩، ساڵی دووەم، ١٠ـ١١ـ١٩٥٥،ل٩ـ١٠.
٢ ـ جەلال خدر، یادی میهری، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٨٧، ئۆکتۆبەری٢٠٠٤، ل١٦١ـ١٦٤.
هەروەها شاعیرێکی دیکەشمان بەناوی «میهری مزوری ئامێدی»هەبوە کە لە ١٧٩١ لە ئامێدی لە دایکبووە و لە ١٨٨١ دا کۆچی دوایی کردووە. [دەربارەی میهری مزوری ئامێدی بڕوانە : بابامردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، جلد١، تهران ١٢٦٤، ص٤٧٣].
دوەم ـ محەمەد رەسوڵ هاوار، لە کتێبی «کورد و کوردستان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە» باسی گۆڤاری(کوردستان، ١٩١٨ ئەستەموڵ)ی کردوە و نوسیویەتی:« خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری کوردستان محەمەدی مەهدی» بوە. چەند جارێک ناوەکەی دوبارە کردۆتەوە و هەموو ڤارەکان هەر «محەمەدی مەهدی» نوسیوە، کە ئەوە هەڵەیە و دەبوا«محەمەدی میهری» بنووسیایە.
بڕوانە: م. ڕەسوڵ هاوار، کورد و کوردستان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە، بەرگی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی خاک،٢٠٠٢، ل٨٧ـ٨٨.

سێیەم ـ هەتاکو ماوەیەک لەمەوپێشیش وامدەزانی محەمەدی میهری لە ١٩ـ٤ـ١٩٥٧ دا کۆچی دوایی کردووە، بەڵام وەکوو خۆن بۆم دەرکەوتووە و لێکمداوەتەوە ئەو مێژووە هەڵەیە و بەپێی هەندێک زانیاریی لە هاوینی ١٩٥٦ دا کۆچە دوایی کردووە. هەتاکو ئێستا ڕۆژ و مانگەکەم بۆ ساغ نەبۆتەوە.

چوارەم ـ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بنەڕەتدا لە مانگی مارتی١٩٨٩ لە شاری بەغدا نوسیومە، دواتر لە کات و شوێنی جیاجیادا ئەوەندەی بە پێویستم زانیبێت گۆڕانکاریم تێدا کردوە و زانیارییم لێ زیاد کردوە.

## خوێندنەوەی هەندێک لە تێکستەکانی کتێبی گەرمیان

گوتەیەک :
پاییزی ٢٠٠٢ ناو بەناو یارمەتی (زنار)ی کوڕم (کە ١١ساڵانە) دەدا هەتاکو لە وانەی کوردیدا باشتر بخوێنێتەوە و جوان تر و چاکتر بنووسێت. ئەودەم تازە کتێبی (گەرمیان)ی وەرگرتبوو. هەر وانەیەکی نوێی وەردەگرت، خۆم چەند جارێک تێکستەکەم بۆ دەخوێندەوە و وشە و دەستەواژە گرانەکانم بۆ لێکدەدایەوە. ئیدی لەگەڵ خوێندنەوەی هەندێک لە بابەتەکانی کتێبەکەدا هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە دەربارەی ئەم کتێبە بنووسم و ئاماژە بۆ هەندێک لە لایەنە نیگەتیڤەکانی بکەم. هەر ئەودەم ئەم بابەتەم نووسی و پیشانی دوو مامۆستای زمانی کوردی و چەند دۆستێکم دا. هەر هەموویان پەسندیان کرد و گوتیان باشتر وایە بڵاوی بکەیتەوە. بەڵام ڕۆژێک برادەرێک گوتی: ئەو کتێبە چیدیکە ناخوێنرێت و کتێبێکی دیکە وەک ئاڵتەرناتیڤی ئەوە نووسراوەو ئیساودوا ئەوەیان دەخوێندرێت. کەچی وا ئەمساڵی خوێندنیش (٢٠٠٤-٢٠٠٥)لە زۆربەی قوتابخانەکانی سوید دا هەر ئەو کتێبە دەخوێنرێت. بۆیە بە پێویستم زانی سەرنج و تێبینییەکانم بخەمە بەر چاوی هەموان.
کتێبی«گەرمیان - کتێبی خوێندنەوەی کوردی - ئاستی دووەم» بۆ منداڵانی کورد نوسراوە هەتاکو لەو قوتابخانانەی سوید دا کە منداڵی کوردیان تێدایە و وانەی کوردی دەخوێنن، وەکو کتێبێکی پەروەردەیی قوتابخانە بخوێنرێت و منداڵی کورد لێوەی فێری زمان و کولتوری کوردیی ببن.
کتێبەکە لە لایەن: (فەهمی کاکەیی، مەهاباد قەرەداغی و ئەمجەد شاکەلی)یەوە دانراوە و ئاشنا ئەحمەد دەوڵەت وێنەکانی کێشاوە و فەرهاد شاکەلی لە ڕووی زمانەوانییەوە پیایدا چووەتەوە.
ئەم کتێبە ١٥٦ لاپەڕەیە و ساڵی ٢٠٠٠ لە سوید چاپ کراوە. فەهمی کاکەیی پیتچنی و مۆنتاژی کردووە.
کتێبی گەرمیان لە لاپەڕەی پێنجەمەوە هەتاکو لاپەڕە١٣٠ ئەو تێکستانەی لەخۆ گرتووە کە دانەرانی کتێبەکە و هەندێک شاعیر و نووسەری کورد پێشتر نووسیویانن. لە لاپەڕە ١٣١ یشەوە هەتاکو لاپەڕە ١٤٩ بەشێک بۆ کتێبەکە زیاد کراوە بەناوی (بەرهەمی خوێندکاران)ەوە کە بریتییە لە (دە) تێکست کە لەلایەن چەند منداڵ و مێردمنداڵێکی کوردەوە نووسراون.
بۆ زۆربەی تێکستەکانی نێو ئەم کتێبە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ کێشراوە. هەندێک تێکستیش بێ وێنەن. سەرجەم وێنەکانیش بە دەست کێشراون.

چەند سەرنجێکی گشتی :

تێکستەکانی نێو کتێبی گەرمیان(جیا لەوانەی کە بەشی بەرهەمی خوێندکاراندا هەن) سەرجەم ٥٧ تێکستن؛ کە ئەوانیش بریتین لە کۆمەڵێک کورتەچیرۆک و شیعر بۆ منداڵ نووسراو و کۆمەڵێک بابەتی دیکە. ئەو (٥٧) تێکستە هەندێکیان لەلایەن شاعیر و نووسەرانی کوردەوە نووسراون و پێشتریش لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە. ئەوانی دیکەش لەلایەن دانەرانی کتێبەکەوە نووسراون یان ئامادە کراون.
لەو ٥٧ تێکستە ١٤ەیان شیعرن. ئەو ٤٣تێکستەی دیکە بریتین لە چیرۆکی کورت و بابەتی دیکە کە زانیارییان دەربارەی کوردستان و جیهان و ژیان بە گشتی تێدایە.
لەکتێبی گەرمیاندا ناوی هەندێک شاعیر و نووسەر چەند جارێک دووبارە بوونەتەوە ؛ واتە زیاتر لە بەرهەمێکیان لە کتێبەکەدا هەیە و پێشتر ئەو بەرهەمانە لە چەند کتێب و گۆڤاری منداڵاندا بڵاوکراونەتەوە ؛ وکوو:
عوسمان سەبری : (سێ بەرهەم)، لاپەڕە٢١-٢٢ چیرۆک
ل ٥١ شیعر
ل١١٦چیرۆک
قەدری جان :(سێ بەرهەم)، ل٦٤-٦٥چیرۆک
ل٧٥ شیعر
ل٨٩چیرۆک
هەژار : (دوو بەرهەم) ، ل ١٨ شیعر، ل٣٨مەتەڵ - شیعر
سەبری هەکاری : (دوو بەرهەم) ، ل ٣٢ شیعر، ل ٤٥شیعر
لەتیف هەڵمەت :(دوو بەرهەم)، ل ٨٢ شیعر، ل٨٣-٨٤ چیرۆک
فەهمی کاکەیی : یەکێک لە دانەرانی کتێبەکە - (سێ بەرهەم) ل٢٥شیعر، ل٦٠شیعر، ل٦٦شیعر
هەروەها سەرو شیعرێکی ئەم شاعیرانەش لە کتێبەکەدا هەن :
عومەر عەبدولڕەحیم ل ٥
کاکەی فەلاح ل ٩١ -٩٢
موئەید تەیب ل ١٠٥
سەبری بۆتانی ل ١٤
هەبوونی (چەند) بەرهەمێکی هەندێک شاعیر و بووسەر و نەبوونی(هیچ) بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی دیکەی کورد کە بەرهەمی جوان و پەروەردەییان بۆ منداڵانی کورد

نووسیوە، لایەنێکی نیگەتیڤی ئەم کتێبەیە !
دەیان شاعیر و نووسەری لاوی کوردمان هەن کە زیاتر خۆیان تەرخان کردووە بۆ (نووسین بۆ منداڵ) و چیرۆک و پەخشانی سەنگین دەنووسن و لەو گۆڤارە کوردییانەدا کە بۆ منداڵان دەردەکرێن بڵاویان دەکەنەوە، دەتوانرا لەم کتێبەدا سود لەوانەش وەربگیرێت و چیدیکە ئەو شیعر و چیرۆکانە بڵاو نەکرێتەوە کە ساڵانێکی دوور لە ئێستا نووسراون و (چەندین جار) لە کتێبەکانی خوێندراودا دانراون و چەند بارە کراونەتەوە. من خۆم لە (یونی ١٩٩٨ هەتاکو ئاگۆستی١٩٩٩) بەشداریی دەرکردنی گۆڤاری(پەپوولە)م کرد و گەلێک لەو شاعیر و نووسەرانەم لە نزیکەوە ناسی و بۆم دەرکەوت کە بە پێچەوانەی شاعیر و نووسەرەکانی پێشوومان کە تەنها لە ڕووی دڵسۆزییانەوە بۆ منداڵی کورد، دەستیان بە نووسینی شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان کردبوو، ئەمان لە ڕووی تێگەیشتن لە قۆناغی منداڵی و پێداویستییەکانی ئەو قۆناغە و بوونی ئەو بۆشاییە گەورەیە کە لە ڕۆشنبیریی کوردیماندا هەیە، خۆیان تەرخان کردووە بۆ منداڵ نووسین. ئەوانە بێ بەرامبەر، بەردەوام شیعر و چیرۆکی بەنرخیان بۆ گۆڤاری پەپوولە و گۆڤارەکانی دیکە دەنارد و گەلێک بەرهەمی سەنگینیشیان هەبوو کە بەهۆی بێ دەرامەتی و نەبوونییەوە بە دەستنووسی مابوونەوە!

خوێندنەوەی چەند تێکستێکی کتێبی گەرمیان :

---

١ ـ چیرۆکی «مێشوولە و فیل» ، ل ٨ـ٩ :
لەم چیرۆکەدا باس لە مێشوولەیەک کراوە کە بۆ حەسانەوە لەسەر پشتی فیلێک نیشتوەتەوە و پاشان فڕیوە و سوپاسی فیلەکەی کردووە کە لەسەر پشتی پشوویداوە، فیلەکە بەمجۆرە وەڵامی داوەتەوە:
« کە لەسەر پشتم نیشتبوویتەوە پێم نەزانی، ئێستاش کە هەڵدەفڕیت هەر پێت نازانم».
منداڵ چی لەم چیرۆکەوە فێر دەبێت؟!
کورت و پوخت دەتوانین بڵێین: بۆرۆکەی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە هەرچی گەورە و قەبە و زلە بە نرخ و گرنگە و هەرچی بچووک و سووک و لاوازە بێنرخ و بێبایەخە و بوون و نەبوونی وەکو یەکە !..
بیرۆکەی ئەم چیرۆکە هیچ سوودێکی بۆ منداڵ نییە و هیچ شتێکی باشیان فێر ناکات. بە هەزاران بەڵگە دەتوانین بیسەلمێنین کە نرخ و بایەخی مرۆڤ و گیانەوەر و ڕووەک و شتە بێگیانەکانیش بەپێی قەبارە و گەورە و بچووککییان نییە، بەڵکو بەپێی ئەوەیە کە چەندە سوود بە ژیان و کۆمەڵگای مرۆڤ دەگەیەنن... بی نموونە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا گەلێک کەسی زل

و کەتە و قەڵەو هەبوون کە پادشا و سەرۆکی وڵاتانبوون، بەڵام لە خوێنڕێژی و کوشتوبڕ و خۆش ڕابواردنی خۆیان بەولاوە هیچی دیکەیان لەبار دا نەبووە.. کەچی بەهەزاران مرۆڤی لەڕ و لاواز و بە لەش بچووک هەبوون بە داهێنان و بەرهەم و کتێبەکانیان گەورەترین خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە!

هەروەها نموونەی لەم جۆرە لە نێو گیانەوەر و ڕووەک و شتی بێگیانیشدا زۆرە کە ناکرێت نرخ و بەهایان بەپێی قەبارە و گەورە و بچووکییان دیاری بکرێت، گەلێک شت هەن کە بە قەبارە زۆر بچووکن، بەڵام سودیان بۆ ژیان و مرۆڤایەتی یەکجار زۆرە و نەمان و لەناوچوونیان دەبێتە هۆی کۆتایی هاتنی ژیان !

٢ ـ «کەشتییەکەی نووح»، ل ١١٠ ـ ١١١ :

ئەم تێکستە لەو ئەفسانەیەوە وەرگیراوە کە دەڵێت«لە دێرزەماندا، خوداوەند لە مرۆڤی سەرزەوی تووڕە دەبێت و بڕیار دەدات کە هەرچی مرۆڤ و گیانەوەرە لەناوی ببات وسەرلەنوێ ژیانێکی دیکە دروست بکاتەوە، ئنجا بە نوح ڕادەگەیەنێت لە هەر گیانەوەرێک نێر و مێیەک بخاتە کەشتییەکەیەوە. پاشان زەوی نوقمی ئاو دەکات و هەرچی مرۆڤ و گیانەوەرە لە ناوی دەبات، تەنها ئەوانە نەبێت کە لە کەشتییەکەی نوح دان. پاشان وردە وردە ئاوەکە دەنیشێتەوە و کەشتییەکەش لە سەر شاخێک دەگیرسێتەوە و هەچی مرۆڤ و گیانەوەری تێیدایە دەچنەوە سەر زەوی وسەر لەنوێ ژیان دەست پێدەکەنەوە».

ئەمە کورتەیەکی ئەفسانەکەیە، بەڵام هەندێک ئەوەشی بۆ زیاد دەکەن و دەڵێن: کەشتییەکەی نوح لە سەر شاخی جودی لە باکووری کوردستان گیرساوەتەوە و ژیان سەرلەنوێ لەوێوە دەستی پێکردوەتەوە، لەبەر ئەوە کورد کۆنترین نەتەوەی سەر زەوێن!..

چەند ڕوونکردنەوەیەک :

١ـ تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی ڕاستیی ئەم چیرۆکەی نەسەلماندووە و لە (ئەفسانە)یەک بەولاوە چیدیکە نییە.

٢ ـ هەندێک نووسەری کورد لە بریتی ئەوەی کە هەوڵبدەن مێژووی کورد و کوردستان بە شێوەیەکی زانستییانە و ڕیالیستانە لێکبدەنەوە و بەدوای ڕاستییە مێژووییەکاندا بگەڕێن، شوێن ئەفسانە و چیرۆکی دوور لە واقیع دەکەون و لای خۆیان دەیکەنە ڕاستییەکی بێ چەند و چوون!

وا دیارە نووسەری ئەم تێکستەش هەروا بیر دەکاتەوە ئەگینا پاش گێڕانەوەی ئەفسانەکە ئەوەی بۆ زیاد نەدەکرد کە بنووسێت:

«کەشتییەکەی نووی لەسەر چیای ئارارات، لە باکوری کوردستان نیشەوە... بەپێی ئەم گێڕانەوەیە بێت، دەبێ هەموو ئەو خەڵکەی کە ئێستا لەسەر ئەم زەوییە دەژین، لە

کوردستانەوە بەسەر دونیا دا بڵاوبووبێتنەوە. دیارە کوردەکانیش بە قسەی خودا دەکەن ، بۆیە وا منداڵیان زۆرە».
ئەم چیرۆکە ئەفسانەییە بۆ منداڵ چ سودێکی هەیە و چی لێوە فێر دەبێت؟!
بە باوەڕی من ئەم جۆرە ئەفسانەیە هیچ لایەنێکی پەروەردەییان تێدا بەدی ناکرێت و منداڵ هیچ چێژێک لە خوێندنەوەیان وەرناگرێت. کەسانێک کە کتێبی پەروەردەیی دەنووسن باشتر وایە هەمیشە ئەوەیان لە یاد بێت کە هەر بابەتێک کە بۆ منداڵی دەنووسن ناوەرۆکێکی پەروەردەییان هەبێت و منداڵ شتێکی باشیان لێوە فێر ببێت و چێژیش لە خوێندنەوەیان وەربگرێت. پێویستە ئێمەومانان منداڵی کورد بە بیروباوەڕی زانستی و ڕیالیستی گۆشبکەین، نەک بە ئەفسانەیەکی زۆر کۆنە و لە نێو گەلێک میللەتدا گوتراوە و دەگوترێت...
٣ ـ «یاپراخ لێنان ـ دەمەتەقێ ـ بۆ پێکەنین»ل ١٢١ ـ١٢٣ :
بیرۆکەی ئەم تێکستە لە چیرۆکێکی فولکلۆرییەوە وەرگیراوە( ئەگەرچی لە کتێبەکەدا نەنووسراوە کە لە فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگیراوە).
چیرۆکەکە لە شێوەی دیالۆگی نێوان دوو کەسدا داڕێژراوە و پوختەکەی بەم جۆرەیە :
«ڕۆژێکیان (فاتێ) دەچێ بۆ لای (خەجێ)ی دراوسێیان هەتاکو فێری یاپراخ لێنانی بکات، بەڵام ناشیەوێت خۆی ناشارەزا پیشان بدات، بۆیە کاتێک خەجێ باسی یاپراخ لێنانی بۆ دەکات، ئەو زوو زوو دەڵێت«دەزانم» . کاتێک کە خەجێ لە باسی یاپراخ لێنانەکە دەبێتەوە و دەڵێت: «لەدواییشدا تەپاڵەیەکی لەسەر دادەنێیت و مەنجەڵەکە دەخەیتە سەر ئاگر». فاتێ دیسان دەڵێت: «ئەویشیان دەزانم». لە کۆتاییشدا نووسراوە: «ئێستاکە تۆیش دەزانیت یاپراخ لتحێ بنێیت، بەڵام تەپاڵەی نەخەیتە سەر ها!».
چەند سەرنجێک :
١ـ ئەم تێکستە دوور و درێژە و بە ڕاهێنانەکەیەوە چوار لاپەڕەی بردووە. دەتوانرێت بەوەندە وشە و ڕستە کە ئەم بابەتەی پێ نووسراوە، چەند نوکتەیەکی کورت کە لە باری پەروەردەییەوە بۆ مناڵ بگونجێت بنوسرایە و منداڵیش زیاتر چێژی لێدەبینی و بە خوێندنەوەشی ماندوو نەدەبوو.
٢ـ ئەم چەشنە نەقڵ و نەزیلەیە لە کوردەواریدا ژنان لە ناو خۆیاندا بۆ یەکتی دەگێڕنەوە و بەلای منداڵەوە باسێکی نامۆیە و هیچی لێ تێناگات و هیچیشی لێوە فێر نابێت.
٣ ـ لە تێکستەکەدا فاتێ کێژ(یان ژن)ێکی گێژ و گەمژەیە، بالام خەجێ کێژ(یان ژن)ێکی زۆرزان و ورەیایە. خەجێ کە دەزانێت فاتێ گێژ و گەمژەیە دەکەوێتە گاڵتە پێکردن و فریودانی.
٤ ـ وشەی وەک (تەپاڵە) لە کتێبی پەروەردییدا جێی شیاوی نییە ؛ کەچی لەم تێکستەدا بە

(وشەکە) خۆشییەوە نەوەستاون و هاتوون تێکەڵی (خواردن)یشیان کردووە!!
کورت و پوخت ئەم تێکستە بە منداڵ دەڵێت کەسانی خۆهەڵکێش و گێژ و دواکەوتوو شایانی گاڵتە پێکردن و ڕیسواکردنن کە ئەم چەشنە بیروباوەڕە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ تیۆرییە پێشکەوتووەکانی پەروەردە دا ناگنجێن.. مرۆڤێک کە گەمژە و دواکەوتوو بێت، دەبێت کەسانی پسپۆڕ هۆی گەمژەیی و دواکەوتووییەکەی دەستنیشان بکات و چارەسەری گونجاوی بۆ دابنێت و بەرەو مرۆڤێکی ئاسایی ببرێت، نەک گاڵتە و سوکایەتیی پێ بکرێت!!
٤ ـ « ئەریٚ هۆ ـ دەمەتەقیٚ ـ بۆ پێکەنین» ل ٣١ :
ئەم تێکستەش لە شێوەی دیالۆگی نێوان دوو کەس بەناوی (خلە) و (بلە) داڕێژراوە. خلە چەند پرسیارێک لە بلە دەکات، بەڵام بلە بە گەڵتەجاڕییەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە و هەموو جارەکان بە وشەی(هین) وەڵامی خلە دەداتەوە. تا لە دواییدا خلە دەپرسێت: «لێت تیٚ نەگەیشتم ، هین یانی چی؟». بلە جارێکی دیکە بە گاڵتەجاڕییەوە وەڵامی دەداتەوە: «هین یانی هەرامە، هەرامە یانی وانێک، ئێستا تێگەیشتی؟ دەزانم تیٚ ناگەی، دەبڕۆ دەی!».
لەبەر ئەوەی سەرنجەکانم دەربارەی تێکستی «یاپراخ لێنان» بۆ هەمان ئەم تێکستەش دەگونجێن، بەپێویستی نازانم دووبارەیان بکەمەوە . بەڵام دیسان دووپاتی دەکەمەوە تێکستێک کە لە کتێبی پەورەردەییدا بۆ منداڵ دەنووسرێت، با بۆ پێکەنینیش بێت، نابێت ڕەفتاری دزێو و نابەجیٚ فێری منداڵ بکات. دەبێت ناوەرۆکی شیعر و چیرۆک و هەر بابەتێکی دیکە کە بۆ منداڵ دەنووسرێت، منداڵ فێری ئەوە بکات کە هەمیشە ڕێز لە بەرامبەرەکەی بگرێت و کەس بە سووک و گێل و گەمژە تیٚ نەگات و لە کاتی گفتوگۆ و ئاخاوتنیشدا سووکایەتی بە کەس نەکات و وەڵامی هەر پرسیارێک کە ئاراستەی دەکرێت بە شێوازێکی جوان و گوفتارێکی شیرینەوە بداتەوە نەک بڵێت: «ئێستا تێگەیشتی ؟ دەزانم تیٚ ناگەی، دەبڕۆ دەی!».
٥ ـ «بە کورد کەوتووە ـ دەمەتەقیٚ ـ بۆ پێکەنین» ل٣٧ :
ئەم تێکستەش هەر بریتییە لە دیالۆگی نێوان (خلە) و (بلە). لەمیشدا خلە چەند پرسیارێک ئاراستەی بلە دەکات و بلەش بەجۆرێک وەڵام دەداتەوە کە دواجار خلە بپرسێت:«باشە هەموو کوردێک وا بیٚ سەر و بەر قسە دەکات؟». بلەش وەڵام دەداتەوە : «ئەویشیان بە کورد کەوتووە».
ئەگەر سەرنجی ئەو پرسیار و وەڵامەی کۆتایی دیالۆگەکە بدەین، دەبینین نووسەری تێکستەکەش دڵنیایە لەوەی کە بلە بە گاڵتەجاڕی و سووکایەتییەوە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، بۆیە لە کۆتاییدا خلە گوتویەتی: «باشە هەموو کوردێک وا بیٚ سەر و ەر قسە دەکات؟».
٦ ـ «گەرمیان»، ل٦ :

ئەم بابەتە پێناسەیەکی کورتی ناوچەی گەرمیانی باشووری کوردستانە. لە سەرەتادا باسی سروشت و ئاووهەوای گەرمیان کراوە، پاشان باسەکە چووەتە سەر شاری کەرکوک و لە کۆتاییدا نووسراوە: «باوە گوڕگوڕ یەکێکە لە کانە بەناوبانگەکانی نەوتی شاری کەرکوک، بۆیە دەگوترێت: کەرکوک دڵی کوردستانە. هەروەها قودسی کوردستانە».

چەند سەرنجێک:

١ـ ئەگەرچی شاری کەرکوک دەکەوێتە ئەو ناوچەیە کە بە گەرمیان ناسراوە، بەڵام هەروەک لە تێکستەکەشدا هاتووە:(پارێزگای کورکوک بە هەموو قەزا و ناحیە و لادکانییەوە بە ناوچەی گەرمیان ناسراوە، بەڵام گەرمیان هەندێ شوێنی دیکەش دەگرێتەوە». کەواتە باشتر بوو ئەو تێکستە تایبەت بوایە بە ناوچەی گەرمیان و لە لاپەڕەیەکی دیکەدا تێکستی تایبەت دەربارەی شاری کەرکوک بنوسرایە..

٢ـ گومانی نییە کە ئەو دوو دروشمە سیاسییە(کەرکوک قودسی کوردستانە) ، ( کەرکوک دڵی کوردستانە)، یەکەمیان دروشمی «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» و دووەمیان هی «پارتی دیموکراتی کوردستان»ە. ئەم دوو دروشمە لەباری سیاسییەوە نەک هەر سودیان بە کورد و مەسەلەی کوردبوونی کەرکوک نەگەیاندووە، بەڵکو بوونەتە هۆی دووبەرەکی و پەرشوبڵاوییەکی زیاتر. ئاخۆ ئەوە گرنگە کە بە بەڵگە و لێکۆڵینەوەی زانستییەوە کوردبوونی کەرکوک بسەلمێنرێت، یان ئەوە کە بە (قودس) یان (دڵ) بشوبهێنرێت؟! دیارە نووسەری ئەم باسە ویستوویەتی دڵی هەردوو لایەنی سیاسیی ناوبراو ڕازی بکات؛ بۆیە ئەو دوو دروشمەی بەدوای یەکدا ڕیز کردووە !

لێرەدا من دوو پرسیار ئاراستەی نووسەری ئەو بابەتە دەکەم :

یەکەم ـ گوستنەوەی دروشمی دوولایەنی سیاسی دەسەڵاتداری (کۆک و ناکۆک)ی کورد بۆ ناو کتێبێکی پەروەردەیی کە منداڵانی کورد لە وڵاتێکی وەکو سوید بە مەبەستی فێربوونی زمانەکەیان و شارەزابوون لە کولتوری نەتەوەکەیان دەیخوێنن ، چ سودێک بەو منداڵانە دەگەیەنێت ؟!

دووەم ـ ئایا باشتر نەبوو لە بریتیی نووسینی ئەو دوو دروشمە، بە کورتی و لە چەند ڕستەیەکدا شاری کەرکووک لە ڕووی مێژوویی و جوگرافی و دیمۆگرافییەوە بکرایە و ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکرایە کە کەرکوک شارێکی دێرینی کوردستانە، بەڵام داگیرکەرانی هەمیشە هەوڵیان داوە دانیشتوانە کوردەکان ڕابگوازن و خەڵکی دیکە لە جێیان نیشتەجێ بکەن.. هەروەها ئەوەیان ڕوون بکردایەتەوە کە گەلێک بەڵگەنامەی مێژوویی دەیسەلمێنن کە کەرکوک شارێکی کوردستانە و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەشی کوردن.. ئەوسا هەر کوردێک ئەو بابەتەی بخوێندایەتەوە بێ ئەملا و ئەولا ناوەرۆکەکەی بەڕاست و دروست

بزانیایە و منداڵی کوردیش باشی لێوە فێر ببوایە؟!
٧ ـ « ئەو بزنەی نەیدەویست بچێتە ژێر زەوییەکەوە ـ چیرۆکێکی فۆلکلۆریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، ل١٢٥ ـ ١٢٩ :
ئەم تێکستە پێنج لاپەڕەی بردووە. هەروەکو لە کتێبەکەشدا ئاماژەی بۆ کراوە بیرۆکەی ئەم چیرۆکە زۆر کۆنە و لە نێو فۆلکلۆری گەلێک نەتەوە و ناوچەدا هەیە، بەڵام لای هەر یەکێکیان بە شێوازێک دەگێڕدرێتەوە. چیرۆکەکە لەم کتێبەدا بەم جۆرە دەستی پێکردووە :
«هەبوو نەبوو پیرێژنێک هەبوو بزنێکی هەبوو. خۆی و بزنەکەی لە خانوویەکی بچووک، لە ناو دارستانێکدا دەژیان. ڕۆژێکۆان بارانێکی زۆر باری، پیرێژنەکە ترسا خانووەکەیان بەسەردا بڕووخێت و خۆی و بزنەکەی بمرن، بۆیە بە بزنەکەی گوت :
ـ بزنەکە، وەرە با بچینە ژێرزەوییەکەوە، نەوەک خانووەکەمان بەسەردا بڕووخێت و بمرین !
بزنەکە گوتی : نایەم ...» ئیدی چیرۆکەکە درێژە دەکێشێت و ژنەکە پەنا دەباتە بەر قەساب و ئاسنگەر و ئاو و حوشتر و گوریس و مشک و پشیلە بۆ ئەوەی بزنەکە لە گەڵیدا بچێتە ژێر زەوییەکە !...
نامەوێت زۆر لەبارەی ناوەرۆکی ئەم جۆرە گێڕانەوەی چیۆکەکەوە بدوێم، باڵام ئەوەندە دەڵێم باشتر وابوو ناوەرۆکی چیرۆکەکە بە جۆرێک بوایە کە منداڵ زۆر بەلایەوە نامۆ نەبوایە و شتی ناکۆکی تێدا نەبوایە! بۆ نموونە ڕەنگە منداڵ کە ئەم چیرۆکە دەخوێنێتەوە بپرسێت: باشە کە بارانەکە ئەوەندە زۆر بووە، ئەم پیرێژنە چۆن ئەم هەموو ئەمسەر و ئەوسەری کردووە؟ هەروەها ڕەنگە بپرسێت: ئاخر مرۆڤ و بزن چۆن دەتوانن بچنە زێر زەوییەوە؟!...
هەوەکو پێشتریش گوتم ئەم چیرۆکە فۆلکلۆرییە بە شێوەی جۆراوجۆر گوتراوە و دەگوترێت، بەڵام باشترینیان ئەوەیە کە منداڵ باشتر لە ناوەۆکەکەی تێبگات و چێژیش لە خوێندنەوەکەی وەربگرێت و شتی زۆر ناکۆکی تێدا نەبێت. منیش چەند گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەم خوێندۆتەوە، بەڵام یەکێکیانم لە هەموو ئەوانی دیکە بەلاوە پەسندترە و منداڵ باشتر شوێن ڕووداوەکانی دەکەوێت و زیاتریش لێی تێدەگات. وا لە خوارەوە پوختەیەکی ئەو گێڕانەوەیە دەخەمە بەر دیدەی خوێنەران و با خۆیان سەرپشک بن لەوەی کام تێکستیان بۆ منداڵ گونجاوترە:

منداڵ و قوتابخانە
ڕۆژێک منداڵێک بە دایکی گوت :
ـ دایە ! ئەمڕۆ ناچم بۆ قوتابخانە. دایکی تووڕە بوو و چوو بە داری گوت :
ـ دارەکە ! لە منداڵەکەم بدە، چونکە ناچێت بۆ قوتابخانە.

دارەکە گوتی :
ـ نا !لێی نادەم.
ئنجا دایکی منداڵەکە چوو بە ئاگری گوت :
ـ ئاگرەکە ! ئەو دارە بسووتێنە چونکە لە منداڵەکەم نادات، منداڵەکەشم ناچێت بو قوتابخانە.
ئاگرەکەش گوتی :
ـ نا ! نایسووتێنم.
ئنجا چوو بۆ لای ئاو و گوتی :
ـ ئاوەکە ! ئاگرەکە بکووژێنەوە چونکە دارەکە ناسووتێنێت، دارەکەش لە منداڵەکەم نادات، منداڵەکەشم ناچێت بۆ قوتابخانە.
ئاوەکەش گوتی :
ـ نا ! نایکووژێنمەوە .
پاشان چوو بۆ لای گا و گوتی :
گاکە ! ئاوەکە بخۆرەوە، چونکە ئاگرەکە ناکووژێنێتەوە، ئاگرەکەش دارەکە ناسووتێنێت، دارەکەش لە منداڵەکەم نادات، منداڵەکەشم ناچێەوە قوتابخانە.
گاکەش گوتی :
ـ نا ! نایخۆمەوە.
ئنجا چوو بۆ لای قەساب و گوتی :
ـ قەسابەکە ! گالە سەربڕە چونکە ئاوەکە ناخواتەوە، ئاوەکەش ئاگرەکە ناکووژێنێتەوە، ئاگرەکەش دارەکە ناسووتێنێت، دارەکەش لە منداڵەکەم نادات، منداڵەکەشم ناچێت بۆ قوتابخانە.
قەسابەش گوتی :
ـ نا ! سەری نابڕم.
پاشان دایکی منداڵەکە چوو بۆ لای گوریس و گوتی :
ـ گوریسەکە ! قەسابەکەو بخنکێنە چونکە گالە سەر نابڕێت، گاکەش ئاوەکە ناخواتەوە، ئاوەکەش ئاگرەکە ناکووژێنێتەوە، ئاگرەکەش دارەکە ناوتێنێت، دارەکەش لە منداڵەکەم نادات، منداڵەکەشم نەچێت بۆ قوتابخانە.
گوریسەکەش گوتی :
ـ نا ! نایخنکێنم.
ئنجا چوو بۆ لای مشک و پێی گوت :
ـ مشکەکە ! گوریسەکە بقرتێبە چونکە قەسابەکە ناخنکێنێت، قەسابەکەش گاگە سەر بابڕێت،

گاکەش ئاوەکە ناخواتەوە ، ئاوەکەش ئاگرەکە ناکووژێنێتەوە ، ئاگرەکەش دارەکە ناوسووتێنێت، دارەکەش لە منداڵەکەم نادات، منداڵەشم ناچێت بۆ قوتابخانە.
مشکەکەش گوتی :
ـ نا ! نایقرتێنم.
لە دواییدا دایکی منداڵەکە چوو بۆ لای پشیلە و گوتی :
ـ پشیلەکە ! من نان وق ماستت بۆ دەهێنم ، تۆش مشکەکە بخۆ، چونکە گوریسەکە ناقرتێنێت، گوریسەکەش قەسابەکە ناخنکێنێت، قەسابەکەش گاکە سەرنابڕێت، گاکەش ئاوەکە ناخواتەوە، ئاوەکەش ئاگرەکە ناکووژێنێتەوە، ئاگرەکەش دارەکە ناسووتێنێت، دارەکەش لە منداڵەکەم نادات، منداڵەکەشم ناچێت بۆ قوتابخانە.
پشیلەکە لە خۆشی نان و ماست، بەخێرایی ڕایکرد بە دوای مشکەکەدا، مشکەکەش ڕایکرد بە دوای گوریسەکەدا، گوریسەکەش ڕایکرد بەدوای قەسابەکەدا، قەسابەکەش ڕایکرد بە دوای گاکەدا، گالەش ڕایکرد بە دوای ئاوەکەدا، ئاوەکەش ڕایکرد بەدوای ئاگرەکەدا ، ئاگرەکەش ڕایکرد بەدوای دارەکەدا، دارەکەش ڕایکرد بەدوای منداڵەکەدا.. منداڵەکەش خێرا جانتاکەی هەڵگرت و بەرەو قوتابخانە ڕایکرد و گوتی :
ـ باشە دایە گیان ! وا دەڕۆم بۆ قوتابخانە...
ڕاستییەکەی چەند تێکستی دیکەش لەو کتێبەدا هەن کە هەڵدەگرن دەربارەیان بنووسرێت، بەڵام من بۆ ئەوەی باسەکەم لە سنووری خۆی زیاتر درێژە نەکێشێت، بەوەندە کۆتایی پێدەهێنم و دەڵێم خۆزگە کەسانی پسپۆر و شارەزای زمان و ئەدەبی کوردی ئەگەر لە ئاست کەموکوڕیی کتێبی ئاساییدا بێدەنگ دەبن، لە ئاستی کەموکوڕیی کتێبی بۆ منداڵ نووسراو بەگشتی و کتێبی (خوێندن) بەتایبەتی، بێدەنگ نەبوونایە و هەرچی لایەنێکی نیگەتیڤیان تێدا بەدی دەکەن ، دەربارەیان بنووسن.. ناتوانم ئەو ڕاستییەش بکەم بە ژێر لێوەوە کە لە کتێبی گەرمیاندا چەند تێکستێکیش هەن هەم لەباری ناوەرۆکەوە و هەم لەباری زمانەوە بابەتی پەروەردەیی و بە نرخن و منداڵی کورد چێژ لە خوێندنەوەشیان وەردەگرێت و شتی بەسوودیان لێوە فێر دەبێت.

جوتیار حاجی تۆفیق
سۆلێنتنا ـ سوید نۆڤیمبەری ٢٠٠٢

## چاوخشاندنێک بە کتێبی ((مێژووی هەورامان)) دا

کتێبی مێژووی هەورامان کتێبێکی (١٢٥٢) لاپەڕەییە و لە لایەن مامۆستا "محمد ئەمین هەورانانی"یەوە نوسراوە. ئەم کتێبە لە دو(بەرگ) یان دوو بەش پێکهاتوە؛ بەرگی یەکەم دەربارەی هەورامانی لهۆنە و(٥٤٨) لاپەڕەیە ، بەرگی دوەمیش دەربارەی هەورامانی تەخت و بەشەکانی دیکەی هەورامانە و لە لاپەڕە (٥٤٩ هەتاکو لاپەڕە ١٢٥٢)ی کتێبەکەی گرتۆتەوە .
لە سەر بەرگی یەکەم نوسراوە:(٢٥-١١-١٩٩٢ ، ٣٠-٧-١٩٩٤)، لە سەر بەرگی دوەمیش نوسراوە: (لە ٢١-١١-١٩٩١ دەستی پێکراوە و لە ٢٠-٨-٩٩٤ دا تەواو بووە). بەو پێیە ئەم کتێبە لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٤ دا نوسراوە.
ماوەیەک لەمەوپێش دانەیەکی ئەم کتێبەم دەستکەوت و بە شێنەیی خوێندمەوە. لە کاتی خوێندنەوەیدا هەندێک سەرنج و تێبینیم لای خۆم تۆمار کرد، وا لێرەدا "بەشێکیان" دەخەمە بەر چاو ، ئومێدەوارم بۆ نوسەرەکەی و بۆ خوێنەرانیش سودبەخش بن.
لە لاپەڕە دوو دا بە زمانی "فارسی" هەندێک زانیاریی دەربارەی ناوی چاپخانە و کات و شوێنی چاپی کتێبەکە نووسراوە، لەوێدا بەم جۆرە ناوی کتێبەکە و ناوی نووسەرەکەی نووسراوە : (تاریخ اورامان ، دکتر محمدامین هورامانی، چاپ نخست: ١٣٨٠، حروفچین : محمد غفاری ، تهران - انتشارات بلخ). دەبینین لە سەر بەرگی کتێبەکە ، لە بەر دەم ناوی نووسەر دا نەنووسراوە "دوکتۆر..." ، کەچی لە ل٢ دا بە فارسی نووسراوە "دکتر محمدامین هورامانی" !
ناوی کتێبەکە لە سەر بەرگی دواوەی بەم جۆرە نووسراوە :

"History of Avraoman A Short"

واتە :" کورتەیەک لە مێژووی هەورامان" . لە کاتێکدا کە لە سەر بەرگی یەکەمی کتێبەکە ناوی "مێژووی هەورامان"ە و وشەی "کورتەیەک"ی لەگەڵ نییە. دەبوا ناوی کتێبەکە بەئینگلیزیی کتومت وەکو ناوە کوردییەکەی بوایە و هیچ وشەیەکی زیادو کەمی لەگەڵ نەبوایە. لەم کتێبەدا هەندێک باس و بابەتی ئەوتۆ نووسراون نە لە نزیک و نە لە دوور پەیوەندییان بە "مێژووی هەرومان"ەوە نییە ! دەکرێت لێرەدا هەندێک لەوانە دەسنیشان بکەم:
١ - نووسەر لە ل٢٧ دا نووسیوێتی: " لە لایەن دانشجویان دانشگاه تەورێزەوە ، بە بۆنەی بیرەوەریی ڕۆژی ساڵگەردی هەڵەبجەی شەهید- ەوە بۆ بەشداریی بوون، لەوێ دا، بانگ

کرام: منیش زۆر بە گەرمی یەوە، پێشوازیی، ئەو داخوازی یەم کرد و بۆ ئەوێ چووم و تیایشی دا، بە پارچە پەخشانێ ، بەشداریم کرد. شایانی باسە، کە پەخشانەکەم بە ناونیشانی : (پەیامێ لە دایکەوە)بوو" . پاشان لە ل٢٨ ـ ٣٠ دا دەقی ئەو شیعرە(یان وەکو نووسەر خۆی گوتویەتی ئەو پەخشانە)نووسراوەتەوە. لێرەدا خوێنەری ئەو کتێبە بۆی هەیە بپرسێت: ئەو شیعرە چ پەیوەندییەکی بە مێژووی هەورامانەوە هەیە و چ جێیەک لە مێژووی هەوراماندا دەگرێت ؟!

٢ ـ نووسەر لە گەلێک شوێندا (وەک لە سەرەتای کتێبەکەدا)چەند باس و بەسەرهاتی تایبەتی و شەخسیی خۆی گێڕاوەتەوە و چەندین لاپەڕەی پێ پڕ کردونەتەوە، کە ئەو باسانە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ مێژووی هەوراماندا ناگونجێن و زیاتر لە بۆنەی تایبەتیدا دەگوترێن، نەک تێهەڵکێشی مێژووی هەورامان بکرێن !! هەر بۆ نموونە لە لاپەڕە(١٤ هەتاکو ٣١)چەند بەسەرهاتێکی خۆی گێڕاوەتەوە ، کە چۆن لە بەغداوە گەیشتۆتە ئێران و چی دیوە و چی بەسەرهاتووە و لە ماڵی کێ بوە و لەگەڵ کێ بووە...

٣ ـ نووسەر لە (ل٣٤٤-٣٤٦)دا کورتەیەکی ژیاننامەی شەهید ئازاد هەورامی نوسیوە ە باسی بنەماڵەکەیانی کردووە. پاشان لە (ل٣٤٧ هەتاکو ٣٦٥) (کە دەکاتە ١٨ لاپەڕە) دەقی ئەو شیعرەی شێرکۆ بێکەسی نووسیوەتەوە کە بە بۆنەی شەهید بوونی ئازاد هەورامیئەوە نووسیویێتی. بە باوەڕی من شەهیدئازاد هەورامی و هەموو شەهیدێکی قارەمانی وەکوو ئەو ، شایانی ئەوەن کە کتێبی تایبەتی و زۆر بەنرخیان دەربارە بنووسرێت، بەڵام لە کتێبێکی گشتیی وەکوو ئەم کتێبە دا کە دەربارەی مێژووی هەورامانە، دەکرا وەک کەسێکی تێکۆشەری هەورامی، تەنها کورتەیەک لە ژیاننامەی(بە چڕی و پڕی)لە دوو توێی یەک دوو لاپەڕەدا بنووسرایە، هاوکات بۆ ئەوەی باسەکە پارسەنگ بێت، دەبوا ئاماژە بۆ ناوی گەلێک تێکۆشەر و قارەمانی دیکەی هەورامان بکرایە. ئەو شیعرەی شێرکۆ بێکەس کە بۆ شەهید ئازاد هەورامی نووسیوە، من بە یەکێک لە شیعرە بەنرخەکانی شاعیری دەزانم، بەڵام نەدەبوا لەو کتێبەدا بنووسرایەتەوە.

٤ ـ نووسەر لە(ل٩٣٧ هەتاکو ل٩٤٤)دا باسی مانای زاراوەی"ڕۆمانسیزم" و "کلاسیزم"ی کردووە و چۆنێتیی سەرهەڵدانیانی شیکردۆتەوە و چەند لاپەڕەی پێ پڕ کردۆتەوە. ئاخۆ باسی ڕۆمانسیزم و کلاسیزم چ پەیوەندییەکی بابەتیانەیان بە مێژووی هەورامانەوە هەیە !

چەند سەرنجێکی گشتی :

* لەم کتێبەدا ، بۆ لێکدانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان، لە هەر جێیەکدا جۆرە مێژوویەک

بەکار هێنراوە. وەک مێژووی کۆچی ، مێژووی زایینی و مێژووی هەتاوی ( کە نووسەر لە هەندێک شوێندا بە "ئێرانی" و لە هەندێک جێی دیکەدا بە "ڕۆژی" ناوی بردووە). لە زۆر شوێنیشدا مێژووی ڕووداوێکی نووسیوە بەبێ ئەوی بنووسێت ئەو مێژووە زایینیە ، کۆچییە یان هەتاوی! مێژووی هەندێک ڕووداویشی زۆر سەیر نووسیوە، مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێت چۆن کەسێکی شارەزای زمان و مێژوو، ئاوا مێژووی ڕووداو دەنووسێت! لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەم :

١ ـ لە(ل٦)دا نووسیویەتی: "...لە ساڵانی حەفتا و چوار بەولاوە، هاوکاریی لە گەڵ کۆڕی زانیاری کورد دا... کردووە" .

٢ ـ لە (ل ٤٣٠)دا نووسیویەتی : "مانگی ١١ یا ١٢ی ٧٨ لە تاران لە ماڵی سالار جاف بووم..." .

٣ ـ لە (ل٤٢٨)دا نووسیویەتی : "... لە ئەیلوولی (٦١)دا ... " .

٤ ـ لە (ل٤٩٥)دا نووسیویەتی : " یەک شەممەی ڕۆژ(٧ـ٨ـ١٣٥٧)ڕۆژیی..." .

٥ ـ لە (ل٧٦٢)دا نووسیویەتی : "... شەوی دووشەممەی ڕێککەوتی ساڵانی (١٢٦٧)ی کۆچی..." .

* لەم کتێبەدا گەلێک وێنە بەرچاو دەکەون کە وێنەی زۆر تایبەتی و شەخسین و مرۆڤ ئەگەر لە ئالبۆمی وێنەی ماڵیشدا دایان بنێت، ڕەنگە پیشانی هەموو کەسێکی نەدات! کەچی وا لەم کتێبەدا کراون بە بەشێک لە مێژووی هەورامان ! ئەو جۆرە وێنانە لە نرخ و بەهای کتێبەکەیان کەمکردۆتەوە و لە "سوودی تاکە کەس" بەولاوە، هیچ جۆرە سوودێکی گشتییان تیادا بەدی ناکرێت. دەتوانرا لە جێی ئەو وێنانە، وێنەی گەلێک لە شوێنەوارەکانی هەورامان و وێنەی دەیان هونەرمەند و نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و تێکۆشەری چ کۆچکردوو و چ زیندووی هەروامان دابنرایە کە ئەوە سوودی گشت لایەکی تێدا دەبوو و سەنگی کتێبەکەی زیاد دەکرد.

* زۆربەی وێنەکانی نێو کتێبەکە زانیاریی پێویستیان لەژێر دا نەنووسراوە. بۆ نموونە نەنووسراوە : وێنەکە لە لایەن چ کەسێک و بە کامێرای کێ گیراوە، کەی وێنەکە گیراوە(مێژوەکەی)، ناوی شوێنەکە، ناوی کەسەکانی نێو وێنەکە، ناوی ئەو کەسە یان ئەو سەرچاوەیەی کە وێنەکەی لێ وەرگیراوە ...

* ئەگەر هەر کەسێک بە وردی کتێبەکە بخوێنێتەوە، دەبینێت زۆرجار باسەکان تێکەڵ و پێکەڵ کراون و بە شێوەیەکی بەرودوا نەنووسراون. هەروەها لە گەلێک جێدا باسەکان

دووباره بوونەتەوە، بەبێ ئەوەی پێویست بەو دووبارەکردنەوەیە بکات. بۆ نموونە لە (ل ٥٢٠-٥٢٥)دا کورتەیەکی ژیاننامەی کاردۆخی شاعیر و چەند پارچە شیعرێکی نووسراوە ، کەچی لە (ل ١١٥٥-١١٥٦)دا دیسان کورتەی ژیاننامە و پارچە شیعرێکی ئەو نووسراوەتەوە. هەروەها لە(ل ٥١٩-٥٢٠)دا کورتەی ژیاننامە و پارچە شیعرێکی میرزا ئۆلقادری تەوێڵەیی نووسراوە، لە(ل ١١٤٧-١١٤٨) دا دیسان دووبارە کراوەتەوە.

* نووسەر مەرجەکانی خاڵبەندی بە شێوەیەکی دروست پەیڕەو نەکردووە. کەمجار نیشانەکانی وەک: خاڵ(.) ، کۆما(،) ، کۆلۆن(:) و نیشانەی سەرسوڕمان(!) و نیشانەی پرسیار(؟) و ئەوانی دیکە لە جێی گونجاو دا داناوە، ئەوەش ، خوێندنەوەی کتێبەکەی تا ڕادەیەک زەحمەت کردووە و کاریگەریی بۆ سەر تێگەیشتن لە باسەکان هەیە. بۆ نموونە لە سەدان جێدا لەبریتی ئەوەی خاڵی کۆتایی ڕستە دابنێت، نیشانەی سەرسوڕمانی داناوە. هەروەها لە سەدان جێدا بەبێ ئەوەی پێویست بێت نیشانەی (کۆما)ی داناوە. هەروەها لە زۆر شوێن دا کاتێک سەرناوی باسێکی نووسیوە، خاڵێک یان کۆمایەکی لە بەر دەمدا داناوە ! یان لە هەندێک جێدا دوو کۆما یان کۆمایەک و خاڵێکی بەدوای یەکدا داناوە ...

* لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا کاتێک ناوی کتێبێک وەک سەرچاوە دەبرێت، پێویستە ناوی کتێبەکە و ناوی نووسەرەکەی و (ئەگەر وەرگێڕابوو ناوی وەرگێڕەکەی) و شوێن و مێژووی چاپی کتێبەکە و ئەو لاپەڕانەی کە سوودی لێ وەرگیراوە بنووسرێت. لەم کتێبەدا زۆر بە کەمی پەیڕەوی ئەوە کراوە و زۆربەی جار تەنها ناوی کتێبەکە و ناوی نووسەرەکەی نووسراوە. ئەم دیاردەیە لە لاپەڕەی (٤٦) و (١٢٣٩) دا بە ڕۆشنی بەرچاو دەکەوێت.

* لەم کتێبەدا گەلێک هەڵەی "ڕێزمانی" و هەڵەی "زمانەوانی" بەرچاو دەکەوێت. لەبەر ئەوەی هەڵە ڕێزمانییەکان یەکجار زۆرن، لێیان دەگەڕێم. بەڵام دەکرێت چەند دانەیەک لە هەڵە زمانەوانییەکانی تەنها "سەرەتای" کتێبەکە دەسنیشان بکەم :

١ - لە (ل ١٢،١١،١٠...) دا چەندین جار نووسیویەتی : "بابانیەکان" دەبوا "بابانەکان"ی نووسیبایە ، هەروەک دەڵێن: " جاف - جافەکان، بڵباسەکان ، کورد ، کوردەکان ..." .

٢ - لە (ل ٦) و هەندێک لاپەڕەی دیکەشدا وشەی "تاربێژ"ی لە جێی "محاضر"ی عەرەبی بەکار هێناوە، "وانەبێژ" لە زمانی کوردیدا زیاتر جێی خۆی گرتووە.

٣ - لە (ل ٥-٩)، نووسەر کورتەیەکی ژیاننامەی خۆی لە زمانی کەسێکی دیکەوە نووسیوەتەوە، لە کۆتایی ژیاننامەکەدا لە لە (ل ٩)دا نووسیویەتی : "ژنی، کەوکەب خانمی

شاعیره و خاوەنی ، چوار کوڕ و سێ کچە(هەردووکیان)" دەبوایە بینووسیبایە :
"هاوسەرەکەی ناوی کەوکەب خانمە و چوار کوڕ و سێ کچیان هەیە " . پاش ئەو ڕستەیە نووسیویەتی : "محەمەدئەمین هەورامانی ، ساڵی(١٩٨٣)، لە ئاڵیاوا ، لە مانگی (نۆ) لە دایک بووە". هەروەها باشتر بوو کە ئەم ڕستەیەی لە(ل ٥)دا ڕاستەوخۆ پاش ئەوەی کە ناوی خۆی نووسیوە و خۆی ناساندووە بینووسیایە ، نەک لەکۆتایی ژیاننامەکەدا! (جێی سەرنجە کە لەلاپەڕە پێنجدا نووسیویەتی لە "بیارە" لەدایک بووە ، کەچی لە لاپەڕە نۆ دا نووسیویەتی لە "ئاڵیاوا" لە دایک بووە!).

* لە (ل١١٠٣ هەتاکو ١١٨٦) دا کورتەی ژیاننامە و نموونەی شیعری هەندێک لە شاعیرەکانی هەورامان نووسراوەتەوە. هەروەک لە (ل ١١٨٦) دا ڕوون کراوەتەوە، ئەو بەشە لەسەر داوای نووسەری کتێبەکە ، لە لایەن "حەکیم مەلاسالح"ەوە نووسراوە. سەبارەت بەو بەشە ئەم تێبینیانەم هەیە :
١ ـ نووسەری ئەو بەشە لە ژێر ناوی زۆربەی شاعیرەکاندا مێژووی لەدایکبوون و مردنی شاعیرەکانی نووسیوە، بەبێ ئەوەی کە دەسنیشانی بکات ئەو مێژووە "زایینی، کۆچی یان هەتاوی"یە ! ئەگەر تەمەنی شاعیرەکان بەپێی ئەو ژمارە ساڵانە کە ئەو نووسیونی، لێک بدەینەوە، دەبێت هەندێکیان هەر بە منداڵی مردبن و هەندێکی کەشیان تەمەنیان دووسەد ساڵ بووبێت !! بۆ نموونە لە (ل ١١٤٣) دا کورتەی ژیاننامەی مەلا عەبدوڵڵای مفتی نووسیوە، لەوێدا لە ژێر ناوی موفتی دا نووسیویە: (١٢٧٢ـ١٢٤٢). لە (ل ١١٥٤)یشدا ساڵی لەدایکبوون و مردنی دوکتور سدیقی مفتی زادەی بەمجۆرە نووسیوە(١٢٢٤ـ١٤٠٥)یان لە (ل ١١٥٠)دا کورتەیەکی دەربارەی مەلا خالیدی مفتی کوڕی مەلا عەبدوڵڵا مفتی نووسیوە و ساڵەکانی بەمجۆرە نووسیوە : (١٢٣٢ـ١٤٠٠) کە بەپێی ئەوە بێت ، دەبێت تەمەنی ١٦٨ساڵ بووبێت! جێی سەرنجە محەمەدی میهری (دشە، ١٨٨٩ ـ ئەستەمبوڵ ١٩ ـ٤ـ١٩٥٧) کە کوڕە گەورەی مەلا عەبدوڵڵا مفتی بوە، کەسێکی نیشتمانپەروەر، ڕۆژنامەنووس، شاعیر، نووسەر، یاساناس و شارەزای زمانی کوردی و دیالێکتەکانی بووە و خاوەنی چەند کتێب و بەرهەمە، کەچی لەو کتێبەدا و لەو بەشەدا ناویشی نەهاتووە!...

دوا وتە :
ناوچەی هەورامان مێژوویەکی قووڵ و بەرینی هەیە و بەشێکی گرنگ لە مێژووی نەتەوەکەمان پێک دێنێت، بەڵام مخابن ، مێژووی هەورامانیش وەک سەرجەم مێژووی نەتەوەکەمان بەشێکی کەمی تۆمار کراوە و ئەوەی دیکەی فەوتاوە و لەبیر چۆتەوە و

بەدەگمان کاری زانستیی لەسەر کراوە. سەبارەت بە مێژووی کۆنی هەورامان دەکرێت بڵێین باشترین سەرچاوە بۆ ساغکردنەوەی، ئەو شوێنەوار و پاشماوە دێرینە بەنرخانەیە کە لە ناوچەی هەوراماندا هەن؛ ئەم ئەرکەش دەکەوێتە ئەستۆی کەسانی پسپۆڕی بواری ئارکیۆلۆجی. بۆ ساغکردنەوەی مێژووی هەورامان لە سەدەکانی پێش و دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام ،ناچارین زانیاریی لەو کتێب و نووسراوانە بە دەست بهێنین کە لەو دەمانەدا لە لایەن گەلانی دراوسێی کوردەوە نووسراون، کە دیارە لەوانیشدا زۆرجار لە دیدی دوژمنەوە باس لە کورد کراوە و مێژوونووسی کورد دەبێت زۆر بە هوشیارییەوە سوود لەو سەرچاوانە وەربگرێت. سەبارەت بە مێژووی نوێ و هاوچەرخی هەورامان دەتوانین بڵێین کە بەشێکی کەمی تۆمار کراوە و بەشی زۆری وەکوو مێژووی زارەکی ماونەتەوە و پێویستە هەرچی زووتر کەسانی لێزان و پسپۆڕ کاری لەسەر بکەن.
هەروەها ناوچەی هەورامان خاوەنی فۆلکلۆرێکی یەکجار دەوڵەمەندە و ئەگەر بێت و کەسانی دڵسۆز و شارەزا کۆی بکەنەوە و لێی بکۆڵنەوە، دەتوانن چەندین کتێبی سەنگینی لێ پێک بهێنن.
دیالێکتی هەورامانیش بۆ خۆی باسێکی یەکجار دەوڵەمەند و فرەلایەنە و ئەویش وەکوو پێویست کاری زانستی لە سەر نەکراوە. تەنانەت هەوڵی ئەوەش نەدراوە کە لە دوو توێی فەرهەنگێکی سەنگیندا وشەکانی دیالێکتی هەورامانی بە لێکدانەوەیەکی کەمەوە بنووسرێت ؛ کە ئەمایان ئەرکی سەرشانی کەسانی وەک مامۆستا محەمەدئەمین هەورامییە و دەبوا زیاتر لە هەر بوارێک لەو بوارەدا خەریک بوونایە.
لە دوا وتەمدا دەمەوێت بڵێم مێژووی هەورامان تەنها بریتی نییە لە مێژووی بنەماڵەی سانەکان، بەگەکان، شێخەکان... و خانەکانی هەورامان، بەڵکوو هەورامان خاوەنی مێژوویەکی زۆر لەوە بەرفراوانتر و قووڵترە و دەبێت ئەو مێژووە بە شێوەی زانستییانە و بێلایەنانە و بە گیانێکی پڕ لە ورە و جورئەتەوە بنووسرێتەوە و لەبەر خاتری ئەم و ئەو باسی لاوەکی و تایبەتیی تێهەڵکێش نەکرێت.
سەرنجێک :

---

ئەو پەڕەگرافانەی کە لە کتێبەکەم وەرگرتوون، وەکوو خۆیان نووسیومنەتەوە و بە هیچ جۆرێک دەستکاریم نەکردوون.
جوتیار حاجی تۆفیق ـ مای ٢٠٠٤
@hotmail.com٦٧Jwtiar

## بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هەندێک لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

(*) گۆڤاری کوردستان میشنێری: لە ساڵی ١٩١٠ دا میسیۆنێکی مەسیحی لۆتەری بە زمانی ئینگلیزیی دەریکردوە و بەشی هەرە زۆری وتارەکانی تایبەت بوون بە شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گەلێک ژمارەیدا وێنەی مەهاباد و خەڵکی مەهاباد بڵاوکراونەتەوە. هەتاکو ساڵی ١٩٢٨ بەردەوام بووە. {دوکتۆر ئەمیری حەسەنپور بە هەوڵ و کۆششی خۆی گەلێک ژمارەی ئەم گۆڤارەی دەستخستوە و لێکۆڵینەوەیەکیشی دەربارە نوسیوە}.

بڕوانە:

Amir Hassanpour, Kurdistan Missionary, svensk-Kurdisk Journal, nr. ٨, ١٩٨٧, ١٦-١٧.

(*) ڕۆژنامەی کوردستان: لە ساڵی ١٩١٣ دا عەبدولڕەزاق بەدرخان لە شاری خوی دەریکردوە. {لە هەندێک سەرچاوەدا ساڵی ١٩٠٨ و لەهەندێکی دیکەدا ١٩١٢نوسراوە}.

(*) گۆڤاری کوردستان: چەند میسیۆنێرێکی ئەڵمانی لە مانگی ئاپریلی ١٩١٤دا لە ورمێ دەریانکردوە.

{پرۆفیسۆر ڤ. ف. مینۆرسکی لە کتێبی کوردەکان دا نوسیویەتی: ژمارە یەکی ئەم گۆڤارەم هەیە و لە ئاپریلی ١٩١٤ دا دەرکراوە. بڕوانە: الپروفیسور، ڤ. ف. مینورسکی، الاکراد ملاحظات و انطباعات، ترجمە و علق علیە وقدم لە: الدکتور معروف خزندار، بغداد، ١٩٦٨، ص ٤٤}.

(*) ڕۆژنامەی کورد: لەلایەن مەلا محەمەدی تورجانی (مەهاباد، ١٨٩٥/٧/٨ ــ بەغداد، ١٩٥٩/٩/١٤) لە شاری ورمێ، لە سەردەمی بزوتنەوەکەی سمایل خانی شوکاکدا دەرکراوە. بەپێی هەندێک زانیاریی گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٢٢/٦/١ (٥ی شەوالی ١٣٤٠ بەرامبەر بە ١٠ی خرداد ١٣٠١) و دووەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٢٢/٦/٨ (١٢ی شەوالی ١٣٤٠ بەرامبەر بە ١٧ی خرداد ١٣٠١) دا دەرکراوە. مەلا محەمەدی تورجانی (پاشتر بە قزڵجی ناسراوە)، مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە (برا بچوکی مەلا محەمەدی قزڵجی) و محەمەد جەمالەدین هەکاریی و چەند کەسی دیکە بەشدارییان لە دەرکردنیدا کردوە. تەنها چوار ژمارەی لێدەرکراوە.

* تائێستا كلێشەی (دوو) ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە بڵاوكراوەتەوە، بەڵام كۆپیی هەردووكیان ناشارەزایانە وەرگیراون و نازانرێت كام ژمارەن و كەی دەركراون! یەكەمیان لە كتێبی (محمد تمدن، اوضاع ایران در جنگ اول جهان یا تاریخ رضائیه، تهران، ١٣٥٠) و دووەمیان لە (گۆڤاری گرشەی كوردستان، ژمارە ٩، ١٣٦٠ (١٩٨٠)، ل١١).
{ساڵی ١٩٨٧ لە زانكۆی بەغداد دەمخوێند و دووەم ساڵی خوێندنم بوو، ئەودەم بە شێنەیی كەوتمە كۆكردنەوەی زانیاریی دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە و سەرەنجام لێكۆڵینەوەیەكم دەربارەی نوسی، بەو بۆنەیەوە بە پێویستم زانی كە كورتەیەك دەربارەی بیۆگرافیی مەلا محەمەدی قزڵجی بنوسم و لەگەڵ لێكۆڵینەوەكەدا بڵاوییكەمەوە. ئیدی بە ڕێنوێنیی كاكە حەمەی مەلا كەریم و مەلا شوكور مستەفا توانیم ماڵە كۆنەكەی مەلا محەمەدی قزڵجی لە گەڕەكی (اعظمیە)ی شاری بەغداد بدۆزمەوە كە حەسەن (كوڕی مەلا محەمەدی قزڵجی) تێدا دەژیا. پاش چەندین جار هاتوچۆ و دەستی دەستی، هیچ جۆرە هاوكارییەكی نەكردم و بچوكترین سودم لەو كوڕەی نەبینی. پاشتر لێكۆڵینەوەكەم بۆ ڕۆژنامەی هاوكاری نارد، بەڵام لەبەر ئەوەی كە ئاماژەم بۆ چەند سەرچاوەیەكی فارسیی كردبوو بەرپرسانی ڕۆژنامەكە بەبیانوی ئەوەكە عیراق و ئێران لە جەنگدا بوون و بابەتی فارسیی لە ڕۆژنامەی كوردیدا جێی گومان بوو، بڵاویان نەكردبووەوە! دواتر وتارێكم دەربارەی بیۆگرافیی (مەلا محەمەدی قزڵجی) نوسی و لە پەراوێزی وتارەكەدا كورتەیەكم دەربارەی ڕۆژنامەی (كورد) نوسی و بە پۆستدا ناردم بۆ گۆڤاری كاروان. ماوەی چەند مانگ تێپەڕی و من بەتەمای ئەویش نەمام، كەچی لە ژمارە (٦٦) دا بڵاویان كردبووەوە. بڕوانە: جوتیار تۆفیق، مەلا محەمەد قزڵجی، گۆڤاری كاروان، ژمارە ٦٦، تەموزی ١٩٨٨، ل ٨ ـ ١٠}.
(*) ڕۆژنامەی ئارارات: هفتەنامە اجتماعی و سیاسی، لە ساڵی ١٣٠٨ (١٩٢٩)؟ لە شاری سنە لە لایەن میرزا غلام علی هۆشمەند كرمانشاهی و بە هاوكاریی ناصر توانا دەركراوە، ٤؟ ژمارەی لێدەركراوە. {دەربارەی بڕوانە: تاریخچە مطبوعات در كردستان، ادارە كل فرهنگ و ارشاد اسلامی كردستان، سنە، ١٣٧٤}
(*) گۆڤاری نیشتمان: ئۆرگانی كۆمەڵەی ژ. ك. بووە، بە زمانی كوردی دەرچووە. یەكەم ژمارەی لە سەرەتای مانگی جولای ١٩٤٣ دەركراوە. ئەم گۆڤارە بە نهێنی لە تەورێز لە چاپخانەی خەلیفەگەری ئەرامینە، بە سەرپەرشتیی عەبدولڕەحمانی زەبیحی و هاریكاریی محەمەدی شاپەسەندی و مەحمودی وەلیزادە و چەند ئەندامێكی دیكەی كۆمەڵەی ژ. ك. دەركراوە. سەرجەم (نۆ) ژمارەی لێدەركراوە. ژمارە ٧ و ٨ و ٩ی لە یەك بەرگدا لە بەهاری ١٩٤٤دا دەركراوە. هەموو ژمارەكانی دەستخراون و گەلێك لێكۆڵینەوەی دەربارە نوسراوە.

(*) گۆڤاری ئاوات: له ئۆگوستی ١٩٤٤دا لەلایەن محەمەدی شاپەسەندییەوە، پاش وەستانی گۆڤاری نیشتمان، تاقە یەک ژمارەی لێدەرکراوە. دەکرێت ئەم گۆڤارە بە یەکێک لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژ. ک. دابنرێت.
(*) دەنگی ڕاستی: له ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٤ دا لە سلێمانی، لە لایەن لقی (کۆمەڵەی ژ. ک. لە باشوری کوردستان)ەوە تەنها (دوو) ژمارەی لێدەرکراوە. (ئیبراهیم ئەحمەد کە لێپرسراوی لقی کۆمەڵەی ژ. ک. لە باشوری کوردستان بووە، بەهاوکاریی چەند ڕوناکبیرێکی دیکە دەریکردوە) {هەرچەند ئەم بڵاوکراوەیە لە سلێمانی و لەلایەن ڕوناکبیرانی ئەو شارەوە دەرکراوە، بەڵام چونکە پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ژ. ک. وە هەیە لێرەدا ئاماژەم بۆ کردوە}.
(*) ڕۆژنامەی (نامەی کوهستان): یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی دوو شەممە ٧ی اسفند ١٣٢٣ (١٩٤٥/٢/٢٦) دا دەرکراوە. ئەم ڕۆژنامەیە لە لایەن (دوکتۆر ئیسماعیلی ئەردەڵانی)یەوە لە تاران، بە فارسی دەرکراوە. هەتاکو مانگی ئاپریلی ١٩٤٧ بەردەوام بووە و نزیکەی ٨٥ ژمارەی لێدەرچووە.
(*) گۆڤاری هاواری کورد: لە ڕەزبەری ١٣٢٤ (کۆتایی سێپتێمبەر ـ سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٤٥)دا دەرکراوە.
(*) گۆڤاری ماد: لە مانگی دیسێمبەری ١٩٤٥دا لەلایەن ئاغا ئازاد پورەوە لە تاران بە فارسی دەرکراوە. {دەربارەی بڕوانە: ڕۆژنامەی ROJA NU (ڕۆژا نو)، ژمارە ٦٦، ١٩٤٦/١/١٤، ل ٤}.
(*) گۆڤاری کوردستان: یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٥/١٢/٦دا لە مەهاباد دەرکراوە. سەرنوسەرەکەی سەید محەمەدی حەمیدی بووە. هەندێک کەس پێیان وایە کە ١٦ ژمارەی لێدەرکراوە. {محەمەد تۆفیق وردی نوسیویەتی: (١٨) ژمارەی بلاوکراوەتەوە و لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ دوای تیکچوونی کۆماری کوردستان پەکی کەوتوە. بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی ـ النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ١٩٦٩/١٠/٣، ل ٤٣}.
(*) ڕۆژنامەی کوردستان: یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/١/١٠دا لە مەهاباد دەرکراوە. سەید محەمەدی حەمیدی سەرنوسەری بووە. ئەوانەی کە لە نزیکەوە ئاگایان لێیە گوتویانە (١١٤) ژمارەی لێدەرچووە. گومانی نییە کە دوا ژمارەی لە ناوەڕاستی مانگی دیسێمبەری ١٩٤٦دا دەرکراوە. {محەمەد تۆفیق وردی نوسیویەتی: (١١٣) ژمارەی لی بلاوکراوەتەوە. بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی ـ النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ١٩٦٩/١٠/٣، ل ٤٣}.

(*) گۆڤاری هەڵاڵە: یەکەم ژمارەی لە ڕەشەمەی ١٣٢٤ (کۆتایی فێبروەری ـ سەرەتای مارتی ١٩٤٦) دا لە بۆکان، لە لایەن حەسەنی قزڵجییەوە دەرکراوە. ژمارە ٣ی لە بانەمەڕی ١٣٢٥ (کۆتایی ئاپریل ـ سەرەتای مای ١٩٤٦)دا دەرچووە.
(*) گۆڤاری هاواری نیشتمان: یەکەم ژمارەی ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٤٦/٣/٢١ لەلایەن سدیق ئەنجیری ئازەرەوە دەرکراوە. لەسەر بەرگی گۆڤارەکە نوسراوە: (بلاوکەرەوەی بیری ییکەتی جەوانانی دیموکرات).
* عەلادین سجادی لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە (هاواری نیشتمان) یەک ژمارەی بە شێوەی گۆڤار دەرچووە و پاشان وەکو ڕۆژنامە چەند ژمارەی دیکەی لێدەرکراوە. {بڕوانە: عەلادین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، بەغداد، ١٩٧١، ل ٦١٦}.
* محەمەد تۆفیق وردی سەبارەت بە (هاواری نیشتمان) نوسیویەتی: "روژنامەیەکی هەفتەیی و بلاوکەرەوەی بیری لاوانی کوردستان بوو. لە لایەن (شەهید صدیق ئەنجیری) لە (سابلاخ ـ مەهاباد) بلاوئەکرایەوە، دوای چەند ژمارەیەک ئەنجا بە وینەی گوڤار چاپ ئەکرا. (محمد توفیق وردی) سەرەک نووسەری بوو، هەر لە سالی (١٩٤٦) دا پەکی کەوتوە". {بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی ـ النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ١٩٦٩/١٠/٣، ل ٤٣}.

* {سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٠٠٤/١٠/١٨ لە ستۆکهۆڵمەوە تەلەفۆنم بۆ لەندەن کرد و لەگەڵ عەبدولقادر دەباغی (مامە قالەی دەباغی) سەبارەت بە هەندێک باسی پەیوەند بە کۆمەڵەی ژ. ک. و گۆڤاری هاواری نیشتمان و سدیق ئەنجیری ئازەر وتوێژمان کرد، مامە قالە سەبارەت بە گۆڤاری هاواری نیشتمان گوتی: سدیقی ئەنجیری ئازەر ئەم گۆڤارەی بە پارەی خۆی و بە تیراژی ٢٠٠ دانە چاپکرد. لەبەر ئەوەی لەو دەمەدا سدیق ئەنجیری ئازەر وەک دۆست و لایەنگری حیزبی تودەی ئێران ناسرابو، لەو گۆڤارەشیدا هەندێک بابەتی لەو جۆرەی بڵاوکردبوەوە، ئیدی خەڵک پێشوازیی لە گۆڤارەکە نەکرد و هەرچەند کەمیشی لێچاپکردبوو، بەڵام زۆربەی لای خۆی مایەوە و بۆی نەفرۆشرا. سدیقی ئەنجیری ئازەر بەر لەوەی گۆڤارەکە چاپبکات بە قازی محەمەدی گوتبو نیازم هەیە گۆڤارێکی لەو جۆرە و بەو ناوەرۆکە دەربکەم. قازیش گوتبوی: باشە، هیچ مانیعێک نییە، بەڵام دەبێت تۆ بڕوات بە دیموکراتیی هەبێت و ئەگەر ڕەخنە لە ناوەرۆکی گۆڤارەکەت گیرا نیگەران نەبیت و ڕەخنەی خەڵک قبوڵ بکەیت ...).
(*) گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد: یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی یەک شەممە ١٩٤٦/٤/٢١دا

دەرکراوە. ژمارە ٣ی لە پوشپەڕی ١٣٢٥ (کۆتایی جون ـ سەرەتای جولای)دا دەرچووە.
(*) بڵاوکراوەی (ئاگر ـ Agir): مەهاباد، ١٩٤٦؟ {وای بۆ دەچم ئەم بڵاوکراوەیە ناوی (ئاگری) بوو بێت و لە ماوەی حوکمڕانیی کۆماردا دەرکرابێت. شایانی باسە ساڵی ١٩٩٨ لە وتارێکی کورتدا سەرنجی ڕوناکبیران و لێکۆڵەرانی کوردم بۆ ناوی ئەو بڵاوکراوەیە ڕاکێشاوە. بڕوانە: جوتیار تۆفیق، چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی بێسەرو شوێن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٥٩٩، پێنجشەممە ١٩٩٨/٤/٢٣، ل١٠}.
(*) گۆڤاری زانست: لە ژمارە ٦١ی ڕۆژنامەی کوردستاندا کە لە ڕۆژی شەممە ١ی پوشپەڕی ١٣٢٥ (١٩٤٦/٦/٢٢)دا دەرکراوە، لە لاپەڕە (٢)دا ئاگادارییەک لە لایەن دڵشادی ڕەسوڵییەوە بڵاوکراوەتەوە و تیایدا ڕایگەیاندوە کە نیازی ئەوەی هەیە گۆڤارێکی مانگانە بەناوی زانست Zansistەوە دەربکات، جا بەو بۆنەیەوە داوای هاوکاریی لە نوسەران کردوە کە بە بابەتی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بۆ گۆڤارەکە بنێرن. دەقی ئەو ئاگادارییە بەم جۆرەیە:
بۆ زانین
زانست
Zansist
گوواری زانست گوواریکی زانستی، کومەلایەتی، تربیتی ئەدەبیە لە مانگی پووشپەری سالی ١٣٢٥ وە مانگی ژمارەییک وەدەردەکەوی. لە نوسەرانی بەرزی کوردستان تکا دەکەین مقالاتی ادبی زانستی کومەلایەتی تربیتی بە نشانی (وزارەت فەرهەنگ دەفتەری گوواری زانست) بومان بنیرن تا لە گوواری زانست دا دەرج بکری.
مدیری مسئول و خاوەنی امتیاز
دلشاد رسولی
ئەگەر بێت و پاش ئەم ئاگادارییە، ئەم گۆڤارە دەرکرابێت، ئەوا پێویستە ناوەکەی لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستاندا بنوسرێت.
(*) بڵاوکراوەی دەنگی کورد: ١٩٤٦؟ {دوکتۆر عوبەیدوڵڵای ئەیوبیان لە چەند جێیەکدا ناوی ئەم بڵاوکراوەیەی بردوە. لەو بڕوایەدام کە زانیاریی زیاتری دەربارەی هەیە}.
(*) ڕۆژنامەی کوردستان: یەکەم ژمارەی لە ١٩٤٧/١٢/٦دا لە باکۆ دەرکراوە. دوکتۆر عەلی گەلاوێژ و دوکتۆر عەزیز شەمزینی و دوکتۆر ڕەحیمی قازی دەریانکردوە. هەر ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامەیە بریتی بووە لە (یەک لاپەڕە) لە چوار لاپەڕەی ڕۆژنامەی (ئازەربایجان) ی ئۆرگانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان. نوسەرەکانی بریتی بوون لە: دوکتۆر عەلی گەلاوێژ و دوکتۆر عەزیز شەمزینی و دوکتۆر ڕەحیمی قازی کەریمی

ئەیوبی، مستەفا شەڵماشی و چەند کەسی دیکە. ژمارە ٢٢٩ ی لە ١٩٥٠/٢/١١ و ژمارە ٨٧٧ ی لە ١٩٥٦/٩/١٢ دا دەرچوون . هەتاکو هاوینی ساڵی ١٩٦٠ بەردەوام بووە و (١٣٣٧) ژمارەی لێدەرکراوە. {بڕوانە: دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، بەغداد، ١٩٧٨، ل٢٢٣} {هەروەها بڕوانە: کەریمی حسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، سوید ــ ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ١٠١ ــ ١٠٣}.
(*) بڵاوکراوەی ڕاوێژ: ١٩٤٨؟، سنە.
(*) گۆڤاری نیشتمان (ژمارە ١٠): لە مانگی جولای ساڵی ١٩٤٨دا لەلایەن عەبدولڕەحمانی زەبیحی و محەمەدی شاپەسەندییەوە، لە گوندی سیتەک (نزیک شاری سلێمانی) بە هاوکاریی شێخ لەتیفی حەفید دەرکراوە. لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسیویانە: (ئۆرگانی نەهزەتی مقاوەمەتی کۆمەڵەی ژ. ک.). وەکو من لێکمداوەتەوە ئەم ژمارەیەی نیشتمان هیچ پەیوەندییەکی بابەتییانەی بە گۆڤاری نیشتمان (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک.) ەوە نییە. بەم ژمارەیەی نیشتمان نە کۆمەڵەی ژ. ک. زیندوبوەتەوە و نە توانراویشە درێژە بە دەرکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان بدرێتەوە. جێی سەرنجە کە لەم گۆڤارەدا هێرش کراوەتە سەر پارتی دیموکراتی کورد ــ عیراق. هەمزە عەبدوڵلا ـ سکرتێری (پارتی دیموکراتی کورد ــ عیراق) لە گۆڤاری (مرۆڤ)، ژمارە ٢، ساڵی یەکەم، دیسێمبەری ١٩٤٨ دا وتارێکی توندی لە دژی ئەم (ژمارەیەی گۆڤاری نیشتمان) نوسیوە و تیایدا گوتویەتی: "گۆڤاری نیشتمان لە دەورەی دوو هەمیدا بووەتە زمانحاڵی دەستەیەک ئاژاوەچی".
* محەمەدی شاپەسەندی لە چەند وتاردا زانیاریی کورت و گرنگی دەربارەی ئەم ژمارەیەی نیشتمان و ئەو هەلومەرجەی کە تیای دەرکراوە خستوەتە ڕو. بۆ نمونە بڕوانە: محەمەدی شاپەسەندی، لە پەراوێزی ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی ــ نهێنییەکانی چاپی ژمارە (١٠) ی نیشتمان، گۆڤاری ڕۆژنامەنووسان، ژمارە ١، بەهاری ٢٠٠٢، ل ١٢١ ــ ١٢٥. هەروەها بڕوانە: محەمەدی شاپەسەندی، لە پەراوێزی ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)، گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٢، بانەمەڕی ٢٠٠٢، ل ٣٦ ـ ٣٩.
* محەمەد تۆفیق وردی ساڵی ١٩٦٩ لە گۆڤاری (ڕووناکی) دا دەربارەی ئەم ژمارەیەی نیشتمان نوسیویەتی: "ژمارە (١٠)ی دوای تیکچونی کوماری مەهاباد لەلایەن نهضتی مقاومەتی کومەلەی ــ ژ. ک سالی (١٩٤٨) دەرچووە". {بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی ــ النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ١٩٦٩/١٠/٣، ل ٤٣}.
* جێی سەرنجە غەفوری میرزا کەریم لە چەند بەشی بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەم ژمارەیەی نیشتمان کردوە و هەندێک وردە زانیاریی دەربارەی تۆمارکردوە. هەروەها

نوسیویەتی گوایا وتارێکی دەربارەی لەسێداردانی (فەهد) تێدا بووە! ئەمە زۆر دورە لە ڕاستییەوە، چونکە ئەم گۆڤارە لە مانگی جولای ١٩٤٨دا دەرکراوە، فەهدیش لە ١٤ی فێبروەریی ١٩٤٩دا لەسێدارە دراوە!! {بڕوانە: غەفوری میرزا کەریم، سەرەتاڵی لە کڵافەی مێژووی پڕ هەڵبەز و دابەزی ژیانم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٩٥}.

(*) بڵاوکراوەی ڕێگا: لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٧ (کۆتایی ئۆکتۆبەر ـ سەرەتای نۆڤێمبەری ١٩٤٨) لە گوندی سیتەک (نزیک شاری سلێمانی) لەلایەن حەسەنی قزڵجی و غەنی بلوریان و بە هاوکاریی شێخ لەتیفی حەفید دەرکراوە. تاقە یەک ژمارەی لێدەرکراوە. لە ژێر ناوی ئەم بڵاوکراوەیەدا نوسراوە: (اورگانی کومەلەی ژیانی کورد)، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بابەتیانەی لەگەڵ کۆمەڵەی ژ. ک. دا نییە! جێی سەرنجە کە هەندێک کەس ویستویانە بەپێی ناوی ئەم بڵاوکراوەیە ناوی کۆمەڵەی ژ. ک. ساغبکەنەوە! لێکدانەوە و ساغکردنەوەی ناوی کۆمەڵەی ژ. ک. بەپێی ئەم بڵاوکراوەیە، لە بێئاگایی بەولاوە هیچی دیکە نییە!! کەسێک کە کەمترین شارەزایی دەربارەی کۆمەڵەی ژ. ک. هەبێت، ئەوەی لەلا ڕۆشنە کە بە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٥/٨/١٦دا کۆمەڵەی ژ. ک. کۆتایی هات. جیا لەوە غەنی بلوریان زۆر بە ڕۆشنی ئەوەی باسکردوە کە کاتی دەرکردنی (ڕێگا) بۆ ئەوەی کە حکومەتی ئێران نەکەوێتەوە گرتنی کەسانی تێکۆشەری نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاتون ناوێکی وەهمیی وەک (کومەلەی ژیانی کورد) یان لەسەر داناوە. ئەگینا ئەوان مەبەستیان زیندوکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

* دەربارەی ئەم بڵاوکراوەیە وتارێکم نوسیوە و بیروڕای خۆمم دەربارە دەربڕیوە، بڕوانە: جوتیار تۆفیق، چەند سەرنجێک دەربارەی بڵاوکراوەی ڕێگا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٥٨٢، پێنج شەممە ١٩٩٨/٣/٢٦، ل ١٠ ــ ١١ .

* کۆپیی یەکەم لاپەڕەی بڵاوکراوەی (ڕێگا) لەگەڵ هەندێک زانیارییدا لەم دوو کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە:

١ـ کەریمی حسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، سوید ــ ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ٣٣٨.

٢ـ غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، سوید ــ ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ٣٧٥.

{جێی سەرنجە کەریمی حسامی لە کتێبی (گەشتێک بە نێو بیرەوەرییەکاندا) لە ل ١١٥ ــ ١١٦ دا نوسیویەتی: "ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ڕێگا کە لە لایەن کاک حەسەنی قزڵجی و کاک غەنی بلوریانەوە دەرچوە و تاقە ژمارەی لە لای منە و کاک حامیدی گەوهەری بە ئەمانەت لێی وەرگرتبووم و بەبێ پرس و ئیجازەی من لە ئاڵکۆک دا کلێشەی کردوە و بڵاوی کردۆتەوە" هەروەها لە ل ١٨٥ یشدا نوسیویەتی: کاک حامیدی گەوهەری (لە ئامادەکردنی کتێبی ئاڵەکۆک دا ــ جوتیار) داب و نەریتی چاپەمەنیشی لەبەر چاو نەگرتوە. گۆڤاری ڕێگا

ی بە ئەمانەت لە من وەرگرتوە، بێ ئەوەی پرس بە من بکا لە ئاڵکۆک دا چاپی کردوە. کاک حامید ئەگەر تۆزقاڵێک لەگەڵ داب و شێوازی چاپەمەنی شارەزا بایە و ئوسوڵی هاوکاریی نێوان نووسەر و ناسیارانی رەچاو کردبایە، دەبوایە پرس بە من بکا و ئەودەم چاپی کردبایە. بڕوانە: کەریمی حسامی، گەشتێک بە نێو بیرەوەرییەکاندا، سوید ـ ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ١١٦ و ١٨٥}.

(*) صدی کردستان: محەمەد کەریم معتمد وەزیری لە سنە؟ دەریکردوە.

(*) ڕۆژنامەی زاگروس: لە سەر ڕۆژنامەکە نوسراوە (صاحب امتیاز و مدیر مسئول: ناصر آزد پور). ژمارە ٨ی ساڵی یەکەمی لە ڕۆژی دوو شەممە ١٩٥١/١٠/٨ (١٥ مهر ١٣٣٠) دا دەرکراوە. ئەم ڕۆژنامەیە بە فارسی بووە و لە تاران دەرکراوە.

(*) ڕۆژنامەی خۆرنشین: لە سەر ڕۆژنامەکە نوسراوە (مدیر و صاحب امتیاز: عبدالحمید معرفت)، (مدیر داخلی: دکتر وکیل کردستانی). ە زمانی (فارسی و کوردی) لە تاران دەریانکردوە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی شەممە ١٩٥١/٨/١١دا دەرکراوە. عەبدولحەمید مەعریفەت و دوکتۆر وەکیلی کوردستانی و دوکتۆر محەمەدی موکری و گەلێک شاعیر و نوسەری دیکە بەرهەمیان تیادا بڵاوکردوەتەوە. ژمارە ١٨ی لە ڕۆژی چوار شەممە ١٩٥٢/١١/١٢دا دەرکراوە. وادیارە ژمارەی دیکەشی لێدەرکرابێت.

(*) گۆڤاری (بغستان): ساڵی ١٩٥٢ لەلایەن ئیدارەی ڕادیۆی ئێرانەوە بە سەرپەرشتیی دوکتۆر محەمەدی موکری بە کوردی و فارسی دەرکراوە.

(*) ڕۆژنامەی سنندج: ئەحمەد خانی کەمانگەر (ناسراو بە سالار ئەرشەد) لە شاری سنە دەریکردوە. (ئەحمەد خانی کەمانگەر ساڵی ١٩٨٣ کۆچیدواییکردوە).

(*) ڕۆژنامەی آریز: ڕۆژنامەی ئاریز لە لایەن ناسر ئازاد پور و میر موسا موشیری لە ساڵی ١٩٥٣؟ لە شاری سنە بە فارسیی دەرکراوە.{دەربارەی بڕوانە: برهان ایازی، ائینە سنندج، ١٣٧١، چاپ و صحافی پیام، ص ٧٩٨}.

(*) ڕۆژنامەی ندی غرب: عەبدولحوسێن مونیعی ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سنە، بە زمانی فارسی دەریکردوە. پاش کودەتای وەستاوە. پاش چەند ساڵ سەرلەنوێ و وەک ڕۆژنامەیەکی هەفتانە دەست بە دەرکردنی کراوەتەوە. ئەم جارەیان هەتاکو ساڵی ١٩٧٧ بەردەوام بووە. وێڕای وتار و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، لاپەڕەکانی زیاتر بە ئاگادری و (اعلان)ی دامودەزگاکانی حکومەت و هەواڵ پڕکراوەتەوە. {دەربارەی بڕوانە: برهان ایازی، ائینە سنندج، ١٣٧١، چاپ و صحافی پیام، ص ٧٩٨}.

(*) ڕۆژنامەی کردان (کوردان ـ کوردەکان): ساڵی ١٩٥٣؟ تەیموری ئەفشاری لە تاران بە فارسی دەریکردوە.

(*) ڕۆژنامەی کوردستان: ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەورەی دووەم، یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی یەک شەممە ٥ی بانەمەڕی ١٣٣٣ (١٩٥٤/٤/٢٥) لە تەوریز لە چاپخانەیەکی نهێنیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دەرکراوە. غەنی بلوریان، سدیقی ئەنجیری ئازەر، عەبدولڕەحمانی قاسملو، عەزیزی یوسفی و قادری یوسفی دەریان کردوە. ژمارە ٤؟ی لە ١٩٥٤/٦/٦ (١٣٣٣/٣/١٦)دا دەرکراوە. تەنها پێنج ژمارەی لێدەرکراوە، ژمارە پێنجی بەر لەوەی بڵاوبکرێتەوە، لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە لە چاپخانەکەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا دەستییەسەردا گیراوە.
(*) ڕۆژنامەی کوردستان: خاوەنی ئیمتیاز و مدیری لێپرسراو: عەبدولحەمید بەدیعولزەمانی (ناسراو بە مهی فرهی) و سەرنوسەری: دوکتور محەمەد سدیقی مفتی زادە بووە، لە تاران بە کوردی و فارسیی دەریانکردوە. یەکەم ژمارەی لە ١٩٥٩/٤/٢٩دا دەرکراوە. هەتاکو مانگی ١٩٦٢/٧/٥ بەردەوام بووە. عەبدولحەمید بەدیعولزەمانی، دوکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە، عەبدولڕەحمان مفتی زادە، شوکروڵڵای بابان، عابد سیراجەدینی، خەسرەو شێخ کانلویی میلانی، ئیحسان نوری پاشا و هێمن و چەند شاعیر و نوسەری دیکە بەرهەمیان تیادا بڵاوکردوەتەوە. ژمارە ١٩٧ی ئەم ڕۆژنامەیە کە لە ڕۆژی چوارشەممە ١٩٦٣/٢/٢٧ (٨ی اسفند ١٣٤١) دا دەرکراوە، تایبەت بووە بۆ یادی یەکەم ساڵەی کۆچیدوایی (گۆران). لەو ژمارەیەدا گەلێک وتار و بابەتی جۆراوجۆر بڵاوکراونەتەوە کە بەشی زۆریان تایبەت بوون بۆ یادی گۆران.
* دوکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە کوڕی مەلا عەبدوڵڵای مفتییە، ساڵی ١٩١٢ لە گوندی دشە لە ناوچەی جوانڕۆ لەدایبووە. لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنوس، شارەزای زمان و مێژو و ئەدەبی کوردی بووە. سەردەمێک لە زانکۆی تاران مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردیی بووە. ڕۆژی دوو شەممە ١٩٨٤/١١/٢٧ لە تاران کۆچیدوایی کردوە و ڕۆژی دواتر لە گۆڕستانی وەیسولقەرەنی شاری کرماشان نێژراوە.
{ساڵی ١٩٨٥ لە بەغداد، لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی زۆربەی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەم دیوە و سەرنج و تێبینیم لەسەر وتار و بابەتەکان و ناوی نوسەرەکانی نوسیوە}.
(*) ڕۆژنامەی کوردستان: حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕەشەمەی ١٣٣٩، نهێنی، ڕۆنیۆ، یەک ژ. {ڕ کوردستان، ژ ٤٠، بەفرانباری ١٣٥٤، ل ٣}.
(*) بڵاوکراوەی دیسان بارزانی: عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد توفیق) وەک بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەریکردوە. یەکەم ژمارەی لە فێبروەریی ١٩٦٢ و ژمارە ٦ی لە ١٩٦٢/٣/٢٩ دا دەرچووە. بە پێی هەندێک زانیاریی هەشت ژمارەی لێدەرکراوە.
(*) ڕۆژنامەی کوردستان: لە پراگ لە لایەن دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، دەرکراوە.

یەکەمین ژمارەی لە مانگی فێبروەریی ١٩٦٥ و ژمارە ٢٦ی لە سێپتێمبەری ١٩٧٠ دا دەرکراوە.
(*) بڵاوکراوەی ڕۆژ: کۆمیتەی ئینقیلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی دەریکردوە، سلێمانی موعینی سەرپەرشتییکردوە و خۆیشی زۆری بابەتەکانی نوسیوە. لە ژێر ناوی بڵاوکراوەکەدا نوسراوە: (ئۆرگانی لکی ٣ ی حزبی دیموکراتی کوردستان). یەکەم ژمارەی لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٦ و دووەم ژمارەی لە نۆڤێمبەری ١٩٦٦ و سێهەم ژمارەی لە جێنیوەری ١٩٦٧ دا دەرکراوە. {کۆپیی یەکەم لاپەڕەی بڵاوکراوەی (ڕۆژ) لە کتێبی (پێداچوونەوە، نوسینی: کەریمی حسامی، بەرگی دووەم، ل ٣٢٨) دا بڵاوکراوەتەوە.
(*) بڵاوکراوەی تیشک: کۆمیتەی ئینقیلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٦٧ دا دەریانکردوە. سێ ژمارەی لێدەرکراوە. {عبدالله حسن زادە، نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم. ل ٤٤ و ٤٥}.
(*) ڕۆژنامەی ڕێگای یەکێتی: ئەم ڕۆژنامەیە لە شاری بەغداد لە لایەن عەبدولڕەحمانی زەبیحی و محەمەدی شاپەسەندی و چەند ڕوناکبیری دیکەی کورد و فارس و ئازەرەوە دەردەکرا. مانگی یەک ژمارەی لێدەرچووە. یەکەم ژمارەی لە ئاپریلی ١٩٧١ و ژمارە (٣١) کە وا دیارە دوا ژمارەی بووبێت لە نۆڤێمبەری ١٩٧٣ دەرچووە. لە ژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا دەنوسرا: (یەکیەتی ـ تێکۆشان ـ سەرکەوتن). {دەربارەی بڕوانە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل ٢٢٨}.
(*) گۆڤاری ئەستێرە: لە شاری سنە بە کوردی دەرکراوە. ژمارە ٦ی لە ١٩٧٩/٥/٢٢ دا دەرکراوە. {خۆم سێ ژمارەی ئەم گۆڤارەم هەبوو}.
(*) گۆڤاری تێکۆشەر: یەکەم ژمارەی لە جۆزەردانی ١٣٥١ دا دەرکراوە. لەم دەورەیەدا (٢٠) ژمارەی لێدەرکراوە. دەورەی دووەم یەکەم ژمارەی لە خاکەلیوەی ١٣٦١ دا دەرکراوە. تا ئێستا بەردەوامە و گۆڤارێکی وەرزییە.
(*) ڕۆژنامەی هیوا: ئەم ڕۆژنامەیە لە شاری سنە بە زمانی کوردی و فارسی دەرکراوە. دووەم ژمارەی ڕۆژی شەممە ١٩٧٩/٥/١٩ (٢٩ی اردیبهشت ١٣٥٨) دەرچووە. لە ژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا نوسراوە: "هیوا دەنگی گەلی کوردە".
(*) گۆڤاری گڕوگاڵ: کرماشان، موحسین شاسواری دەریکردوە. ١٩٧٩؟، محسن شاسواری، دوو ژمارەی لێدەرچووە، یەکەم ژمارەی بە کوردی و دووەم ژمارەی بە کوردی و فارسی بووە. {سەرچاوە: دەستنوسێکی ئەحمەدی شەریفی}.

(*) بڵاوکراوەی ڕاستی: ١٩٧٨ ـ ١٩٧٩ لە تاران لەلایەن دەستەیەک لە ڕوناکبیرانی کوردەوە دەرچووە. حەسەنی قزڵجی سەرپەرشتییکردوە. {سەرچاوە: دەستنوسێکی ئەحمەدی شەریفی}.
(*) گۆڤاری پێشەوا: کۆمیتەی شارستانی مەهابادی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٣ی لە خەزەڵوەری ١٣٥٨ (ئۆکتۆبەر ـ نۆڤێمبەر ١٩٧٩) و ژ ٢٤ی لە بانەمەڕ ـ جۆزەردانی ١٣٦٢ (بەهاری ١٩٨٣) دا دەرکراوە. ٢٦ ژمارەی لێدەرچووە.
(*) گۆڤاری شۆڕش: لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا دەنوسرا: (ارگان سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران ـ کومەله). یەکەم ژمارەی لە مانگی نۆڤێمبەری ١٩٧٩ (آبان ماه ١٣٥٨) و دووەم ژمارەی لە فێبروەری ١٩٨٠ دا دەرچووە. سێ ژمارەی لێدەرکراوە. ئەم گۆڤارە بە فارسی دەرچووە. {لەم ساڵانەی دواییدا پاش ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوونە چەند باڵێکەوە، لە مانگی (ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠)ەوە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەستی بە دەرکردنەوەی ئەم گۆڤارە کردوەتەوە. لەسەر گۆڤارەکە دەنوسرێت (دەورەی دووەم) و زنجیرەی ژمارەکانی لە ژمارە یەکەوە دەستیپێکردوەتەوە. هەتاکو مانگی جولای ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەکانی گەیشتووەتە (٤٨) ژمارە}.
(*) گۆڤاری پێشڕەو: ئۆرگانی تیۆری و سیاسیی (کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)، بە فارسی و کوردی دەردەکرا. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی دوو شەممە ١٩٨١/٦/٢٢ (١ی تیر ١٣٦٠) و دووەم ژمارەی لە ڕۆژی شەممە ١٩٨١/٨/١ (١٠ی مرداد ١٣٦٠) دا دەرچووە. {پاش ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوونە چەند باڵێکەوە، ئێستا باڵێکیان بەناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) بەردەوامە لە دەرکردنی گۆڤاری پێشڕەو چ بە فارسی و چ بە کوردی. هەتاکو مانگی سێپتێمبەری ٢٠٠٥ (پێشڕەو)ی کوردی ژمارەکانی گەیشتووەتە ٢١١، هەروەها لەم دەورەیەدا دوو ژمارەشی بە فارسی لێدەرچووە}.
(*) گۆڤاری پێشەنگ:
(*) گۆڤاری جیهان: یەکێتی کۆمۆنیستەکانی ئێران (سەربەداران) بە فارسی دەریدەکرد. لە هەندێک ژمارەیدا وتار و شیعری کوردیش بڵاودەکرانەوە.
(*) گۆڤاری دەنگی ژنانی کوردستان: تەشکیلاتی ژنانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لقی مەهاباد دوو ژمارەی لێدەرکردوە، ژمارە ٢ی لە ڕێبەندانی ١٣٥٨ (جێنیوەری ـ فێبروەری ١٩٨٠) دا دەرچووە.
(*) گۆڤاری هاواری نیشتمان: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریکردوە، ژمارە ٣ی

لە ڕەشەمەی ١٣٥٨ (فێبروەری ـ مارس ١٩٨٠) دا دەرچووە.
(*) گۆڤاری دەنگی کورد: کۆمیتەی تارانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە نهێنی لە تاران چاپدەکرا. ژمارە١ بەهاری ١٩٧٩ و ژمارە ٤ ئۆگوستی ١٩٧٩ دەرچووە.
(*) گۆڤاری شەهید: کۆمیتەی شارستانی بانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵانی ١٩٧٩ ـ ١٩٨١ دەرچووە.
(*) گۆڤاری زانیاریی پێشمەرگە: کۆمیتەی شارستانی سنەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣٥٨ . ٤ ژمارەی لێدەرکراوە.
(*) گۆڤاری گەلاوێژ: مەهاباد، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریکردوە.
(*) گۆڤاری دەنگی لاوان: مەهاباد، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی ١٩٨٠ دەرکراوە.
(*) گۆڤاری نەکەرۆز: کۆمیتەی شارستانی سەقزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نزیکی ١٠ ژمارەی لێدەرکراوە. ١٩٨١ ـ ١٩٨٢.
(*) گۆڤاری کێلە شین: کۆمیتەی شارستانی شنۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژ ١ زستانی ١٣٦٠، ١٠ ژمارەی لێدەرکراوە. یەکەم ژمارەی بە ناوی (ڕەندۆڵ) دەرکرا و دواتر ناوەکەی بووە کێلە شین.
(*) گۆڤاری یەکێتی: کۆمیتەی شارستانی نەغەدەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەتای ١٩٨١، ١٠ ژمارەی لێدەرکراوە.
(*) گۆڤاری ڕوانگەی لاوان: بانە، لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٩٨١.
(*) گۆڤاری هەواڵنامەی پلێنگ: کۆمیتەی شارستانی پیرانشاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ٦ژ، ١٩٨٢ ـ ١٩٨٣.
(*) گۆڤاری ئارارات: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ٤ ژمارەی لێدەرکراوە.
(*) گۆڤاری تەرەغە: کۆمیتەی شارستانی بۆکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
(*) ڕێگای گەل: ئۆرگانی شاخەی کوردستانی سازمانی فیدائی، ساڵانی ١٩٨١ ـ ١٩٨٣ سەرەتا لە شاری سنە و پاشان لە شاخ دەرکراوە.
(*) ڕۆژنامەی مەردم: ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران بوو، بە کوردی لە تاران دەدەکرا. ئەو وتار و بابەتە سیاسییانەی کە لە ڕۆژنامەی «نامەی مەردم»ی ئۆرگانی حیزبی تودەی ئێران (بە فارسی) دەنوسران، دەکرانە کوردی و لەوێدا بلاودەکرانەوە. هەروەها وردە هەواڵ و هەندێک بابەتی ئەدەبییشی تیادا بڵاودەکرایەوە. یەکەم ژمارەی ڕۆژی سێ شەممە ١٩٧٩/١٠/٢٣ دەر کراوە. ژمارە ٢١ی لە ڕۆژی یەک شەممە ١٩٨٠/٦/٨ دا دەرکراوە. لە سەر ژمارەکانی سەرەتای تەنها (مەردم) نوسراوە، بەڵام لە ژمارەکانی دواییدا ناوەکەی

بووەتە (نامەی مەردم). سەرجەم (٦١) ژمارەی لێدەرچووە. حەسەنی قزڵجی و حەسەنی ماوەرانی و چەند شەعیر و نووسەرێکی دیکە تیایاندا نووسیوە. حەسەنی قزڵجی بەشی زۆری کارەکانی ئەنجام داوە.

## کورتەیەکی بیۆگرافیی سوارەی ئێلخانیزادە

سوارە کوڕی ئەحمەد ئاغا، کوڕی حاجی بابیز ئاغای ئێلخانیزادەیە. ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی تورجان (کە دەکەوێتە نزیک شاری بۆکان) لە دایکبوە. هێشتا منداڵ دەبێت کە عیسمەت خانمی دایکی کۆچی دوایی دەکات. هەر لەو دەمەداماڵیان بۆ گوندی قەرەگوێز دەگوێزنەوە. لەوێ باوکی ژنێکی دیکە دەهێنێت. ئەو ژنە بۆ سوارە و خوشک و براکەی وەک دایکی ڕاستەقینە وادەبێت. هاوینی ساڵی ١٩٥٤ لە قەرەگوێزەوە بۆ بۆکان باردەکەن و لەوێ نیشتەجێ دەبن. لە پاییزی ئەو ساڵەدا سوارە دوچاری نەخۆشییەکی سەخت دەبێت و سێ ساڵ لەجێدا دەیخات. کاتێک دەکەوێتەوە سەرخۆی، سوارەکەی جاران نامێنێت و لاواز و بێهێز دەبێت. بەو حاڵەشەوە بەردەوام دەچێتە قوتابخانە و چەند ساڵ لە بۆکان دەخوێنێت. پاشان دەچێتە تەورێز و لەوێ درێژە بە خوێندن دەدات. ساڵی ١٩٦٢ بڕوانامەی دیپلۆم وەردەگرێت و بەشداریی تاقیکردنەوەی زانکۆی تاران دەکات. سەرەنجام لە کۆلێژی حقوق لە بەشی قەزایی وەردەگیرێت. لەو سەروەختەدا کۆمەڵێک ڕوناکبیری کورد لە ڕیزی ڕێکخراوێکی نهێنیی بەناوی «یەکێتی خوێندکارانی کورد لە زانستگاکانی ئێران» تێدەکۆشن. سوارەش وەک خوێندکارێک و وەک کوردێکی خاوەن هەڵوێست و چالاک دەبێتە ئەندام تیایدا. هەر لەو دەمەدا لەگەڵ کیژێکی ئازەری نیشتەجێی شاری بۆکان بە ناوی «ڕوقیا» کە چەند ساڵ ئەویندارى یەکتر بون، خێزان پێکدەهێنن و بەرهەمی ئەو هاوسەرییە کوڕێک دەبێت بەناوی «بابەک».

ساڵی ١٩٦٣ سمایلی شەریف زادە و سوارە و دەستەیەک خوێندکار و لاوی کورد شێلگیرانە تێدەکۆشن لەپێناو دامەزراندنی ڕێکخراوێکی خوێندکاریی چەپ و شۆڕشگێڕ و جموجوڵێکی گەرم دەستپێدەکەن.

بەدرێژایی ئەو ساڵانەی کە لە زانکۆ دەخوێنێت، مامەکانی بەگشتی و حاجی ڕەحمانی ئێلخانی زادە و سەعدی موهتەدی بەتایبەتی یارمەتی دەدەن. هەروەها ئامۆزایەکی لە خۆی بەتەمەنتری بەناوی «حەسەن» بەردەوام دەستگیرۆیی دەکات و ناهێڵێت دەستەنگیی پێوە دیاربێت.

ڕۆژی ١٩٦٤/٣/٢٠ حکومەتی حەمە ڕەزاشا شاڵاوی گرتن و زیندانی کردنی تێکۆشەران دەستپێدەکات و نزیکەی ١٥٠ لاوی ڕوناکبیر و تێکۆشەری کورد بە تۆمەتی هاوکاریی لەگەڵ (حیزبی دیموکراتی کوردستان) دەگرێت و دەیانخاتە زیندانی «قزل قلعه»وە. سوارەش بەر ئەو شاڵاوی ڕەشبگیرییە دەکەوێت. ئەگەرچی ئەو بەلەش نەخۆش و لاواز دەبێت، بەڵام دلێرانە شەش مانگ خۆی ڕادەگرێت و ئەشکەنجە و ئازار ورەی پێ بەرنادات. تا سەرنجام هیچی لەسەر ئیسپات نابێت و ئازاد دەکرێت. کاتێک لە زیندان دێتە دەرێ، دەچێتەوە زانکۆ و خوێندنەکەی درێژەپێدەداتەوە. ساڵی ١٩٦٨ خوێندنی زانکۆ تەواودەکات. هەر لەو دەمەدا لە بەشی کوردی ڕادیۆی تاران وەک کارمەند دادەمەزرێت. لەو ڕادیۆیەدا بەرنامەیەکی ئەدەبی

و ڕۆشنبیریی بەناوی «تاپۆ و بومەلێڵ» پێشکەش دەکات. ئەو بەرنامەیە گوێگرێکی زۆری دەبێت و بەو بۆنەیەوە سوارە لەنێو توێژێکی بەرینی خەڵکی کوردستاندا دەناسرێت.
بەشی زۆری تەمەنی سوارە ململانێ دەبێت لەگەڵ نەخۆشیدا. ئەوەندەی کە لە بیماری و لەشبەباریدا دەژی، ئەوەندە لەشی ساغ و ئاسودە بەخۆیەوە نابینێت. بەڵام سەرباری ئەو ژیانە سەخت و ناهەموارە، هەردەم ورەبەرز و بە بیروباوەڕ دەبێت.
ڕۆژی ١٩٧٦/١/١٢ لەکاتێکدا کە سوارە بەرەو ماڵ دەڕواتەوە، ئوتومبیلێک لێیدەدات و دەیخات. بەڵام ئەو پێی وادەبێت کە ئازارێکی کەمی گەیشتوە و هیچی لێنەهاتوە. ئیدی دەیبەنەوە ماڵەکەی خۆی. وردە وردە ئازاری لەشی زیاد دەکات. پاش دو ڕۆژ دەیبەنە خەستەخانەی «میساقیە»ی تاران. کاتێک دوکتۆر لێیدەکۆڵێتەوە، دەڵێت توشی زەردویی بوە. دواتریش گومانی نەخۆشی سەرەتانی لێدەکەن. بۆیە بڕیار دەدەن کە نەشتەرگەریی بۆ بکەن. بەڵام بەرگەی نەشتەرگەرییەکە ناگرێت و ڕۆژی چوارشەممە ١٩٧٦/١/١٤ دڵی لەلێدان دەکەوێت. ڕۆژی دواتر کۆمەڵێک لە خزمان و دۆستان و ڕوناکبیرانی کوردی تاران، تەرمەکەی بۆ بۆکان دەبەنەوە و لە مەراسیمێکی پڕ ڕێز و شکۆدا لە گۆڕستانی گوندی حەمامیان دەینێژن.
ئەگەرچی سوارە زیاتر وەک شاعیر ناودەردەکات، بەڵام لە ڕاستیدا دەستێکی باڵای لە پەخشان و وتاری ئەدەبی و چیرۆک و شانۆنامەنوسینیشدا دەبێت و گەلێک بەرهەمی ناوازە و سەنگین دەنوسێت، کە بەشی زۆریان تا ئێستاش بە دەستنوسیی ماونەتەوە. بەرهەمەکانیشی بەناوی «سوارە، ئازاد و پ. ئەهورا»وە بڵاودەکاتەوە.

دووی ڕێبەندان

سوارە

بیرەوەریی دووی ڕێبەندان
دەمخاتە سەر بەستە و بەندان
ڕێبەندانی ڕێنوێنە
لە داگیرکەر سەرشێوێنە
هەڵات هەڵات لە هەموو دیاران
پێ پلیکەی دێو، تەختی تاران
دوژمنی کورد جێ پێی لێژە
با بگێڕین گەڕەلاوێژە
* * *
هۆ هۆ شوانە
بە نەغمەی تەڕ و پاراووت

به بلوێری له خەم و دەردا سووتاوت
باروژێنه گیانی خەوتووی گەزیزەی هەرد
به (سوارۆ)ێک، به (حەیران)ێک، دامرکێنه بڵێسەی دەرد
* * *
هۆ هۆ جووتێر چەوساوەی خەمان
خاڵه! ڕێبواری خەیاڵت نیشتەجێ بوو
خەمان نەمان
به ئارەقی نێو چاوانی بەرز و تەرزی کرێکارانت
چناری هیوا باشین بێ
له کۆزی ڕووی دەردەدارانت
ئەی کچی جوان!
ئەی یەزدانی داوێن پاکی!
دیلانی بگێڕه
بەسەر چوو
دیلی و زەلیلی و خەمناکی
ئەو هەوری یەی له دەوری دارت پێچاوه
له دەوری دەستت هاڵێنه
به دەم سووڕانی سەماوه
شایی دەگەڕێ له دێیان
گیان هاتوەته ئاسۆی گوێیان
دیلان دەگەڕێ له هەموو ماڵان
پیرۆزبایی له هاواڵان
* * *

. . . ڕێبەندان!
بەو زستانەم دڵ بەهاره
له هەموو سنووران هاواره
له دوژمنان ڕێبەندانه
بۆ کوردەواری گۆوەندانه
شایی نەدار و هەژاره
ئەوجار هەژار خۆی سەرداره
* * *
مەڵبەند بەهاری تێزاوه
«قازی» مەزن هەروەک کاوه

هێزی کۆمەڵی لەپشتە
هەودای خاوی هیوا گشتە
قورینگ چلـەی زستان دەبڕن
چاویان لە کوردستان دەبڕن
بە پۆل گوڵی لە شەتاوان
دەخەملێنن دەم چۆماوان
بیستوومە لە کۆنەپیاوان
سەرگوریشتەی خاوەن ناوان:
«لە سەخڵەتا خۆشیی دیارن
هەر زۆرە کوژەی زۆردارن»
نەزیلـەی باپیران وایە
«شەو بۆ مێردان وەک قەڵایە»
* * *
شەوەی شەو لەشی گوشیبووین
ڕێبەندان ڕێگای تەنیبووین
گیانمان خارا بە دەرد و ئێش
ڕێگای ئازادین گرتەپێش
پاش چەند ساڵ لە نوور دووریمان
هەڵبوو چرای جەمهووریمان
* * *
با بگێڕین زەماوەندێ
با بۆتان بڵێم سەربەندێ
ئەوجار چینی فەلا و کرێکار
قەت ناڵێین خۆزگەمان بەپار
دەری هاویت تۆ ـ وی دژی
ڕەنجبەر بژی
بژی
بژی
تاران ـ ڕێبەندانی ١٩٦٨

سەرچاوە: گۆڤاری ڕووناکی، ژمارە ٢٩٠، ١٩٦٩/١٠/٣، لاپەڕە ١٩. {شیعرەکەم وەک خۆی نوسیوەتەوە، تەنها ئەوەندە هەیە کە لەجێی پێویستدا لەجیاتی (و، ر، ل، ی) کە دەبوایە بەشێوەی قەڵەو بنوسرێن، کردومن بە (ۆ، ڕ، ڵ، ێ). هەروەها لە شوێنی زۆر پێویستدا نەبوبێت، دەستکاریی ڕێنوسەکەیم نەکردوە}.

چەند ڕونکردنەوەیەک:
١ـ ئەوەندەی من ئاگادارم شیعری «دووی ڕێبەندان» لە چەند گۆڤار و ڕۆژنامە و چەند ماڵپەڕی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام هیچ کامیان لەم تێکستەی «گۆڤاری ڕووناکی» ناچن و گەڵێک وشە و دەستەواژەیان جیاوازیی هەیە و چۆنێتیی دابەشکردنی شیعرەکەش بەسەر دێڕەکاندا وەک یەک نین!
هەروەها سەرنجمداوە ئەو تێکستانەش کە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا بڵاوکراونەتەوە، لەناوخۆشیاندا جیاوازییان هەیە! نەک هەر لەگەڵ ئەمەی لای من!
٢ـ جێی سەرنجە شیعری «دووی ڕێبەندان» لە دیوانی «خەوە بەردینە»دا چاپ نەکراوە. هەروەها دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە (٥)ی بڵاوکراوەی «ڕۆڤار» کە لە ٢٠٠٠/١/٥ دا دەرکراوە، بۆ سوارەی ئێلخانیزادەی تەرخانکرد، بەڵام لەوێشدا ئەم شیعرە هەر بڵاونەکرابووەوە.
٣ـ سوارە شیعرەکەی لە ڕێبەندانی ١٩٦٨ دا نوسیوە و پاش نزیکی نۆ مانگ لە »گۆڤاری ڕووناکی»دا بڵاوکراوەتەوە. بەڵام لە ڕێگای پۆستەوە یان بەدەستیی بۆ گۆڤارەکەی ناردوە؟ ئەمە لای من ڕۆشن نییە!
٤ـ لە ١٩٦٨/١٠/١٢ دا پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی مەکتەبی سیاسی) لە بەغداد ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی بەناوی «النور ـ ڕووناکی» بە زمانی عەرەبی دەرکرد. «خاوەنی ڕۆژنامەکە: حیلمی عەلی شەریف» و «سەرنوسەرەکەی: پارێزەر عومەر مستەفا» بو. دوا ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە کە من دەستمکەوتوە ژمارە (٣٦٧)ە کە لە ڕۆژی سێشەممە ١٩٦٩/١٢/٣٠ دا دەرکراوە. وەک پاشکۆی ڕۆژنامەکە، دو ژمارە لە شێوەی گۆڤاردا بە زمانی کوردی دەرچوە و بەناوی «ڕووناکی»یەوە بڵاوکراوەتەوە. جێی سەرنجە کە لەسەر هەردو ژمارەکە زنجیرەی دەرچونی ڕۆژنامە عەرەبییەکە لەبەرچاوگیراوە و ژمارەی تایبەتیی بۆ گۆڤارەکە دانەنراوە. یەکەم ژمارەی ئەو گۆڤارە لە ڕۆژی هەینی ١٩٦٩/٥/٢٣ و دوەمین ژمارەی لە ڕۆژی هەینی ١٩٦٩/١٠/٣ دەرکراوە. شیعری «دووی ڕێبەندان»ی سوارە لە دوەمین ژمارەی ئەو گۆڤارەدا، لە لاپەڕە ١٩ دا بڵاوکراوەتەوە.
٥ـ بۆ نوسینی ئەو کورتە بیۆگرافییەی سوارە، سودم لە وتار و لێکۆڵینەوەکانی ژمارە (٥)ی بڵاوکراوەی «ڕۆڤار» کە لە ٢٠٠٠/١/٥ دا دەرکراوە، وەرگرتوە.
ئامادەکردنی: جوتیار تۆفیق هەورامی
سوید ـ ستۆکهۆلم ـ سۆللێنتونا
٢٠٠٦/٥/١٥